**زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر**

Salahaddin University-Erbil

# ڕەنگدانەوە كۆمەڵایەتییەكانی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت لەقۆناغی ئامادەییدا

## (توێژینەوەیەكی مەیدانییە لەشاری هەولێر)

**نامەیەكە**

پێشكەشی ئەنجومەنی كۆلێژی ئەدەبیات كراوە لەزانكۆی سەلاحەددین-هەولێر

وەكو بەشێك لەپێداویستییەكانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەكۆمەڵناسی

لەلایەن

**عمر حمە احمد**

بەكالۆریۆس لەكۆمەڵناسی- زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر-2010

بەسەرپەرشتیاری

**پ.د.صباح احمد محمد نجار**

كوردستان-هەولێر

ئەیلولی 2015

بسم الله الرحمن الرحيم

# ﴿ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ﴾

صَدَقَ الله العَظيم

سورەتی القلم، ئایەتی: 1

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم ئەم ماستەرنامەیە، کەناونیشانەکەی بریتییە لە **(ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی وانەوتنەوەی تایبەت لەقۆناغی ئامادەییدا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر)** هەموی کاری ڕەسەنی تاکەکەسی خۆمە. جگە لەوجێگایانەی کەبەئاشکرا ئاماژەم پێکردووە، هەمو نوسینەکانو ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمەو پێشتر لەهیچ شوێنێك بڵاوم نەکردۆتەوەو پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردووە.

هەواڵنامەی کتێب

واژوو:

ناوی قوتابی: عمر حمە احمد

بەروار:2015/12/1

## پشتگیریو ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لەژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوەو نوسراوە بۆوەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لەپسپۆڕی **(کۆمەڵناسی پەروەردەیی)** من پشتگیری دەکەمو ڕازیم کەبەم شێوەیەی ئێستا پێشکەش بەلیژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

پ.د.صباح احمد محمد نجار                                        واژوو:

/    /2015

پشتگیری دەکەم کە هەمو پێداویستییەکان جێبەجێکراوەو هەروەها ئاماژە بەپشتگیریو ڕەزامەندی سەرپەرشتیار، من ئەونامەیە دەنێرم بۆگفتوگۆ.

واژوو:

ناو: د.ئارام ابراهیم حسین

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

بەروار:    /    /2015

هەواڵنامەی کتێب

پشتگیری دەکەم کەهەمو پێداویستییەکان جێبەجێکراوە، بۆیە ڕازیم کەئەو نامەیە بنێردرێت بۆگفتوگۆ.

بەرپرسی خوێندنی باڵا لەکۆلێژ

واژوو:

ناو: پ.ی.د.احمد میرزا میرزا

بەروار:    /    / 2015

## بڕیاری لیژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەك لیژنەی تاقیکردنەوە، ئەوماستەرنامەیەمان کەناونیشانەکەی بریتی بوو لە: **(ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی وانەوتنەوەی تایبەت لەقۆناغی ئامادەییدا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری هەولێر)** خوێندەوەو قوتابییەکەمان کەناوی **(عمر حمە احمد)** بوو، لەناوەرۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیاردەدەین کەپێداویستی بڕوانامەی ماستەری لەپسپۆڕی **(کۆمەڵناسی پەروەردەیی)** تێدایە.

واژوو:

ناو:

ئەندام

بەروار:

واژوو:

ناو:

ئەندام

بەروار:

واژوو:

ناو:

ئەندام

بەروار:

واژوو:

ناو:

ئەندام

بەروار:

واژوو:

ناو: پ.ی.د.محمد عبداللە کاکە سور

ڕاگری کۆلێژی ئەدەبیات

بەروار:        /   /2015

هەواڵنامەی کتێب

**پێشکەشە بە:**

- دایکم، سەرچاوەی سۆزو سومبولی قوربانیدانو بەخشین.
- باوکم، هێمای ئارامی و دڵسۆزی.
- کەژاڵ، هاوسەری هاندەرو بەردەوامی ژیان.
- ئاکار، دیدار، دیە؛ ئومێدو هیوای دواڕۆژن.
- خوشکو براکانم و هاوسەرەکانیان، وێنەی خۆمیان تیائەبینم.
- هەمو ئەوانەی هیوایان پێ بەخشیم.

**توێژەر**

هەواڵنامەی کتێب

## سوپاس و پێزانین


- ﴿ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِدَيَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَالِحًا تَرْضَاهُ وَأَصْلِحْ لِي فِي ذُرِّيَّتِي إِنِّي تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّي مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ **الاحقاف/15**
- سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیار بەڕێز (پرۆفیسۆر دکتور صەباح احمد نجار) دەکەم کەهەنگاو بەهەنگاو لەسەرجەم قۆناغەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا هاوکارم بووە، ماندوبونەکانی ئەو ئەم توێژینەوەیەی بەم قۆناغە گەیاند.
- سوپاسو پێزانینی خۆم دەردەبڕم بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کەیارمەتیانداوم، چ بەڕاوێژ کردن، یاخود لەجێگیرکردنی پرسیارنامەکەدا. بەڕێزان: پ.د. شەوبۆ عبدالله؛ پ.د.عمرابراهیم ؛ پ.ی.د.سەلیم بطرس؛ پ.ی.د.عبدالله خورشید؛ پ.ی.د.محمد شوانی؛ د.ئارام ابراهیم سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی؛ پ.مارك برای زانکۆی هۆنگ کۆنگ؛ د.ئومێد شوانی؛ کاك هونەرلەبەریتانیا، لە وەرگێرانی پوختەی ئینگلیزییەکەدا هاوکاری کردم.
- سوپاسو پێزانینم بۆئەم بەڕێزانە دەردەبڕم کەبەچەندین کتێبو توێژینەوەی بەنرخ هاوکاریان کردووم: بەڕێزان: پرۆفیسۆر (Mark Bray) لەزانکۆی هۆنگ کۆنگ؛ پرۆفیسۆر (David Baker) لە (Penn State University) دکتۆر ( Zrinka Ristic Dedic) لە (Croatia Institute for Social Research- Zagreb)؛ (پرۆفیسۆردکتور محمد زیاد حمدان)؛ (دکتورجوان اسماعیل) لە هەولێر؛ (مامۆستا حکیم هیرانی) لەبەریتانیا؛ (مامۆستا عبدالرحمن) لەکەنەدا؛ (کاك نەبەز) لەمیسر؛ (کاك جیهاد) لەئەمریکا؛ (کاك سیراون) لەکەلار؛ ستافی (المجلة التربوية جامعة الكويت) .
- سوپاس بۆکارمەندانی کتێبخانەکانی: بەشی کۆمەڵناسی؛ کتێبخانەی کۆلێژی ئاداب؛ کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سەلاحەددین؛ کتێبخانەی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی؛ کتێبخانەی بەشی زانستە پەروەردەیی و دەروونییەکانی کۆلێژی پەروەردە؛ بەهۆی خواستنی کتێبو سەرچاوەوە ماندو بوونو بەشێك لەکاتەکانیانم گرت.

سوپاسی سەرجەم ئەو بەڕێوەبەرو توێژەرو مامۆستاو سەرپەرشتیارو دایکو باوکانە دەکەم کە هاوکاریانکردووم، بۆ دابەشکردنی پرسیارنامەکە بەسەر قوتابییەکانیاندا، چ بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتن بۆئەم توێژینەوەیە. هەروەها سەرجەم ئەومامۆستا دڵسۆزو هاوڕێ خۆشەویستانەم کە یارمەتیانداوم.

**توێژەر**

## پوختەی توێژینەوەكە

وانە وتنەوەی تایبەت یەكێكە لەو دیاردانەی خێزان دەرك بەڕەنگدانەوەكانی ناكات، تائەوكاتەی بەرۆكی دەگرێتو یەكێك لەئەندامانی خێزانەكەی دەگاتە ئەوقوناغە؛ لێرەوە هەست دەكات كە بابەتێك ڕووبەڕوی بۆتەوە لەژیانیدا بیری لێ نەكردۆتەوە!.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆدۆزینەوەی: ئاستی دیاردەكەو هۆكارەكانی بڵاوبونەوەو ڕەنگدانەوەكانی لەشاری هەولێر. میتۆدی وەصفی شیكاری، ڕووپێوی كۆمەڵایەتی بەنمونەو میتۆدی تێكەڵاو و شێوازی (Triangulation Method) لەتوێژینەوەكەدا بەكارهاتووە. نمونەی هەرەمەكی سادەو هەرەمەكی چینایەتی ڕێژەیی و هەرەمەكی ڕێكخراو بەكار هاتووە. قەبارەی نمونەكە بریتییە لە (370) قوتابی پۆلی (12) لەگەڵ قوتابیانی قۆناغی یەكەمی كۆلێژی یاساو كۆلێژی پزیشكی. نمونەی باری جیاواز لەباوانو مامۆستایانی گشتیو تایبەتو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ (30) یەكە وەرگیراوە. یەك پرسیارنامە بەكارهاتووە بۆقوتابیان كەپێكهاتووە لە (76) بڕگە. چاوپێكەوتنی ڕێكخراوی تاكە كەسیو فۆكس گروپ بۆ باوانو مامۆستایانی گشتیو تایبەتو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بەكارهاتووە لەگەڵ چاوپێكەوتنی ناڕێكخراو لەگەڵ قوتابیاندا، كەژمارەیان (23) یەكە بوو.

بۆخشتەبەندیو دەركردنی ئەنجامەكان، سودمان لەهەگبەی ئاماری بۆزانستە كۆمەڵایەتییەكان وەرگرتووە (S.P.S.S) (Statistical Package for Social Science) . ناوەندی ژمێرەییو ناوەندو مینوال. لادانی پێوەری. جیاوازی. لاریو شێوازی چەماوەی پانی. هاوكێشەی پەیوەستی سپێرمان. ناوەندی سەنگكراو. الفاكرونباخ. تاقیكردنەوەی (t.test) . وەك ئامرازی ئامارگری بەكارهاتووە.

ئەنجامەكانی توێژینەوەكە ئاماژە بەفراوانی بڵاوبونەوەی دیاردەكە دەكەن لەنێوقوتابیانی پۆلی (12) لەشاری هەولێر بەڕێژەی (60.81٪) . بەتایبەتیش لەنێوبابەتەكانی بیركاریو فیزیاو كیمیاو زمانی ئینگلیزیدا.

هۆكارەكانیشی زۆرو جۆراوجۆرو بەیەكداچوون. هەریەك لەقوتابیانو مامۆستایانو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕو سیستەمو پرۆگرامەكانی خوێندنو قوتابخانەو خێزانەكان، پشكیان هەیە لەبڵاوبونەوەی دیاردەكەدا، بەتایبەتیش مامۆستایانی تایبەتو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ. وێڕای

مەرجی نمرەی بەرزوو تاقیکردنەوە گشتییەکان بۆچونە نێو کۆلێژە کۆنمرەبەرزەکان، لەئەنجامدا دروستکردنی کێبڕکێ لەنێو قوتابیانو خێزانەکاندا بۆبەدەستهێنانی کورسی خوێندن لەو کۆلێژانە.

ڕەنگدانەوەکانیشی زۆرو جۆراوجۆرنو کاریگەری نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر کرداری پەروەردەو فێرکردن دەبێت؛ هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی نێو ژیانی کۆمەڵایەتیش لاواز دەکاتو دادپەروەری لەنێودەبات، ڕەنگدانەوەی نەرێنی قورسی لەسەرژیانی ئابوری خێزانەکان دەبێت.

گرنگترین پێشنیازەکان کەهەڵقوڵاوی ئەنجامەکانن بۆوەزارەتی پەروەردە بریتین لە: قەدەغەکردنی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ لەوتنەوەی وانەی تایبەتو چالاککردنیان وەك چاودێرێك بەسەر کرداری پەروەردەو فێرکردنەوە؛ کارکردن بە شێوازی پسپۆڕێتیو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرپرسیارێتی لای مامۆستا؛ دانانی سیستمی پاداشتو سزا بۆمامۆستایانو سەرپەرشتیاران؛ هاوکات باشترکردنی بژێوی ژیانیان؛ کەمکردنەوەی پشووەکانو دامەزراندنی مامۆستا بەپێی پسپۆڕێتیو دروستکردنی قوتابخانەی نوێو کەمکردنەوەی قوتابیان لەپۆلدا؛ گرنگیدان بە کاری پراکتیکیو دانانی تاقیگەو کەرەستەی پێویست بۆقوتابخانەکان؛ هوشیارکردنەوەی خێزانەکانو ئاگادارکردنەوەیان لە لایەنە نەرێنییەکانی ئەم دیاردەیە.

پێویستە وەزارەتی پەروەردە بەدوای جێگرەوەیەکدا بگەڕێت بۆبنەبڕکردنی ئەم دیاردەیە، بەکردنەوەی خولی بەهێزکردن بۆقوتابیان، بەجۆرێك ببێت بەجێگرەوەی ئەم دیاردەیە. لەهەمان کاتدا گرتنەبەری ڕێکاری یاساییو ڕێسایی بۆکەمکردنەوەی دیاردەکە بەچالاککردنەوەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە قوتابخانە فەرمییەکاندا.

هاوکات لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان کارلەسەر دەرکردنی یاسایەك بکەن بۆڕێکخستن یاخود قەدەغەکردنی دیاردەکە.

ناوەندی وەرگرتن لەوەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی کارلەسەر دۆزینەوەی شێوازێتربکەنەوە بۆوەرگرتنی قوتابیان لەکۆلێژو پەیمانگاکاندا؛ کە پشت ببەستێت بەچاوپێکەوتنو گرنگیدان بەتواناو خولیای تاکە کەس.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەڵێننامەی قوتابی | II |
| پشتگیریو ڕەزامەندی سەرپەرشتیار | III |
| بڕیاری لیژنەی تاقیكردنەوە | IV |
| پێشكەش | V |
| سوپاسو پێزانین | VI |
| پوختەی توێژینەوەكە | VII-VIII |
| ناوەرۆك | XI-IX |
| لیستی شێوە | XI |
| لیستی خشتەكان | XI-XII |
| لیستی پاشكۆكان | XII |
| پێشەكی | 1-2 |
| **دەروازەی یەكەم/ لایەنی تیۆری توێژینەوەكە** | **3-46** |
| **بەشی یەكەم:ڕەگەزە سەرەكییەكانی توێژینەوەكەودیاریكردنی چەمكەكان** | **3-8** |
| یەكەم: گرفتی توێژینەوەكە Research Statement | 3 |
| دووەم: ئامانجەكانی توێژینەوەكە | 5 |
| سێ یەم:  گرنگی توێژینەوەكە | 5 |
| چوارەم:  بوارەكانی توێژینەوەكە | 6 |
| پێنجەم: دیاریكردنی چەمكەكان | 6 |
| 1- وانە وتنەوەی تایبەت Private Tutoring | 6 |
| 2- مامۆستای تایبەت Private Tutor | 8 |
| 3- مامۆستای فەرمی | 8 |
| **بەشی دووەم: ئاراستەی تیۆریو توێژینەوەكانی پێشوو** | **9-31** |
| باسی یەكەم:  ئاراستەی تیۆری Theory Perspective | 9 |
| تیۆری وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی Investment In Human Capital Theory | 9 |
| 1- سەرهەڵدانی تیۆری سەرمایەی مرۆیی | 11 |
| 2- تیۆرڤانە بەناوبانگەكانی ئەم ئاراستەیە | 12 |
| شولتز (Theodore W. Schultz) | 12 |
| بیكەر (Gary S. Becker) | 13 |
| مینسەر (Jacob Mincer) | 14 |
| هەندێك لە گریمانەكانی ئەم تیۆرە | 15 |
| پوختەی تێڕوانینی ئەم ئاراستەیە | 16 |
| باسی دووەم: توێژینەوەكانی پێشوو Background Review Study | 17 |
| یەكەم/ توێژینەوەی عەرەبی | 17 |
| دووەم/ توێژینەوەی بیانی | 21 |
| سێ یەم/ بەراوردكردنی توێژینەوەكانی پێشوو بەم توێژینەوەیە | 30 |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی سێ یەم: دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت** | 32-46 |
| یەکەم/ مێژووی وانە وتنەوەی تایبەت | 32 |
| دووەم/ وانە وتنەوەی تایبەت وەك دیاردەیەکی جیهانی | 33 |
| سێ یەم/ هۆکارەکانی بڵاو بوونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت | 38 |
| 1- هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابی | 38 |
| 2- هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستا | 38 |
| 3- هۆکارەکانی پەیوەست بەخێزان | 39 |
| 4- هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابخانە | 40 |
| 5- هۆکارەکانی پەیوەست بەسیستەمو پرۆگرامەکانی خوێندن | 40 |
| چوارەم/ ڕەنگدانەوەکانی وانە وتنەوەی تایبەت | 42 |
| 1- لەسەر قوتابی | 42 |
| 2- لەسەر مامۆستا | 43 |
| 3- لەسەر خێزان | 43 |
| 4- لەسەر کرداری خوێندنی گشتی | 44 |
| 5- لەسەر دادپەروەری | 44 |
| پێنجەم: کاریگەری وانە وتنەوەی تایبەت لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان | 46 |
| **دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە** | 47-109 |
| **بەشی چوارەم: میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێوشوێنەکانی** | 47-59 |
| میتۆدی توێژینەوەکە | 47 |
| قۆناغەکانی میتۆدی وەصفی شیکاری | 47 |
| 1- کۆمەڵگای توێژینەوەکە | 47 |
| 2- نمونەکانی توێژینەوەکەو قەبارەیان | 48 |
| 3- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری | 50 |
| یەکەم/ پرسیارنامە Questionnaire | 50 |
| مەرجە سایکۆ سۆسیۆمەترییەکانی پرسیارنامە | 51 |
| 1- ڕاستێتی Validity | 51 |
| أ- ڕاستێتی ڕوکەش Face Validity | 51 |
| ب- ڕاستێتی بنیادی Construct Validity | 51 |
| 2- جێگیری Reliability | 55 |
| أ- جێگیری بەڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە Test Retest | 55 |
| ب- چونیەکی ناوخۆیی (الاتساق الداخلی) Internal Consistency | 56 |
| ڕونی بڕگەکانی پرسیارنامە | 56 |
| دووەم/ چاوپێکەوتنی ڕێکخراو (مقنن) Structured Interview | 56 |
| سێ یەم/ چاوپێکەوتنی نارێکخراو(سەرپێیی) Unstructured Interview | 57 |
| چوارەم/ چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ Focus group interviews | 57 |
| 4- کەرستە ئامارگرییە بەکارهاتووەکان | 57 |
| تایبەتمەندییە ئامارییە وەسفییەکانی نمونەی توێژینەوەکە | 59 |
| **بەشی پێنجەم: خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکان** | 60-109 |
| باسی یەکەم/ تایبەتمەندی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە | 60 |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| باسی دووەم/ گفتوگۆکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکان، دەرەنجامەکان | 64 |
| یەکەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە | 64 |
| ئامانجی یەکەم/ زانینی ئاستی وتنەوەی وانەی تایبەت لەشاری هەولێر | 64 |
| ئامانجی دووەم/ زانینی ئەو وانانەی کە زۆرترین خواستیان لەسەرە | 65 |
| ئامانجی سێ یەم/ زانینی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت | 66 |
| هۆکارەکانی پەنابردن بۆ وانەی تایبەت لەلایەن قوتابیانەوە | 67 |
| هۆکارەکانی پەیوەست بەمامۆستایانی تایبەت | 70 |
| هۆکارەکانی پەیوەست بەمامۆستایانی فەرمی لەقوتابخانەی | 74 |
| هۆکارەکانی پەیوەست بە سیستمو پرۆگرامەکانی خوێندن | 79 |
| هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابخانە | 83 |
| هۆکارەکانی پەیوەست بەخێزان | 86 |
| ئامانجی چوارەم/ ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەکە لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی | 90 |
| پەیوەندی هۆکارە لاوەکی وسەرەکییەکانی نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکە | 100 |
| دووەم/ دەرەنجامەکان، پێشنیازو ڕاسپاردەکان | 102 |
| 1- پوختەی دەرەنجامەکان | 102 |
| 2- ڕاسپاردەکان | 107 |
| 3- پێشنیازەکان | 109 |
| سەرچاوەکان | R110-119 |
| پاشکۆکان | A12125-0 |
| پوختە بەزمانی ئینگلیزی | a-b |


## لیستی شێوە


| شێوە | لاپەڕە |
| --- | --- |
| شێوەی (1) دابەشبونی سروشتی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە | 59 |


## لیستی خشتەکان


| ژ.خشتە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 1 | کۆمەڵگای توێژینەوەکە | 48 |
| 2 | قوتابخانە و نمونەی وەرگیراو | 49 |
| 3 | چۆنیەتی نمونەی وەرگیراو لە کۆلێژی یاساو پزیشکی | 49 |
| 4 | بۆچونی شارەزایان سەبارەت بە (شیاوی و نەشیاو)ی بڕگەکانی پێوەری تایبەت بەتوێژینەوەکە | 51 |
| 5 | پەیوەستی هەربڕگەیەك بە بابەتی توێژینەوەکەوە | 52 |

| ژ.خشته | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| 6 | پەیوەستی بڕگەکان بە تەوەرەکانەوە | 53 |
| 7 | چۆنێتی دەرهێنانی جێگیری پرسیارنامە | 55 |
| 8 | جێگیری ناوخۆیی هەرتەوەرێك | 56 |
| 9 | دابەشکردنی سروشتی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە | 59 |
| 10 | ڕەگەزی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە | 60 |
| 11 | لقی زانستیو وێژەییو جۆری کۆلێژ | 60 |
| 12 | ئاستی گوزەرانی خێزان | 61 |
| 13 | ئاستی خوێندەواری باوان | 62 |
| 14 | پیشەی باوان | 63 |
| 15 | ئاستی دیاردەکە بەرێژە لەشاری هەولێر | 64 |
| 16 | ئاستی وانە وتنەوەی تایبەت لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە | 65 |
| 17 | تاقیکردنەوەی(ت) بەبەراوردکردنی ناوەندیگریمانەکراو وناوەندی ژمێرەیی پێوەر | 65 |
| 18 | ئەو بابەتە دیاری دەکات کە زۆرترین خواستی لەسەرە | 66 |
| 19 | هۆکارەکانی پەنابردن بۆ وانەی تایبەت لەلایەن قوتابیانەوە | 67 |
| 20 | هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستای تایبەت | 71 |
| 21 | هۆکارەکانی تایبەت بە مامۆستایانی فەرمی لەقوتابخانەکان | 75 |
| 22 | ئەو مامۆستایانەی کەوانەی تایبەت بەقوتابیان دەڵێن | 77 |
| 23 | هۆکارەکانی پەیوەست بەسیستەمو پرۆگرامەکانی خوێندن | 80 |
| 24 | هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابخانە | 83 |
| 25 | هۆکارەکانی پەیوەست بەخێزان | 87 |
| 26 | ڕەنگدانەوەکانی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت | 90 |
| 27 | خەرجییەکان بۆ وانەی تایبەت | 91 |
| 28 | شێوەکانی وانە وتنەوەی تایبەت | 92 |
| 29 | کاتەکانی وەرگرتنی وانەی تایبەت | 97 |
| 30 | سروشتی پەیوەندییە نێوخۆییو گشتییەکانی نێوان تەوەرەکان | 101 |


## لیستی پاشکۆکان


| ناونیشانی پاشکۆ | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پاشکۆی (1) شێوەی کۆتایی پرسیارنامەکە | A120 |
| پاشکۆی (2) ناو و پلەی زانستیو شوێنی کاری شارەزایان | A125 |
| پاشکۆی (3) پرسیارەکانی چاوپێکەوتن | A125 |


هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەكی

لەكاتێكدا كۆمەڵناسی پەروەردەیی گرنگی دەدات بەكاریگەری كرداری پەروەردەو فێركردن لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتیو بەپێچەوانەشەوە، وەك گواستنەوەی كولتور لەنەوەیەكەوە بۆنەوەیەكی ترو بەهاكۆمەڵایەتییەكانو پەروەردە نیشتیمانیو ئایینییەكان؛ لەرێگەی كردارە فێركاریو پەروەردەییەكانی وەك پرۆگرامو سیستمی خوێندنو كارلێكی كۆمەڵایەتی نێوپۆلو ژینگەی قوتابخانەكانەوە... كاتێك یەكێك لەم لایەنانە توشی كەموكورتیو گرفتداری بویەوە، لایەنەكانی تریش پەلكێشی خۆی دەكات وەك ئەندامانی جەستەی مرۆڤ.

بڵاوبونەوەو فراوانی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت، لێدانی زەنگی كەموكورتییە لە كرداری پەروەردەو فێركردندا؛ سەرجەم كایەكانی تری كرداری خوێندن دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم دیاردەیە لەگەڵ ئەوەی خاڵی ئەرێنی هەیە، بەڵام ئەوەندە خاڵی نەرێنی هەیە كە بەتەواوی خاڵە ئەرێنییەكانی دەشارێتەوە.

وانە وتنەوەی تایبەت لەهەر ناوچەو قوتابخانەیەك هەبێت نیشانەی لاوازی خوێندنی فەرمیو دامودەزگا پەروەردەییو فێركارییەكانە، دارێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی دێنێتە سەرخەتو هەوڵی چارەسەركردنی گرفتەكەدەدەن.

ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لەهەرێمی كوردستان بەشێوەیەكی بەرچاو هەستی پێدەكرێت، بەڵام تائێستا هەست بەهەوڵو تەقەلایەك نەكراوە بۆلەقاڵبدانو كەمكردنەوەی كاریگەرییەكانی لەسەردامەزراوە فێركاریو پەروەردەییە فەرمییەكان. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆدەستنیشانكردنی هۆكارەكانی پەنابردن بۆ وانەی تایبەتو ڕەنگدانەوەكانیو ڕێگەكانی چارەسەركردنی.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو دەروازەی سەرەكی پێكدێت، دەروازەی یەكەمیان تایبەتە بەلایەنی تیۆری توێژینەوەكە، كە لەسێ بەش پێكدێت، بەشی یەكەمی توێژینەوەكە تایبەتكراوە بە ڕەگەزە سەرەكییەكانی توێژینەوەكەو دیاریكردنی چەمكەكان، كە پێكهاتووە لە گرفتی توێژینەوەكەو ئامانجەكانیو گرنگیو بوارەكانیو ناساندنی چەمكەكان؛ بەشی دووەم لەدووباس پێك دێت، باسی یەكەم تایبەتكراوە بەئاراستە تیۆرییەكان، تێیدا تیۆری وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی خراوەتەڕوو؛ باسی دووەم تایبەتكراوە بە توێژینەوەكانی پێشوو، كەتیایدا ژمارەیەك توێژینەوەی عەرەبیو بیانی خراوەتە ڕوو.

بەشی سێ یەم، تایبەتکراوە بەخودی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت، وەك: مێژووی وانە وتنەوەی تایبەت، وانە وتنەوەی تایبەت وەك دیاردەیەكی جیهانی، هۆكارەكانی بڵاوبونەوەو ڕەنگدانەوەكانی لەسەر ڕەهەندە جیاوازەكانی ژیانی كۆمەڵایەتی.

دەروازەی دووەم بریتییە لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەكە، بەشی چوارەم تایبەتە بە میتۆدی توێژینەوەكەو ڕێوشوێنەكانی، تیایدا جۆری میتۆدی توێژینەوەو هەنگاوەكانی وەك: كۆمەڵگەو چۆنیەتی دیاریكردنی نمونەو قەبارەكەیو ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاریو كەرەستە ئامارگرییەكان خراوەتەڕوو؛ بەشی پێنجەم تایبەتكراوە بەخستنەڕوو شیكردنەوەی زانیارییەكان، كەتیایدا ئەنجامەكانی توێژینەوەكەو شیكردنەوەیان خراوەتەڕوو؛ دواتر لەسەربنەمای ئەنجامەكانی توێژینەوەكە كۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز خراوەتەڕوو.

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازەی یەکەم:

## لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی یەکەم:

## ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەو دیاریکردنی چەمکەکان

یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە

دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

سێ یەم: گرنگی توێژینەوەکە

چوارەم: بوارەکانی توێژینەوەکە

پێنجەم: دیاریکردنی چەمکەکان

# بەشی یەکەم

## ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەو دیاریکردنی چەمکەکان

لەم بەشەدا گرفتی توێژینەوەکە، ئامانجەکان، گرنگیو بوارەکانی توێژینەوەکەو هەوڵی ناساندنی چەمکەکان دەدەین، کە بۆهەرتوێژینەوەیەك بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەڕوی زانستیو تێگەیشتن لەهەنگاوەکانی دواتر.

**یەکەم: گرفتی توێژینەوەکە Research Statement:**

دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت، یەکێکە لەدیاردە پەروەردەیی، کۆمەڵایەتیو ئابورییەکان؛ کاریگەری لەسەر تاكو خێزانو کۆمەڵگەو دامەزراوەکانیش هەیە، کاریگەرییەکانیشی فرەڕەهەندە. بەپێی توێژینەوە نێودەوڵەتییەکان، ئەم دیاردەیە لەهەڵکشانو بەرزبوونەوەدایە، بەرۆکی زۆربەی ئەوخێزانانەی گرتووە کە منداڵەکانیان لەقوتابخانە دەخوێنن.

سەرەڕای باشییەکانی، ڕەنگە یارمەتی قوتابی بدات بۆبەرزبونەوەی نمرەی بەرزو سەرمایەی زانینیان (برای، 2012، ص: 2009/13). لەهەمانکاتدا کاریگەرییە نەرێنییەکانی مەترسیدارو شاراوەیە، تەنها ڕەنگدانەوەی نابێت لەسەر کولتور، بەڵکو دەبێتەهۆی زیانگەیاندن بەلایەنی ئابوریو دەرونیو کۆمەڵایەتی تاكو کۆمەڵگە (الصالحي *وآخرون*، 2009، ص:3).

ئەم دیاردەیە بەجۆرێك بڵاوبوویەوە، سەرنجی ڕێکخراوە پەروەردەییە نێودەوڵەتییەکانی ڕاکێشا. ئەوەبوو (پەیمانگەی نێودەوڵەتی بۆپلانی پەروەردەیی) سەربەیونیسکۆ لەساڵی (1999) یەکەمین توێژینەوەی نێودەوڵەتی بڵاوکردەوە لەسەر ئەم دیاردەیە (Bray *et al.* 2013, P.1). کەپرۆفیسۆر (مارك براي) ئەنجامی دابوو، لەوکاتەدا گرنگییەکی زۆری پێدرا لەلایەن زانایانو پسپۆڕانەوە؛ هەرلەوتوێژینەوەیەدا توێژەر داوایکرد توێژینەوەی زیاترلەوبارەیەوە بکرێت (برای، 2012، ص: 2009/1). بەمەبەستی دەستنیشانکردنی کاریگەرییەکانیو لایەنە ئەرێنیو نەرێنییەکانیو ڕێگەکانی چارەسەرکردنی دیاردەکە.

ئەم گرفتە لەزۆرێك لەوڵاتان بووە بەدیاردەیەکی خراپی بازرگانی. گەیشتۆتە بڵندترین ئاستی خراپیو گەندەڵی، مامۆستاکان داوا لەقوتابییەکانیان دەکەن بچن وانەی تایبەت وەربگرن!، بەجۆرێك مامۆستا دەڵێت:"من نیوەی وانەکانتان پێ دەڵێم لەقوتابخانەی فەرمی، بۆ تەواوکردنی نیوەکەی تری وەرن بۆماڵەوە!" (Dang, 2007, p.685; Bray 2012). هەرئەمەش وایکردووە

لەکەمبۆدیا بەمامۆستای تایبەت بڵێن:" مامۆستای گەندەڵ"Teacher Corruption" ( Dawson, 2010, p.15).

توێژینەوەکانی ئەم بوارە ئاماژەبەوەدەکەن وانەی تایبەت دیاردەیەکی ئاڵۆزە، لەئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆرو بەیەکداچوو سەرهەڵدەدات؛ لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆکۆمەڵگەیەکی دیکەو لەقۆناغێکەوە بۆقۆناغێکی ترو لەقوتابخانەیەکەوە بۆقوتابخانەیەکی دیکە لەهەمان ناوچە دەگۆڕێت. ئاماژە بەوەشدەکەن هۆکارەکانی زیاتر پەروەردەییو کۆمەڵایەتیو ئابوریو کەسییە. (البوهيو السادة، 1994، ص:20).

لەگەڵ ئەوەی وانە وتنەوەی تایبەت بەدرێژایی سەدەکانی ڕابوردوو هەبووە، بەڵام لەتوێژینەوە زانستییەکاندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، لەبەرئەوەی نەبوبوو بەدیاردە. لەساڵی (1990) لەگەڵ سەرهەڵدانەی دیاردەی بەجیهانی بوون، بووبەمایەی گرنگی پێدانی زانایانو پسپۆڕانی بواری دیاردەکۆمەڵایەتیو پەروەردەییو ئابورییەکان.

لەهەرێمی کوردستانیش لەقۆناغەکانی پێشووتردا بەشێوەیەکی کەم ئەم دیاردەیە هەبووە، بەڵام بەمشێوەیەی ئێستاو لەئاستی گشتی کۆمەڵگەدا نەبووە، بەڵکو لای بنەماڵە سیاسی و دەستڕۆیشتووەکان زیاتر هەستی پێکراوە. لەدوای ساڵی (2003)[*]وە دوای کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردی بەڕوی وڵاتانی جیهاندا؛ دەرکەوتنی گرنگی خوێندنو بڕوانامە لەبواری کارو ژیانداو چڕبونەوەی زیاتری دانیشتوانو قوتابخانە میرییەکان، باشبونی گوزەرانی دانیشتوانو سەرهەڵدانی قوتابخانەی تایبەت و نمونەیی. خێزانەکان بۆبەدەستهێنانی نمرەی باشتری منداڵەکانیان، یاخود بەهۆی کاریگەری لاسایی کردنەوەوە! پەنایان برد بۆمامۆستای تایبەتو قوتابخانەی تایبەتو ئەهلی. بەبێ ئەوەی ئەم کردارە بخرێتە ژێر چاودێرییەکی توندی دامەزراوە پەروەردەییە فەرمییەکانو هەڵسەنگاندنی بۆبکرێت، بەکردارێکی چۆنایەتی بەرزدا تێپەڕێتو سەرجەم پێویستییە زانستیو ئەکادیمییەکانی تێدا فەراهەم بێت. لەبەرئەوە بەپێویستی دەزانم توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەربکرێت، بەمەبەستی دەستنیشانکردی لایەنە ئەرێنیو نەرێنییەکانیو کاریگەرییەکانی لەسەرتاکو خێزانو کۆمەڵگە، لەڕوی ئابوریو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییو دەورنییەوە.

دەتوانین بڵێین، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: هۆکارو ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی وانەوتنەوەی تایبەت لەشاری هەولێر چییە؟

---

[*] دەکرێت ساڵی (2003 کەوتنی ڕژێمی سیاسی بەعس لەبەغدا) بە گەورەترین دەروازەی گۆڕانکاری کۆمەڵگەی عێراقیو کوردی هەژمار بکرێت.

**دووەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

1. زانینی ئاستی دیاردەکە لە شاری هەولێر.
2. زانینی گرنگترین ئەو وانانەی کەقوتابی پەنا بۆمامۆستای تایبەت دەبات.
3. زانینی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی دیاردەکە.
4. زانینی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەکە.

**سێ یەم: گرنگی توێژینەوەکە**

زانایانی کۆمەڵناسی لەسەرئەوەکۆکن کە (دۆرکهایم یەکەم کەس بووە بەڕونی ئاماژەی بەپێویستبونی دەروازەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ توێژینەوەی بواری پەروەردە کردووە) لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەمو سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم لەنێوژیانی ئەکادیمی خۆیدا گرنگییەکی زۆری بەپەروەردە داوە (الرشدان، 1999، ص:45). لەپەرتوکەکانیدا تایبەت بەم بوارە وەك: (پەروەردەو کۆمەڵگە)، (پێشکەوتنی پەروەردە لەفەرەنسا)، (پەروەردەی ئاکاری) (وطفة والشهاب، 2004، ص:9).

پەروەردەو فێرکردن، بەیەکێك لەگرنگترین بوارەکانی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتیو زانستیو ئابوری دادەنرێت. سەرچاوەی سەرەکی وەبەرهێنانە لە سەرمایەی مرۆییدا؛ هەرکۆمەڵگەیەك ئەم سەرمایەی نەبێت، بە خاوەن بناغەیەکی لاوازی مرۆییو ئابوری دادەنرێت.

قوتابخانەش شان بەشانی دامەزراوەکانی تری کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی گرنگو سەرەکی دەبینێت لە بنیادنانی تاکی باشو گونجاو لەگەڵ بەهاو بنەما ئاکارییەکانی کۆمەڵگەو پێکەوەژیانو بەرەوپێشەوەبردنی زانست، بەشداریکردن لەبەرهەمهێنانی زانینو گەشەی ئابوریدا.

قۆناغەکانی خوێندنیش بەشێوەیەکی زنجیرەیی تەواوکاری یەکترینو هەنگاو بەهەنگاو قۆناغەکانی دیکە تەواو دەکەن. قۆناغی ئامادەیش لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، ئاراستەکانی داهاتو دیاری دەکات، کە قوتابی لەچ زانکوو کۆلێژێك وەردەگیرێت، لەبەرئەوە هەرکەموکورتییەك لەم قۆناغەدا، گەورەترین گرفت دێنێتەکایەوە بۆقوتابیو خێزانەکەیو کەرتی پەروەردەو تەنانەت دامەزراوە میرییەکانیش. کەواتە ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی زۆری هەیە لەدوو ڕووەوە:

**1- لەڕوی تیۆرییەوە:** ئەم توێژینەوەیە بەهەوڵێکی شێلگیرانە دادەنرێت لەم بوارەدا لەلایەن توێژەرەوە[*]، تایبەت بەوانەی تایبەت لەقۆناغی ئامادەیی بەزمانی کوردی؛ پڕکردنەوەی کەلێنێکی دیار کەپێویستی بەتوێژینەوە هەبوو لەکتێبخانەی کوردیدا، لەبەرئەوە دەکرێ ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنێکی تیۆری پێشکەش بکات لەسەر سروشتی دیاردەکەو ڕەنگدانەوەکانی لەکۆمەڵگەدا.

**2- لەڕوی پراکتیکییەوە:** ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش، هەنگاوێکە بۆتێگەیشتن لەسەر دیاردەکە، لەڕوی ڕێکخستنو کارکردنو دواتر دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەی گونجاو بۆگرفتەکان.

**چوارەم: بوارەکانی توێژینەوەکە:**

1-بواری مرۆیی: ئەم توێژینەوەیە (400) یەکەی وەرگرتووە لەقوتابیانی پۆلی (12)و قۆناغی یەکەمی کۆلێژی یاساو پزیشکی و مامۆستایانو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕو باوان.

2-بواری شوێنی: توێژینەوەکە لەناو شاری هەولێر ئەنجامدراوە، قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی ناوەندی هەولێر.

3- بواری کاتی: لە (2015-2-2) دەستکرا بەکۆکردنەوەی داتاو دواتر دابەشکردنی پرسیارنامەو چاوپێکەوتنو شیکردنەوەی داتاکان تا ڕێکەوتی (2015-8-30).

**پێنجەم: دیاریکردنی چەمکەکان:**

چەمکی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا چەمکی وانە وتنەوەی تایبەتە، بۆیە بەشێوەیەکی فراوان جەخت دەکەینەوە لەسەر پێناسەکردنی ئەم چەمکە، دواتر هەریەك لەچەمکی مامۆستای تایبەتو فەرمی پێناسەدەکەین.

**1- چەمکی وانە وتنەوەی تایبەت (Private Tutoring) :**

پێناسەی حەمدان (1986)

"وانە وتنەوەی تایبەت ڕێگەو کردارێکی فێرکارییە، کەلەچوارچێوەیدا مامۆستا کارلێکدەکات لەگەڵ قوتابییەك تا سێ قوتابیدا بەشێوەیەکی گشتی، بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ڕاستەوخۆی پێویستییە فێرکاریو گرنگیدانە کەسییەکانیان، کە بەدەستنایەت (...) لەڕێگەی خوێندنی بەکۆمەڵو نیوەکۆمەڵییەکانی ترەوە." (حمدان، 2014، ص ص:2-3).

---

[*] مارك برای پرۆفیسۆر لە یۆنسکۆو لەهەمانکاتدا لەزانکۆی هۆنگ کۆنگ، پسپۆڕ لەبواری وانەی تایبەت، لەڕێگەی ئیمەیڵەوە پێی ڕاگەیاندم: "تائێستا نەمبیستوە لەعێراق لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوەکرابێت". Bray (Personal Communication, 25-10-2014).

پێناسەی Mischo and Haag (2002)

"وانە وتنەوەی تایبەت یەکێکە لەشێوازەکانی فێرکردن بۆتاکە قوتابییەك (یاخود ژمارەیەکی بچوك لەقوتابیان) کەبەشێوەیەکی کەسی ئەنجام دەدرێت، بەپێی بارودۆخی مامۆستاکە، ڕەنگە بەشێوەی خۆبەخشی بێت، یان لەلایەن قوتابخانەوە پارمەتی بدرێت، یاخود بەخێوکەری قوتابی گرێبەستی لەگەڵ بکات (...) " (P.263).

پێناسەی Bray (2003)

"وانە وتنەوەی تایبەت بریتییە لەوتنەوەی وانە لە بابەتە زانسییەکانی وەك: (بیرکاری‌و زمانەکان)، کەلەلایەن مامۆستای تایبەتەوە دەوترێتەوە بەمەبەستی قازانجی دارایی، وەك وانەی زیادە بۆخوازیارانی تەواوکردنی پرۆگرامی خوێندنی فەرمی. وانە لاوەکییەکانی وەك وەرزش‌و هونەر ناگرێتەوە، لەلایەن ئەندامانی خێزان‌و مامۆستایانەوە ناوترێتەوە بەشێوەیەکی خۆبەخشانە" (P.13).

پێناسەی S. A. Lawrence (2012)

"بریتییە لەو وانە زیادەیەی پێشکەش بە قوتابی دەکرێت، لەدەرەوەی کاتەکانی خوێندنی فەرمی، لەقوناغی سەرەتایی بێت یان ئامادەیی، تەمەنیان بچوك بێت یان گەورە، ، لەگەڵ هەلی خوێندن بۆهەرتاکێك بەتەنها یان ژمارەیەکی دیاریکراو لەقوتابی، لەماڵی قوتابی بێت یان ماڵی مامۆستا، لەبەرامبەر پێدانی بەهایەکی دیاریکراو بۆمامۆستا لەلایەن قوتابیانەوە، ئەمەش سیمایەکی جیاکراوەی وانە وتنەوەی تایبەتە" (P.11).

لەکۆتایی ئەم پێناسانەدا دەتوانین بڵێین: ئەم چەمکە لەئێستادا بەچەند شێوەیەك گوزارشتی لێ دەکرێت، وەك: private tutoring; Private tuition; Shadow education; Private supplementary Tutoring; Cram School (Kim and Lee, 2010, P.260; Su and Liang, 2014, p.18).

**پێناسەی کارڕایی بۆ وانە وتنەوەی تایبەت:**

مەبەستمان لەوانە وتنەوەی تایبەت لەم توێژینەوەیەدا ئەو چالاکییە فێرکارییەیە، لەلایەن مامۆستایی تایبەتەوە دەوترێتەوە لەشاری هەولێر، بۆ قوتابییەك یان ژمارەیەکی دیاریکراو لەقوتابیانی ئەم شارە؛ لەماڵی قوتابی بێت یان لەماڵی مامۆستا یاخود سەنتەرەکانی بەهێزکردن؛ لە

بابەتێك یاخو چەند بابەتێك لەپۆلی (12)، لەدەرەوەی خوێندنی فەرمی، لەبەرامبەر بەهایەكی دیاریكراو قوتابی یان خێزانی قوتابی دەیدەن بەمامۆستا، بەمەبەستی تەواوكردنی پرۆگرامی خوێندنی فەرمی.

**2- مامۆستای تایبەت: (Private tutor)**

أ- "بریتییە لەومامۆستایەی كەتایبەتمەندی فەرمی هەیە، وانە بەقوتابی دەڵێتەوە بەشێوەی كەسی لەدەرەوەی خوێندنی فەرمی، لەبەرامبەر برێك پارەی دیاریكراودا" (الدبوس، 2002، ص ص: 1073-1074).

ب- یاسای خوێندنی تاجیكستان ساڵی (2004) بەم شێوەیە مامۆستای تایبەتی پێناسە كردووە: "مامۆستایەكە وانەی تایبەت پێشەكەش بەقوتابی دەكات، لەسەر بنەمای تاك یاخود گروپ، لەدەرەوەی كاتەكانی خوێندنی فەرمی لەقوتابخانە یاخود زانكۆدا" (براي، 2012، ص:2009/102).

**پێناسەی كارپایی:** بریتییە لەو مامۆستایەی بەشێوەیەكی فەرمی دامەزراوە لەیەكێك لەدامەزراوە پەروەردەییەكانی میری لەشاری هەولێر، وانە بەقوتابییەك یان گروپێكی بچوك لەقوتابیان دەڵێتەوە، لەدەرەوەی كاتەكانی خوێندنی فەرمی، لەبەرامبەر بەهایەكی دیاریكراو كەلەسەری ڕێك دەكەون.

**3- مامۆستای فەرمی:** مەبەستمان لەمامۆستای فەرمی لەم توێژینەوەیەدا، ئەومامۆستایانەیە كە بەفەرمی دامەزراون لەقوتابخانەكانی شاری هەولێر، بەڵام لەدەرەوەی خوێندنی فەرمی وانەی تایبەت لەبەرامبەر بەهایەكی دیاریكراودا ناڵێنەوە.(*)

(*) دابەشكردنی مامۆستا بەو دووجۆرە، تەنها بۆ جیاوازیكردنە لەنێوان ئەوانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە لەگەڵ ئەوانەی وانەی تایبەت ناڵێنەوە.

## بەشی دووەم

## ئاراستەی تیۆریو توێژینەوەکانی پێشوو:

باسی یەکەم/ ئاراستەی تیۆری

باسی دووەم/ توێژینەوەکانی پێشوو

هەواڵنامەی کتێب

## بەشی دووەم

## ئاراستەی تیۆریو توێژینەوەکانی پێشوو

لەم بەشەدا کە دابەشکراوە بەسەر دوو باسدا، باسی یەکەم تیۆرێك باس دەکەین لەسەر دیاردەکە، بۆ تێگەیشتن لەبەشێك لەدیاردەکە گرنگە. باسی دووهەمیش دەچینەوە بەسەر کارەکانی پێشوتردا لەسەر ئەم بابەتە کراون لەکۆمەڵگەو کاتو شوێنی جیاوازدا.

**باسی یەکەم: ئاراستەی تیۆری Theory Perspective:**

لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە لەچوارچێوەی کۆمەڵناسی پەروەردەیی دایە، دیدی زۆرو جۆراوجۆر لەوبارەیەوە هەیە؛ زانایانی پێشەنگی کۆمەڵناسیو فەلسەفە، گرنگییەکی زۆریان بەبواری پەروەردە داوە، هەرلەفەیلەسوفە یەکەمینەکانی وەك: (سوکراتو ئەفلاتونو ئەرستۆ)، تا دەگاتە: (ئیبن خەلدون، ئۆگێست کۆنت، ئیمیل دۆرکهایم، کارڵ مانهایم، جۆن دیوی...).

وانەی تایبەتیش مەبەستو مانای تایبەتی لە پشتەوەیەو هەروەك وتراوە لەسێبەردایە. بۆیە نامەوێت بەشێوەیەکی گشتگیر دیدو تێروانینی ئەوزانایانە لەسەر پەروەردە بهێنم، لەبەر ئەوە پەروەردە بۆخۆی زانستێکی وردە، بەپێویستی دەزانم لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەبە تیۆری (وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی) بکەم. تیۆرڤانەکانیشی دەڵێن: خوێندن توخمێکی زۆرگرنگە لەتیۆری سەرمایەی مرۆییدا (Schultz, 1993, p.17).

**تیۆری وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی (Investment In Human Capital Theory)**

سەرمایەی مرۆیی یەکێکە لەسەرچاوە لەبن نەهاتووەکانی پەرەپێدانی قۆناغەکانی داهاتوی کۆمەڵگەو بنیادنانی ئایندەی وڵات. هەرئەم سەرمایەبوو دوای ئەوەی یابان بنیادەکەی تەختی زەوی بوو لەجەنگی جیهانی دووەم، لەرێگەی سەرمایەی مرۆییەوە کەلەسەردەمی ئیمپراتۆر (میجي)(*)دەستکراوە بە دروستکردنی لەڕێگەی چاکسازییەکانی لە چۆنایەتی خوێندندا (بونعمان، 2012، ص.13). توانی ببێت بەیەکێك لە پێشکەوتوترینو گرنگترین وڵاتی پیشەسازی لەجیهاندا. هەرلەو ڕاستاییەدا، مالیزیا لە (1980) سیستمێکی پەروەردەی خراپو ئابورییەکی دواکەوتوی هەبوو، بەهۆی چاکسازییەکانی (مهاتیر محمد) لەبواری خوێندن لەماوەی (10) ساڵدا لەڕێگەی ناردنی خوێندکارانەوە بۆ وڵاتانی یابانو کۆریاو سەنگافورەو تایوانو هەندێ لەوڵاتانی ڕۆژئاوا، توانی ببێت بەیەکێك لەپێشکەوتوترین وڵاتانی جیهان، لەڕوی پیشەسازیو هاوبەستەیی

(*) لەنێوان ساڵانی (1867 بۆ 1912) حوکمی یابانی کردووە.

کۆمەڵایەتییەوە؛ لەکاتێکدا یەکێکە لەوڵاتە فرە ئێتنیكو فرە ئایینەکان (الجوجري، 2008، ص ص:101،99).

زانایانی ئابوری پێشین گرنگیدانەکانیان لەچوارچێوەی سەرمایەی ماددیی بوو، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو بنەمایەکی گرنگە بۆگەشەو پەرەپێدانی ئابوری. شۆلتز(Schultz) ئاماژە بەوە دەکات فەیلەسوفـو ئابوری ناس (ئادەم سمس) بەبوێرییەوە مامەڵەی کردووە لەگەڵ توانا بەدەست هاتووەکانی مرۆڤ وەك بەشێك لەسەرمایە، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی ئەوهەڵەیە لەنەبوونی تێڕوانینێکی ڕۆشن بۆبەشداری سەرمایەی مرۆیی لە گەشەکردنی ئابوریدا (1959, P.110). هەرچی مارکسیشە ئەوە ماڵێك نابینێتەوە بۆپەرەپێدانی مرۆیی لە (سەرمایە) کەیدا لەبەر ئەوەی لەسەرمایەی مادیدا چڕ بۆتەوە (Schultz, 1972, P.5).

بەڵام بەپێی خوێندنەوەی ئێمە، چەمکی سەرمایەی مرۆیی بەجۆرێك لەجۆرەکان لای زانایانی ئابوری وەك: سمیث و ئەلفرێد مارشاڵو کارڵ مارکس... چەکەرەی کرد. سمیس لەکتێبەکەی کەلەساڵی (1776) بڵاوی کردەوە سامانی نەتەوەکان (ثروة الامم) بەناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەسەرمایەی مرۆیی کردووە. بۆچونی وابوو گەشەکردنی شارەزایی لای کرێکار چۆنایەتی کارکردنی دەگۆڕێتو بەرهەمی زیاددەکات (سمیث، 2007، ص:1985/1). هەروەها پێیوابوو خوێندن یەکێکە لەورێگە کاریگەرانەی دەبێتە هۆی زیادبونی سەرچاوەی مرۆیی ( Machlup, 1982, P.2). ئەلفرێد مارشاڵ یش (Marshall) خەرجی بۆ خوێندن بەگەورەترین وەبەرهێنان داناوە لەسەرمایەی مرۆییدا. هەروەها مارکسیش پێی وابوو خوێندن دەبێتە هۆی پەرەپێدانی لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەرز بونەوەی تواناو شارەزایی لای کرێکار (دهان، 2010، ص:18).

دوای بەرەوپێشەوەچونی توێژینەوە ئابورییەکانو چەمکەکانی تایبەت بەم بوارە، گرنگیدانەکان گۆڕان بۆسەرمایەی مرۆیی، بەتایبەتیش چڕکرایەوە لەبوارەکانی (خوێندنو ڕاهێنانو چاودێری تەندروستیدا)، لەبەرئەوەی لەخوێندنو ڕاهێناندا تاك ئامادە دەکرێت بۆئەوەی لەداهاتودا شارەزاییەکانی بەکاربهێنێت بۆ بەرهەمهێنان لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو پیشەسازیدا؛ گرنگیدانیش بەلایەنی تەندروستی، دەبێتە هۆی پاراستنو چالاکبوونی زیاتری تاكو کۆمەڵگەو بەرهەمهێنان.

لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە تێڕوانینێکی نوێ هاتە کایەوە سەبارەت بە خوێندن، پێیوابوو وەبەرهێنانێکی سودبەخشە لەسەرمایەی مرۆییو کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر وەبەرهێنان لەئاییندەدا (دهان، 2010، ص:15). بەو مانایەی خوێندن تاکی شارەزا

پێدەگەیەنێتو دەیخاتە بازاڕی کارەوەو بەهۆی شارەزابوونو لێزانینیەوە، ژیانی کۆمەڵایەتیو پیشەسازی بەرەو پێشەوە دەبەن(*). لێرەدا بۆلێکدانەوەی ئەو پەیوەندییە پێویستمان بە تیۆری سەرمایی مرۆیی هەیە. بۆیە داخوازی لەسەر وانەی تایبەت بە شێوەیەك لەشێوەكانی ویستی مرۆڤ بۆ زیادبوونی زانین(**)و تواناكان لێكدەدرێتەوە، وەك پاڵنەرێك بۆبنیادنانی سەرمایەی مرۆییو بەرزكردنەوەی قازانجو سەركەوتن لەداهاتودا. لەپێناو تێگەیشتن لەوانەی تایبەت، تێگەیشتن لە تیۆری سەرمایەی مرۆیی پێویستە (Lee, 2013, P.14). چونكە ئەم تیۆرە پێیوایە خەرجییە ڕاستەوخۆكان لە خوێندنو تەندروستیو كۆچكردنی ناوخۆیی لەپێناو بەدەستهێنانی هەلی كاری باشتر بەبەشێكی گرنگ دادەنرێت لەدروستكردنی سەرمایەی مرۆییدا (Schultz, 1961, P.1).

## 1-سەرهەڵدانی تیۆری سەرمایەی مرۆیی

تیۆری سەرمایەی مرۆیی وەك شۆڕشێك لە نێوان ساڵەكانی (1950) بۆ (1960) لەگەڵ توێژینەوەكانی شۆلتزو مینسرو بیكر سەری هەڵدا (Becker, 2011a). بەوگریمانەیە دەستپێدەكات: "تاك خۆی بڕیار لەسەر خوێندنو ڕاهێنانو چاودێری تەندروستیو زانینی دەدات، لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئاستی تێچونو سودەكانیەوە" (Becker, 1992, P.43). تێچونو سودەكانیشی بە وەبەرهێنان هەژمار دەكرێت، لەبەرئەوەی خەرجییەكانی وەك: كرێی خوێندنو وانەوتنەوەو خەرجییە ڕاستەوخۆكانی تری خوێندن دەگرێتەوە، دەبێتەهۆی دروستكردنی سەرمایەی مرۆیی، ئەمەش كاریگەری لەسەر ئایندەی داهات دەبێت (Becker, 2011b, p.xi).

سەرەڕای ئەوەی ئەم تیۆرە لەنێوان ئەم سێ زانایەدا سەریهەڵداوەو گەشەی كردووە، بەڵام پێشەنگترینیان شۆلتزە. سوكرات چۆن پرسیاری فەلسەفەی گۆڕی لەگەردونەوە بۆمرۆڤ، هەربەوجۆرەش شۆلتز وەبەرهێنانی لەكەرەستە مادديیەكانەوە گۆڕی بۆ وەبەرهێنان لەمرۆڤدا.! بەشدارییەكانی ئەم زانایە لە وتارە دەوڵەمەندو زانستییەكانیدا لەكۆتایی پەنجاكانو سەرەتای شەستەكانی سەدەی بیستەم گوروتینێكی گەورەی بەخشی بە پەرەسەندنی تیۆرەكە. ئەم تیۆرڤانە لە یەكێك لەتوێژینەوەكانیدا بەناوی (وەبەر هێنان لەمرۆڤدا) لە (1959) دەڵێت: "پلانی یەكەمم قسەكردنە لەسەر بارودۆخی زانینمان لەبارەی ئەو وەبەرهێنانەی كە خەڵكی بۆخۆیانی دەكەنو

---

(*) لوبون (Le Bon) دەڵێت: خوێندن لە بەریتانیاو ئەمریكاو ئەڵمانیا لە تەواوكردنی ئامادەییەوە تا زانكۆ كەسی دەرچوو بڕوانامەی كاركردن وەردەگرێت واتە ئەوكەسە لەیەكێك لەبوارەكانی ژیان كارێك فێر دەبێت. لەو وڵاتانە قوتابی دەخوێنێت بۆئەوەی ڕاستییەكانی ژیان فێربێت، بەڵام ئێمە(فەرەنسییەكان) منداڵەكانمان بۆكێبڕكێو تاقیكردنەوەكان ئامادەیان دەكەین(2012, ص:123،1902/154).

(**) زانین بە بنیادی ڕاپەڕینو ئازادیو چاكسازی دادەنرێت لەبواری پەروەردەدا. هیچ كۆمەڵگەیەك ناتوانێت ڕاپەڕینێكی شارستانی دروستبكات، تەنها لەڕێگەی دەروازەیەكی هزرییەوە نەبێت ( بونعمان ،2012، ص:96-97).

دواتر ڕامانێکی کورت لەسەر سەرمایەی مرۆیی" (Schultz, 1959, P.109). لەم توێژینەوەیدا ئەم جۆرە پرسیارانە دەوروژێنێت: بۆچی ئابوریناسان خۆیان لاداوە لە باسکردن لەسەرمایەی مرۆیی. دواتریش وتارەکەی بەناوی (Schultz, 1961)(investment in human capital). بویەهۆی ناولێنانی ئەم تیۆرە، دواتریش لەلایەن زانای ئابوری ئەمریکی (Becker) ڕێکخرایەوە بەمەبەستی لێکدانەوەی ئەنجامە ئابورییەکانو کەڵەکەبونی زانینو توانا مرۆییەکانی تاکو ڕێکخراوەکان. (بیکەر) کەخۆی یەکێکە لەپێشخەرانی تیۆرەکە، ئاماژە بەوە دەکات: شۆڵتزو هەندێکی تر دەستیانکرد بە توێژینەوە لەسەرگرنگیو کاریگەری خوێندنو ڕاهێنان لەسەردروستکردنی سەرمایەی مرۆییو گەشەکردنی ئابوری (Becker, 1992, p.43).

ئەم تیۆرە لەسەرئەوبنەمایە دامەزراوە کە پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی (پەروەردەو فێرکردن)و بەرزبونەوەی داهاتی تاکو کۆمەڵگە، هەرکاتێك وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی زیادبکات، داهاتیش زیاددەکات، جا لەسەر ئاستی تاك بێت یان کۆمەڵگە (فرغل، 2006). بۆیە پەروەردەو فێرکردن کرداری وەبەرهێنانە، بەبەکارهێنانی سەرچاوە دەگمەنە ماددیو مرۆییو فیزیکییەکان، لە بەرهەمهێنانی کەسی فێرکراودا ( Jagero, 2013, P.28).

**2-تیۆرڤانە بەناوبانگەکانی ئەم ئاراستەیە:**

**أ- شولتز**[(*)] (Theodore W. Schultz) تێبینی ئەوەی کردبوو کە زانایانی پێش ئەو سەرمایەی مرۆییان فەرامۆشکردبو، گرنگیان بەوشتانە دەدا کەماددین، بۆیە هەموهەوڵەکانی خۆی چڕکردبوەوە بۆگەیشتن بەتیۆرێك لەسەرمایەی مرۆییدا، کەئامانجی پەرەپێدانی ئابوری بێت. لەکارەکانیدا هەمیشە خوێندنی لەڕیزبەندی یەکەم دانابوو، لەیەکێك لەتوێژینەوەکانیدا دەڵێت: "ئەم پرسیارە پێویستە لەلیستی پێشەوەی توێژینەوەکانمان بێت: "خوێندن چ کاریگەرییەکی لەسەر دابەشکردنی داهاتی تاك هەیە؟ بەرەچاوکردنی پالپشتی دارایی‌وهەلی یەکسان بۆخوێندن لەنێو دانیشتواندا" ( Schultz, 1972, P.24).

توێژینەوەکانی شولتز لەسەر بنەمای تاك بنیاتنراوە، هەوڵیداوە پێوانەی بەشداری خوێندن بکات لە گەشەی ئابوریدا (دهان، 2010، ص:18). هەڵساوە بە بەراورد کردنی داهاتی تاکەکان لەسەر ئاستە جیاوازەکانی خوێندن، ئەوەی بۆدەرکەوتووە هەرکاتێك ئاستی خوێندەواری تاك

---

(*) زانای ئەمریکی لەبواری ئابوری کشتوکاڵیدا، لەنێوان ساڵەکانی (1902-1998) ژیاوە.

بەرزدەبێتەوە داهاتەکانیشی بەرزدەبنەوە لەگەڵیدا (حسيبه، 2009، ص:9). شولٚتز چەمکی سەرمایەی مرۆیی بەوەپێناسەدەکات کە "کۆمەڵێك وزەی مرۆییە، دەکرێت بۆبەدەستهێنانی سەرجەم سەرچاوە داراییەکان بەکاربهێنرێت " (ابراهيمي، 2013، ص:14).

ب- **بیکەر**(*) (Gary Stanley Becker) لەدوای (شۆڵتز) توێژینەوەکانی (بیکەر) دێت، بەهۆی توێژینەوە بایەخدارەکانی لەم بوارەدا خەڵاتی نۆبڵی لەساڵی (1993) وەرگرت (عثمان، 2004، ص: 245). لەساڵی (1962) وتارێکی بڵاوکردەوەو تیایدا ئاماژەی بەوەکردبوو ئامانجی سەرەکی لەم توێژینەوە، خەملاندنی تێکرای قازانجی خوێندنە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەم خەملاندنە لەشێوەیەکی گونجاودا بخاتە نێو تیۆری وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆییدا ( Becker, 1962, p.9). ئەم زانایە سەرسامی خۆی دەردەبڕێت بۆئەم تیۆرەو دەڵێت: "لەنێوخەڵکیو زانستەکانی دیکەش پەسەند کراوە" (Becker, 1993).

ئەم زانایە دەڵێت:

"هەرچەندە بۆ هەندێك (وەبەرهێنان) بریتییە: لە بونی ژمارەیەکی بانکیو بونی پشك لە کۆمپانیاو کارگەدا، ئەمانە هەمو سەرمایەنو بەرهەمی بەسودیان دەبێت بۆماوەیەکی دورودرێژ، بەڵام من دەمەوێت قسە لەسەرجۆرێکی جیاواز بکەم لە سەرمایە؛ خوێندن، مەشقو ڕاهێنان، خەرجی بۆچاودێری تەندروستی، وتاردان لەسەر چاکەکاریو پابەندبوون بە بەڵێن و ڕاستگۆییەوە، ئەمانەش هەمو سەرمایەن، بەرهەمەکەیان مرۆڤە نەك سامانو مادە. بۆیە خەرجییەکان بۆ خوێندنو ڕاهێنانو چاودێری تەندروستی دروستکردنی سەرمایەیە، هەرلەبەرئەوەشە پێی دەڵێین سەرمایە چونکە شتانی وەك: زانینو شارەزاییو تەندروستیاشی لەخاوەنەکەی جیانابێتەوە" (Becker, 1992, pp.15-16).

لەشوێنێکی تردا ئاماژە بەوەدەکات کە خەرجی ڕاستەوخۆ لە ڕاهێنان، خوێندنی تایبەتو خوێندنی گشتیو ڕاهێنان لەکاردا، چاودێری تەندروستی، بەکاربردنی ڤیتامین، بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر سیستمی ئابوری، گرنگترین جۆری وەبەرهێنانە لەسەرمایەی مرۆییداو یەکێکە لەبنەماکانی ئەم تیۆرە (Mincer, 1962, p.51). ئاماژە بەوەشدەکات کە ئەنجامی توێژینەوەکەی خۆیو هەندێك توێژینەوەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەریانخستووە کە قوتابخانەی ئامادەییو زانکۆ بەشێوەیەکی بەرچاو داهاتی تاکی بەرزکردۆتەوە ( Beker, 1993, PP.16-17).

---

(*) زانای ئەمریکی لەبواری ئابوری و کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی شیکاگۆ، لەنێوان ساڵەکانی (1930-2014) ژیاوە.

تەنانەت دوای جیاکردنەوەی خەرجییە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکانی[*]خوێندنیش. بەڵگەی هاوشێوە هەیە لەسەرزیاترلە (100) وڵات، کەلەڕوی کولتورو سیستمی ئابورییەوە جیاوازن (Backer, 1992, p.17). لەبەر ئەوەی قوتابخانە لەدیدی بێکەرەوە دامەزراوەیەکی تایبەتە بۆ بەرهەمهێنانو ڕاهێنان (Becker, 1962, p.25). خەرجییەکانی خوێندن بەشێوەیەکی سەرەکی دادەنرێت لەم ئاراستەیەدا (Machlup, 1982, P.4). کە بەرهەمو داهاتو قازانجی تاك زیاد دەکات لەداهاتودا (Kim, 2007, P.5). وەك سەرمایەیەك لای کەسی وەبەرهێنراو دەمێنێتەوە لەگەڵ تەمەنیدا.

**پ- مینسەر**[**](Jacob Mincer) یەکەم کەس بوو چەمکی وەبەرهێنانی لەسەرمایەی مرۆیی بەکار هێنا لەوتارە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆییو دابەشکردنی داهاتی تاك) (1958) کەلە دوای تێزی دکتۆراکەی لەساڵی (1957) هات.

ئەم زانایە بەتوێژینەوە ئەزمونگەرییەکانی توانی زیاتر ئەم تیۆرە پێشبخاتو تیایدا ئاماژە بە پەیوەندی ئەرێنی بکات لەنێوان خوێندنو وەبەرهێناندا؛ ئەوانەی کە زیاتریان خوێندووە کاریگەری لەسەر ژیانی دوای خوێندنیان دەبێت، وەبەرهێنانی باشتر دەکەن لەبازاڕی کاردا؛ یەکێك لەلێکدانەوەکانیشی ئەوەیە کە خوێندن دەبێتە هۆی باشترکردنی تواناکان ( Mincer, 1984, p.198). لەتوێژینەوەیەکی بەراوردکاری لەنێوان یابانو ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە(مینسەرو هیگوشی) (Mincer and Higuchi) کردویانە، دەرکەوتووە وەبەرهێنان لە یابان چوار بەرامبەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکابووە لەنێوان ساڵەکانی (1960-1980) لەبەرئەوەی خوێندن لەم ساڵانەی دواییدا لەیابان خواستێکی زۆری لەسەر بووە ( Mincer, 1995, p.38 cited in Mincer and Higuchi, 1988). ئەمەش هاوکاتبووە لەگەڵ داخوازییەکی زۆر لەسەر وانەی تایبەت لە ساڵی (1950) بەدواوە (Dawson, 2010, p.22).

(مینسەر) ئاماژە بەدوو جۆر توانای جیاوازدەکات لای تاك: توانا بەدەستهاتووەکان کە لەبۆماوەوە بۆیان دەگوازرێتەوەو ئەوەی کە خۆیان بەدەستی دەهێنن، هەرئەمەی دووەمیشە بەتەواوی لەکۆمەڵگەو وڵاتانو کاتتدا جیاوازە. سەرمایەی مرۆیی لەگەڵ ئەوەی دووەمیان مامەڵە دەکات (توانا بەدەستهاتووەکانی خۆیان) کەخوێندنی فەرمیو نافەرمی لەقوتابخانەو لەماڵەوە، یان

---

[*] مەبەست لەخەرجی ڕاستەوخۆ، ئەوخەرجیانەیە کەتەرخاندەکرێت بۆخوێندن. خەرجی ناڕاستەوخۆش، ئەوتەمەنەیە کە تاك لەپێناو خوێندندا خەرجی دەکات، ئەگەر ئەوتەمەنە لە دامەزراوەیەکی وەبەرهێنان بەسەر بەرێت، بێگومان تاکەکەس داهات بەدەست دەهێنێت.

[**] زانای ئابوری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەزانکۆی کۆڵۆمبیا، لەنێوان ساڵەکانی (1922-2006) ژیاوە.

لەرێگەی ڕاهێنانو ئەزمونەوە بەدەستی دەهێنن (Mincer, 1984, p.196). سەرمایەی مرۆیی دەکرێت بەوجۆرە سەیربکرێت هۆکارێکە بۆ وەبەرهێنان، بە هاوبەشی لەگەڵ سەرمایەی ماددیدا. هەروەك چۆن کۆی سەرمایەی مرۆیی کەسی دەبێتە هۆی گەشەکردنی داهاتو بەرهەمی تاکەکەس، هەربەو جۆرەش دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەرمایەی نیشتیمانی ( Mincer, 1984, p.195).

مینسەرو هیگوشی (Mincer and Higushi) بەئەنجامەکانی توێژینەوە ئەزمونگەرییەکەیان ئەوەیان سەلماند، داخوازی لەسەر خوێندنو ڕاهێنان گەشەی بەرهەمداری زیاد دەکات، ئەم ڕاستیەش گرنگییەکی زۆری هەیە بۆتێگەیشتنی گەشەسەندنی دورمەودای سەرمایەی مرۆیی لە زیادکردنی ئابوریو گەشەکردنی زۆرخێرا لەمێژوی نوێی یاباندا. زۆربونی داخوازی لەسەر خوێندنو ڕاهێنان لەوکەرتانەی کە زۆرترین بەرهەمیان هەبووە، بەڵگەیە لەسەر فراوانبونی بەکارهێنانی سەرمایەی مرۆیی لەچالاکییە پیشەسازییەکانیاندا (1988, pp.112-113).

مینسەر (Mincer) وەڵامی یەکێك لەو ڕەخنانەش دەداتەوە کەئاراستەی تیۆرەکە کراوەو دەڵێت: "خوێندن تەنها لەپێناو دەستکەوتی ماددیدا نییە، بەڵکو هەندێك چالاکی نابازاڕیش بەدی دێنێت، جگە لەفێرکردن بەشداری دەکات لە پەروەردەی کولتوری نەوەکاندا. نابێت وەك کاڵایەکی بەکاربەر سەیربکرێت، بەڵکو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیشی هەیە بەداهاتو وەبەرهێنانەوەو کاڵایەکی وەبەرهێنەرە" (1995, p.30).

پەیوەندی نێوان وانەوتنەوەی تایبەتو وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی لەوڵاتانی ئاسیا بەتەواویو بەتایبەتیش لەهەردوو وڵاتانی یابانو کۆریایی باشور بەڕونی بەدەردەکەوێت. ئەم دوو وڵاتە بەگرنگترین وڵاتانی گەشەی ئابوریو پیشەسازی دادەنرێت کەبەشێوەیەکی پلەبەندی گەشەی کردووەو بەگرنگترین کێڵگەی وەبەرهێنەری سەرمایەی مرۆییش دادەنرێن لە سەدەی بیستەمدا، لەهەمانکاتیشدا بەگەورەترین بازاڕی وانە وتنەوەی تایبەت دادەنرێن لەجیهاندا (Dawson, 2010, p.15).

**4-هەندێ لە گریمانەکانی ئەم تیۆرە:**

ا- پشت دەبەستێت بە دیدگایەکی گەشبینانە بۆداهاتوو بۆئەوکەسانەی زۆرتریان خوێندووە.
ب- وەبەرهێنانی سەرمایەی مرۆیی زیاد دەکات لەوکاتانەی کە خەرجییەکانی ژیان کەمتر بن، پێشبینیکردنی پەیوەندیکردن بەخوێندن زیاتر دەبێت لەکاتی کەمبونی خەرجییەکاندا.

پ- پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان خوێندنو زیادبونی قازانج بەدرێژایی ژیانی تاکەکەس، یاخود ئەوپێگە دەرونییەی کەتاکەکەس بەدەستی دەهێنێت بەهۆی خوێندنەکەیەوە (فرغل، 2006).

ت- وەبەرهێنان بەوەپێوەردەکرێت کارکەر چەندێك وەبەرهێنانی کردووە لە شارەزاییو زانینیدا، لەڕوانگەی ئەم بۆچونەوە قازانج بەرزدەبێتەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندنو ڕاهێناندا (Becker, 1992 p.19 ؛Becker, 2011a).

**5- پوختەی تێڕوانینی ئەم ئاراستەیە:**

کۆی بۆچونی تیۆرەکە، باوەڕیوایە خەرجییەکانی تایبەت بەچەندایەتیو چۆنایەتی خوێندن، تەندروستیو ڕاهێنان، هۆکارێکی گرنگە بۆدروستبونی سەرمایەی مرۆیی لەژیانی ئایندەی تاكو کۆمەڵگەدا، لەبەرئەوە خوێندنو فێرکردن دەبێتە هۆی کەڵەکەبونی زانینو زانست، ڕاهێنانیش دەبێتە هۆی زۆربونی شارەزایی لەکاردا، چاودێری تەندروستیش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی ناوەندی تەمەنو درەنگ مردنو سود وەرگرتن لەکەسانی شارەزاو بەئەزمونو خاوەن زانین کەدەبێتە سەرمایەیەك بەدرێژایی ژیانی تاکەکەس کۆمەڵگە سودی لێدەبینێت، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانو باشبوونی گوزەرانی تاکەکانو کۆمەڵگەو پێشکەوتنی پیشەسازیو تەکنۆلۆجی لەوڵاتدا.

لەڕوانگەی قوتابیانو سەرجەم بەشداربوانی چاوپێکەوتنەکانەوە، بەشێکی زۆر لەهۆکارەکانی پەنابردن بۆمامۆستای تایبەت، بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی باشە لەڕوی ئابوریو کۆمەڵایەتییەوە بۆمنداڵەکانیان لەڕێگەی بەدەستهێنانی کۆنمرەی بەرزو چونە ئەوکۆلێژانەی کەلەڕوی ئابوریو مرۆییو دەرونیو کۆمەڵایەتییەوە گرنگن لەکۆمەڵگەی کوردیدا، ئایندەیەکی باش بەدەستبهێنن کەسودی داراییو مرۆیی هەبێت، ئەمەش لەئێستادا لەزۆرێك لەقوتابخانە فەرمییەکان فەراهەم نابێت. لەلایەکیترەوە، خەرجییەکان بۆخوێندن بەزۆری لەوکاتانەدا فراوان دەبێت کە داهاتی خێزانەکان بەرزببێتەوە، ئەمەش لەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشوو جەختی لەسەرکراوەتەوە. لەبەر ئەم هۆکارانە دەتوانین جەخت لەسەر گریمانەکانی ئەم ئاراستەیە بکەینەوە.

**باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشووBackground Review Study:**

شەنوکەوکردنی توێژینەوەکانی پێشوو ڕونکەرەوەی ئەو ڕێگەیە کەتوێژەر دەیەوێت پێیدا بڕوات، لەبەرئەوە پێویستە لەسەر توێژەر لەسەرەتای ئەنجامدانی توێژینەوەکەیدا بگەڕێت بەدوای توێژینەوەی هاوشێوە یاخود نزیك لە گرفتی توێژینەوەکەی، بۆئەوەی نەکەوێتە هەمان هەڵە کە توێژەرەکانی دیکە تێی کەوتون (حسن، 1996أ، ص:44). لەهەمانکاتدا خستنە ڕوی توێژینەوەکانی پێشو بەشێکی بنچینەییە لە توێژینەوەی زانستیدا (حسن، 1996ب، ص:89).

**یەکەم/ توێژینەوەی عەرەبی:**

**1- توێژینەوەی البوهي والسادة (1994)**

(قەبارەو هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت لەقۆناغەکانی خوێندن لە وڵاتی بەحرەین)

ئامانجەکانی: زانینی ئاستی بڵاوبونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا لەوڵاتی بەحرەین؛ لەکام قۆناغو کام وانە؟ هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی چین لەدیدی نمونەی توێژینەوەکەوە، دیدگای مامۆستایان چییە بۆ وانەی تایبەتو کاریگەرییەکانی، ئەوپێشنیازانەچین بۆچارەسەرکردنی ئەم گرفتە؟. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە باوانو مامۆستایانو قوتابیانی سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن، لەخوێندنی گشتیو تایبەت. میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لە میتۆدی وەصفی شیکاری. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە سێ پرسیارنامە ئاراستەی هەرسێ گروپەکەکراوە. قەبارەی نمونەکەی بریتییە لە (290) قوتابی، (240) باوان، (260) مامۆستا.

ئەنجامەکانی: بڵاوبونەوەی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت بەشێوەیەکی فراوان لەگشت قۆناغەکانی خوێندندا؛ قوتابیانی قوتابخانە تایبەتەکان زیاتر پەنای بۆدەبەن لەقوتابیانی قوتابخانە گشتییەکان؛ دایكو باوکی ئەومنداڵانەی ئاستی خوێندنیان نزمە زیاتر پەنای بۆدەبەن لەمنداڵی ئەو خێزانانەی کە دایكو باوکیان ئاستێکی بەرزی خوێندنیان هەیە؛ منداڵی ئەوخێزانانەی کە داهاتیان ناوەندە زیاتر پەنای بۆدەبەن لەو خێزانانەی کە داهاتیان کەمە یان زۆرە؛ زۆربەی ئەو قوتابیانەی کەوانەی تایبەت وەردەگرن لەهەمان مامۆستای بابەتەکەی خۆیانی وەرناگرن؛ هۆکارەکانی پەنابردن بۆ وانەی تایبەت: قورسی بابەتەکانی بیرکاریو زمانی ئینگلیزیو زمانی عەرەبییە؛ ئارەزووکردن بۆبەدەستهێنانی کۆنمرەی بەرز لەقۆناغی ئامادەیی؛ ناچالاکی وانە وتنەوە لەقوتابخانەی فەرمی؛ ئارەزوی مامۆستایان بۆزیاتر بەدەستهێنانی داهات.

**2- توێژینەوەی: عفانة والعاجز (1999)**

(هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت لەقۆناغی ئامادەییو ڕێگەکانی چارەسەرکردنی لە پارێزگای غەززە)

ئامانجی توێژینەوەکە: گەڕان بەدوای هۆکارەکانی پەنابردن بۆ وانە وتنەوەی تایبەت؛ زانینی گرنگترین ئەو وانانەی کە قوتابیان پەنا بۆ وانەی تایبەت دەبەن؛ دیاریکردنی ژمارەیەك پێشنیازو ڕاسپاردە بۆدانانی ڕێگەچارەی گونجاو بۆئەو دیاردەیە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (قوتابخانە ئامادەییەکان)، جۆری نمونە (هەرەمەکی چینایەتی) ، قەبارەی نمونەکەی (557) قوتابی لەقۆناغی ناوەندی.

ئەنجامەکانی: بڵاوبوونەوەی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك: قوتابیان ئارەزودەکەن بەرزترین نمرە بەدەست بهێنن، تەنانەت ئەگەر بۆبەدەستهێنانی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکانیش بێت لەڕێگەی مامۆستایانی تایبەتەوە؛ قورسی پرۆگرامەکانی خوێندن، لەناوەرۆكو ڕێگەکانی وانەوتنەوەدا؛ کەم توانایی مامۆستایان بۆتێگەیاندنی ناوەرۆکی بابەتەکان بۆقوتابیان؛ بینینی چەندڕۆڵێکی ناپەروەردەیی لەلایەن هەندێك لەمامۆستایانەوە، وەك: گرنگی نەدانیان بەگفتوگۆکردنی بابەتە سەرەکییەکان، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر کۆتایی هێنان بەکات دەکەنەوە. لەکاتی تاقیکردنەوەکاندا پرسیاری قورس دەهێننەوە، ئەوقوتابیانە فەرامۆش دەکەن کەوانەی تایبەتیان لاوەرناگرن؛ ئاستی خوێندەواری باوان کاریگەری نییە لەسەر وەرگرتنی وانەی تایبەت؛ ئەو وانانەی کە زۆرترین خواستی لەسەرە بریتییە لە بیرکاری بەپلەی یەکەم، زمانی ئینگلیزی بەپلەی دووەم، فیزیا بەپلەی سێ یەم؛ لەپێناو بەدەستهێنانی نمرەی بەرز بۆگەیشتن بە زانکۆیەك کەخۆی ئارەزوی دەکات لەداهاتودا؛ لەهەندێك کاتیشدا بۆ زانینی شێوازی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەیە لەڕێگەی مامۆستای تایبەتەوە.

**3- توێژینەوەی: عرابي (2006)**

(ڕەهەندە کۆمەڵایەتیو ئابورییەکانی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەتو ڕەنگدانەوەکانی لەسەر خێزانی میسری)

ئەم توێژینەوەیە لەشارۆچکەی (السنبلاوین) ئەنجامدراوە، کەسەربە پارێزگای (الدقهلیة) یە، (18) کیلۆمەتر لەشاری مەنصورەوە دوورە. ئامانجەکانی: دیاریکردنی ئاستی بڵاوبوونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی؛ دیاریکردنی هەڵوێستی خێزان بەرامبەر ئەم دیاردەیەو فراوانبوونی لەم ساڵانەی دواییدا؛ دەستنیشانکردنی گرنگترین تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتیو ئابورییەکانی خێزانی ئەوقوتابیانەی کەوانەی تایبەت وەردەگرن؛ دۆزینەوەی

شوێنەوارە کۆمەڵایەتیو ئابوریو فێرکارییەکان کەوانەی تایبەت لەگەڵ خۆی دەیهێنێت؛ دۆزینەوەی هەندێك رێگەچارەی پێویست بۆڕوبەڕو بونەوەی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەتو سنوردانان بۆیی. میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لە میتۆدی وەصفی شیکاری، لەومیتۆدەشدا شێوازی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی وەرگرتووە. قەبارەی نمونەکەی پێکهاتووە لە (374) خێزان کە منداڵیان لە قۆناغی ئامادەییە. بەرێگەی هەڕەمەکی هەڵبژاردوون. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە: پرسیارنامە لەگەڵ چاوپێکەوتنی کەسی. ئامرازە ئامارگرییەکانیشی بریتی بوون لە: ڕێژەی سەدی، دووبارە بوونەوە، ناوەندە ژمێرەو کای سکوێر.

ئەنجامەکانی: وانەوتنەوەی تایبەت بووە بەیەکێك لەدیاردە کۆمەڵایەتییە باوەکان لەکۆمەڵگەی میسریدا، لەنێوچینو ئاستەجیاوازە کۆمەڵایەتیو ئابورییەکاندا، شێوەیەکی بەردەوامی وەرگرتووەو خێزانەکان ناچاردەکات؛ زۆربەی قوتابیان لەپێش زانکۆ وانەی تایبەت وەردەگرن لەزۆربەی وانەکاندا؛ وانەی تایبەت بووە بەپێوەرێك بۆئەوەی باوان بەرپرسیارێتی خۆیان دەربخەن بەرامبەر خزمەتکردن بەمنداڵەکانیان؛ پەیوەندی نێوان قوتابخانەو خێزانەکان لاوازە. زۆربەی خێزانەکان دژی وانەی تایبەتن، لەبەرئەوەی بەندێکی زیادەیەو خەرجییەکی زیاد دەخاتە سەر خێزانەکان، بەشێکی کەمیشیان لەگەڵ بونی وانەی تایبەت بوون، لەبەرئەوەی منداڵەکانیان بەباشی فێرناکرێن لەقوتابخانەی فەرمی ناچاردەبن پەنا بۆوانەی تایبەت بەرن، لەپێناوتێگەیشتنو بەدەستهێنانی پلەی باشترو گەیشت بە زانکۆی باشتر لەداهاتودا؛ لەگەڵ فشاری مامۆستاکان لەسەر قوتابیانو ناچارکردنیان لەسەر وەرگرتنی وانەی تایبەت لەلایان.

**4- توێژینەوەی: التميمي (2007)**

(هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وانە وتنەوەی تایبەتو ئەنجامەکانی لەقوتابخانە ئامادەییەکاندا-لەئەردەن)

ئامانجەکانی: زانینی هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی وانەوتنەوەی تایبەتو ئەنجامەکانی لەروانگەی بەڕێوەبەرو مامۆستاو قوتابیانی ئامادەییەوە، قەبارەی نمونەکەی پێکهاتووە لە (20) بەڕێوەبەر (500) مامۆستاو (500) قوتابی شاری (الزرقاء)، نمونەی توێژینەوەکەی پێکهاتووە لە (بەڕێوەبەرو مامۆستاو قوتابیانی ئامادەیی). ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە سێ پرسیارنامە. ئامرازە ئامارگرییەکانی بریتییە لە ناوەندی ژمێریو لادانی پێوەریو t.test.

ئەنجامەکانی، لەروانگەی بەڕێوەبەرەکانەوە: مامۆستاکان قوتابیان هاندەدەن بۆئەوەی وانەی تایبەت وەربگرن؛ لاسایی کردنەوەی قوتابیان بۆئەوقوتابیانەی وانەی تایبەت وەردەگرن؛ لاوازی خوێندن لە قوتابخانە فەرمییەکاندا. لەروانگەی مامۆستاکانەوە: کەمی داهاتی مامۆستا گرنگترین هۆکارێکە بۆبڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە؛ سەرقاڵبونی هەندێك لەمامۆستاکان بەکاری لاوەکی

دەرەوەی قوتابخانەو دەست بەتاڵ نەبونی تەواو بۆ وانەوتنەوە؛ ئارەزوی باوان بۆئەوەی منداڵەکانیان لەبەرزترین زانکۆ وەربگیرێن. لەڕوانگەی قوتابیانەوە دەگەڕێتەوە بۆ: ئارەزوی باوان بۆوەرگرتنی کۆنمرەی بەرز؛ بۆ یارمەتیدانی ئەرکەکانی قوتابخانە، پێشکەشکردنی پرسیار هاوشێوەی پرسیاری تاقیکردنەوەکان.

**5- توێژینەوە: عەلی (Ali 2013)**

(وانەوتنەوەی تایبەت لە ئەردەن: هۆکارو کاریگەرییەکانی)

ئامانجەکانی: گەڕان بەدوای هۆکارە پاڵنەرو هاندەرەکانی وتنەوەی وانەی تایبەت؛ کاریگەرییە کۆمەڵایەتیو فێرکاریو ئابورییەکانی. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری: توێژەر پشتی بەستووە بەو داتایانەی کەوەزارەتی پەورەدەی ئەو وڵاتە بڵاوی کردونەتەوە لەسەرهەمان دیاردە بەپشت بەستن بەپرسە توێژینەوە (دراسە استطلاعیة). لەهەمانکاتدا توێژەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ شەش فۆکس گروپ لە سێ پارێزگا ئەنجامداوە، ئەم سێ پارێزگایەش نوێنەرایەتی (71.4%) ی دانیشتوانی ئەردەن دەکەن (عمان38.7%)، (اربد17.8%)، (الزرقاء 41.9%). لەگەڵ ڕەچاوکردنی یەکسانی لەنێوان نێرومێو ئاستی خوێندەواریو ئاستی داهاتو تەمەنی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە.

ئەنجامەکانی: وانە وتنەوەی تایبەت گرفتێکی گەورەی ئابوریو فێرکاریو کۆمەڵایەتی خێزانەکانە، کاریگەری ئابوریو کۆمەڵایەتی گەورەی لەسەر خێزانەکان دروستکردووە؛ باوان هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆپەیداکردنی سەرچاوەی دارایی، بۆدابینکردنی وانەی تایبەت بۆمنداڵەکانیان؛ خوێندن لەنێوماڵدا گرفت لەنێوخێزانەکان دروست دەکات؛ ئەم دیاردەیە خوێندنی فەرمی لاواز دەکات.

**6- توێژینەوەی: زميري ( 2013)**

(کاریگەری وانە وتنەوەی تایبەت لەسەرکارلێکی قوتابیان لەپۆلدا-قوتابیانی پۆلی سێ یەمی ناوەندی وەك نمونە)

ئەم توێژینەوەیە لە شاری (بَسكرة) ئەنجامدراوە. ئامانجەکانی: کاریگەری وانە وتنەوەی تایبەت چییە لەسەرکارلێکی پۆلی لای قوتابیان؛ بۆگەیشتن بەکۆمەڵێك ئەنجام کە ڕەنگە ببێت بەسەرچاوەیەك بۆ توێژەران لەم پسپۆڕێتییەدا؛ دۆزینەوەی کۆمەڵێك دۆز کە پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی هەیە بەمەودای کاریگەری وانەوتنەوەی تایبەت لەسەرکارلێکی پۆلی لای قوتابیان؛ بەشداری وانەی تایبەت لە زیادکردنی چالاکییەکانی قوتابی لەناوپۆلدا. قەبارەی نمونەکەی پێکهاتووە

له (707) قوتابی لەهەردوو ڕەگەز، جۆری نمونەکەی (مەبەستدارە). میتۆدی توێژینەوەکەی وەصفییە. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لە: تێبینی، پرسیارنامە.

ئەنجامەکانی: زۆربەی ئەوانەی وانەی تایبەت وەردەگرن، لەبەرئەوەیە کە لە پۆلدا تێناگەن لەوانەکان؛ زۆربەی لێتوێژراوان ئاماژە بەوەدەکەن وانەی تایبەت یارمەتی داون لەزیادکردنی چالاکییەکانیان لەپۆلدا؛ وانەی تایبەت بەڕێژەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە لەسەر ئەنجامەکانی کۆتایی؛ زۆربەشیان ئاماژە بەوەدەکەن کەوانەی تایبەت بووە بەپێویستییەکی هەنوکەیی.

**دووەم/ توێژینەوەی بیانی:**

**1- توێژینەوەی: Tansel and Bircan (2006)**

(خەرجی وانە وتنەوەی تایبەت لەتورکیا)

ئامانجەکانی: خستنەڕوی سیما گشتییەکانی ئەم دیاردەیە لە سەنتەرەکانی وانە وتنەوەی تایبەت، کەلەتورکیا پێی دەڵێن (Dersane)، لەگەڵ دیاریکردنی تێچونەکانی ئەم دیاردەیە لەتورکیا. بەبەکارهێنانی ئەنجامەکانی ڕوپێوی خەرجی خێزانەکان لەساڵی (1994) کەلەلایەن پەیمانگای ئاماری حکومەتی تورکیاوە ئەنجامدراوە لەسەر (4279) خێزان، کەسەرجەمی خەرجییەکانی خێزان لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ئاستی خوێندەواری دایكو باوکو هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی خێزان.

ئەنجامەکانی: (94,70%)ی ئەو خێزانانە مامۆستای تایبەتیانگرتووە بۆ منداڵەکانیان، لەوخێزانانەن کەدەرامەتی باشتریان هەیەو ئاستی خوێندنی دایكو باوکیان بەرزە خەرجییەکی زیاتر دەکەن بۆ وەرگرتنی وانەی تایبەت بۆمنداڵەکانیان؛ بەرزبوونەوەی تێچونی وانە وتنەوەی تایبەت لەگەڵ تەمەنی سەرۆك خێزان بەرزدەبێتەوە، بەڵام بەڕێژەیەکی کەم؛ ئەم دیاردەیە بارێکی قورسی خستوتەسەر داهاتی خێزانەکان؛ دایك کاربکات یان کارنەکات، کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێت لەسەرخەرجی وانە وتنەوەی تایبەت؛ بونی دایك بەسەرۆك خێزان، هۆکارێکە بۆزیاترکردنی خەرجی وانە وتنەوەی تایبەت؛ بەرزی ئاستی خوێندنی باوان کاریگەری دەبێت لەسەر زیادبونی خەرجی بۆ وانەی تایبەت؛ تێچونی وانە وتنەوەی تایبەت لەناوچە شارنشینییەکان زیاترە بەراورد بەناوچە گوندنشینییەکان؛ ڕێژەیەکی زۆرلەخێزانەکان (80-87%) بەڕێژەی (1-15%) ی داهاتی مانگانەی خێزانەکانیان تەرخانکردووە بۆ وانەی تایبەت؛ وانە وتنەوەی تایبەت دیاردەیەکی بەربڵاوە لەتورکیا، بەتایبەتی لای ئەوانەی کە دەچنە پێشبڕکێوە بۆوەرگرتن لە زانکۆ.

### 2- توێژینەوەی: Dang (2007)

(کاریگەرییەکانی وانە وتنەوەی تایبەت لە ڤێتنام)

ئامانجی: دیاریکردنی کاریگەری خەرجی بۆ وانەی تایبەت لەسەرخێزانەکانو ئاستی زانستی قوتابیان. ئەم توێژینەوەیە داتاکانی دامەزراوەی ئاستەکانی گوزەرانی خێزانەکانی ڤێتنامی بەکارهێناوە لەساڵەکانی: (1997-1998) کەڕوپێوی خێزانەکان دەکات لەسەر ئاستی نیشتیمانی بەهاوکاری نوسینگەی ئاماری گشتی لەڤێتنام، لەگەڵ کەمێك سود وەرگرتن لەئاماری ساڵی (1992-1993). ئەم ڕوپێوە پێنج پرسیارنامەی خێزانی بەکارهێناوە لەسەر خەرجی خوێندن. (6000) خێزانی گرتوتەوە لەسەرتاسەری وڵاتدا، لەگەڵ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر خوێندەواری تاکەکان لەئێستاو لەڕابوردوودا، پرسیارنامەکە بەشێوەیەکی بەش بەشو دورودرێژ لەسەرخەرجی خوێندن ڕێکخراوە، وەك تێچونی خوێندن، بەشدارییەکان لە کۆمەڵەی باوکان، کڕینی کتێب، خەرجی بۆ وانەی تایبەت بۆهەرفێرخوازێك، خەرجی گواستنەوە.

ئەنجامەکانی: خێزانی ڤێتنامی لەبەر وانەی تایبەت پێویستیان بە بودجەیەك هەیە بۆمنداڵەکانیان لەقۆناغی سەرەتاییو ناوەندی؛ وانەی تایبەت لە قۆناغەکانی ئامادەیی داخوازییەکی زۆری لەسەرە؛ هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر جیاوازیکردن لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا لەسەر خەرجی وانەی تایبەت؛ قوتابیانی کەمینە ئێتنیکییەکان کەمتر خەرجدەکەن بۆ وانەی تایبەت؛ خێزانە دەوڵەمەندەکان خەرجی زیاتر دەکەن بەراورد بەخێزانە هەژارەکان؛ ڕێژەی (1% بۆ 5% ) داهاتی خێزانەکان خەرج دەکرێت بۆ وانەی تایبەت.

ئەوەش دەخاتەڕوو کەوانەی تایبەت کاریگەری زۆری لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان هەیە لەسەر هەمو نمونەکان. ئەگەر بێتو لەلایەن داڕێژەرانی سیاساتی پەروەردەییەوە ئاراستە بکرێتو بەیاسا ڕێکبخرێت، کاریگەری زۆری لەسەر باشترکردنی ئاستی زانستی قوتابیان دەبێت. بەباشکردنی جۆرایەتی خوێندن لە قوتابخانەکانداو باشترکردنی خزمەتگوزارییەکانی مامۆستایان ئەم دیاردەیە کۆنترۆڵ دەکرێت.

### 3- توێژینەوەی: Watson (2008)

(پێشبینی تایبەتیو خوێندنی گشتی: فراوانبوونی وانە وتنەوەی تایبەت لە ئوسترالیا)

ئامانجەکانی: شیکردنەوەی هۆکارو کاریگەرییەکانی وانە وتنەوەی تایبەت لەئوسترالیا؛ ڕادەی فراوانی وانەی تایبەتو سیماگشتییەکانی سیستمی خوێندنی فەرمیو داهاتی خێزانو تێچوی

خێزانەكان بۆ ئەم جۆرە لە وانە وتنەوە؛ باجی خوێندنی فەرمیو چۆنایەتیو پاڵپشتی دارایی دەوڵەت بۆ وانەی تایبەت؛ ئەودەستپێشخەریانەی حكومەتی ئوسترالی گرتویەتییەبەر بۆپاڵپشتی وانە وتنەوەی تایبەت بەمەبەستی چارەسەری گرفتەكانی خوێندن. توێژینەوەكە پشت بەوداتا نێودەوڵەتیانە دەبەستێت كەنوسینگەی ئاماری ئوسترالی بڵاوی كردونەتەوە، لەگەڵ ئەوئامارانەی هەمان دامەزراوە پێنج ساڵ جارێك لەسەرخەرجی خێزانەكانی ئوسترالیا بڵاوی دەكاتەوە، سەرجەمی داهاتو خەرجییەكانی خێزانەكان لەخۆدەگرێت، زیاترلە (600) كاڵاو خزمەتگوزاری بەتێچوی خوێندنی فەرمیو تایبەتو وانەی تایبەتیشەوە. (7000) خێزانی ئوسترالی لەساڵی (2006)ی وەرگرتووە. ئاستی بەشداری ئوسترالیا لەوانەی تایبەت هەڵدەسەنگێنن لەگەڵ خەرجی بۆ وانەی تایبەتو خوێندنی تایبەت.

ئەنجامەكانی: خەرجی بۆ وانەی تایبەت زیاددەكات لەگەڵ بەرزبوونەوەی داهاتی خێزانەكان، لەگەڵ زیادبوونی بەردەوامی خەرجی بۆخوێندن لەقوتابخانە تایبەتەكاندا؛ داتاكانی توێژینەوەكە ئەوەی دەرخستووە خەرجی بۆ وانەی تایبەت لە (New South Wales) زیاترە لە (Victoria) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆپێكهاتە بونیادییەكانی سیستمی خوێندن. لە (نیوساوس ویلز) سیستمی تاقیكردنەوەی گشتی هەیە بۆچونە ناو زانكۆ، بەڵام لە (ڤیكتوریا) سیستمی هەڵسەنگاندن هەیە. بەڵگەیەكمان نەبینییەوە بیسەلمێنێت كە دەستپێشخەرییەكانی حكومەتی ئوسترالی بۆپاڵپشتی وانە وتنەوەی تایبەت بۆئەوانەی دەكەونە ژێر هێڵی نەخوێندەوارییەوە كاریگەری هەبووبێ، بەراورد بەشێوەكانی تری فێركاری؛ ئەزمونی وڵاتانی تر ئاماژە بەوەدەكەن وانەی تایبەت پێویستە چاودێری بكرێتو هەڵسەنگاندن بۆتێچونەكانی بكرێت؛ بەڵگەیەكیش لەبەردەست نییە بۆكاریگەری دورمەودای وانە وتنەوەی تایبەت لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان؛ ئەم دیاردەیە ئێستا دیاردەیەكی جیهانییە.

**4- توێژینەوەی: Bento and Riberir (2010)**

(دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەتو كاریگەرییەكانی لەسەر خوێندنی فەرمی لەپورتوگال)

ئەم توێژینەوەیە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی مادیرا ئەنجامدراوە. ئامانجی توێژینەوەكە بریتییە لەوەصفكردنو شیكردنەوەی سروشتی فراوانبونی وانە وتنەوەی تایبەت لەخوێندنی ئامادەیی، بەتایبەتی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، كە قۆناغی گواستنەوەی قوتابییە بۆخوێندنی باڵا. قەبارەی نمونەكەی پێكهاتووە لە (413) قوتابی نێرو مێ. ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری بریتییە لە پرسیارنامە، لەگەڵ بەكارهێنانی هەگبەی ئاماری (SPSS) بۆ شیكردنەوەی داتاكان.

ئەنجامەکانی: ڕێژەیەکی زۆر لەقوتابیان پەنادەبەن بۆ وانەی تایبەت، لەناو وانەکانیشدا بیرکاری بەڕێژەیەکی زۆرداخوازی لەسەرە؛ لەڕوی مادیشەوە مانگانە لەسەروی (70) یۆرۆ خەرج دەکەن بۆهەرمانگێك؛ زۆربەی قوتابیان لەسەنتەرەکانی بەهێزکردن وانەی تایبەت وەردەگرن، لەدوای سەنتەرەکانیش وانە وەرگرتن لەماڵ دێت؛ زۆربەی قوتابیانی بەشداربوو ئاماژە بەئەرێنی بوونی وانەی تایبەت دەکەن بەڕێژەی (83,7%).

**5- توێژینەوەی: Hon (2010)**

(وانە وتنەوەی تایبەت لە هۆنگ کۆنگ)

ئامانجەکانی: دۆزینەوەی پەیوەندییە لەنێوان هەرسێ لایەنی مامۆستاو قوتابیو باوان. توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا بۆدەستکەوتنی زانیاری ڕاستەوخۆ، پشتی بەستووە بەچاوپێکەوتنو تێبینی بەبەشداریی (الملاحظة بالمشاركة). چاوپێکەوتنی کردووە لەگەڵ (15) مامۆستای تایبەت (10) قوتابی ئامادەیی (5) قوتابی قۆناغی سەرەتایی (5) باوان (35) یەکە بەشێوەی ڕووبەڕوو پەیوەندی تەلەفۆنی کەسەرجەمیان لەخێزانە کرێکارو چینی ناوەڕاستبوون، لەبەرئەوەی زۆربەی دانیشتوانی هۆنگ کۆنگ لەم چینەن. لەگەڵ سەردانیکردنی سێ خێزان.

ئەنجامەکانی: مەبەستی وانەوتنەوەی تایبەت جیاوازە لە دیدی هەرسێ توێژەکەوە. لە دیدی باوانو قوتابیانەوە وانەی تایبەت ڕێگەیەکە بۆئەوەی ببن بە دەستەبژێری کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی لەداهاتودا وەبەرهێنان بکەن لەخوێندنداو سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لەبەرئەوەی یارمەتی کەڵەکەبوونی سەرمایەی کولتوریو دەرونی قوتابی دەدات. بەڵام سەبارەت بە مامۆستا تایبەتەکان، جگە لەهۆکارە ئابورییەکان، هەندێکیان بۆخود جێ بەجێکردن (تحقيق الذات self-realization) وانەی تایبەت دەڵێنەوە، گەشەکردنی کەسایەتیو پێشکەتنو گەڕان بەدوای خوددا، لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندی لەنێوان خێزانی قوتابیو قوتابیو مامۆستاوە؛ پەیوەندی نێوان مامۆستایانی تایبەتو قوتابیان کۆتایی پێ دێت بەکۆتایی هاتنی خوێندن، ڕێژەیەکی زۆرکەمیا نەبێت.

**6- توێژینەوەی: Asankha (2011)**

(داخوازی لەسەر وانە وتنەوەی تایبەت لەژێر سێبەری خوێندنی بەخۆڕاییدا: سریلانکا وەك نمونە)

ئامانجەکانی: زانینی هۆکارەکانی داخوازی لەسەر وانەی تایبەتو کاریگەری دیاردەکە لەسەر داهاتو خەرجی خێزانەکان، خستنەڕوی خەرجی خوێندن بەهۆی گۆڕانی کاتەوە. لەتوێژینەوەکەیدا پشتی بەستووە بەو زانیاریانەی کە فەرمانگەی ئامارو سەرژمێری سریلانکی لەسەر خەرجیو داهاتی خێزانەکان، کە پێنج ساڵ جارێك بڵاوی دەکاتەوە لەسریلانکا، لەساڵەکانی

(1995-1996) و (2006-2007) ئەم ڕوپێوە زۆربەوردی خەرجی خێزانەکان تۆماردەکات. میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهێناوە. قەبارەی نمونەکەی پێکهاتووە: (25000) خێزان، لەسەرتاسەری وڵاتدا، لەم توێژینەوەشدا تەنها ئەوخێزانانەی وەرگرتووە کە منداڵەکانیان تەمەنیان: لەنێوان (6-12) ساڵدایە. ڕوپێوەکە بەشێوەی چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆی کەسی بەڕێگەی ڕوپێی کۆمەڵایەتی کراوە.

ئەنجامەکانی: ئاماژە بەفراوانبونی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت دەکات لەسریلانکا، بەتایبەتیش ئەوقوتابیانەی کە نزیکدەبنەوە لەتاقیکردنەوە نیشتیمانییەکان، ئەمەش سەرچاوەی دڵەڕاوکێیە بۆداڕێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی‌و کەرتی پەروەردەی سریلانکی، ڕەنگە ببێتەهۆی شێواندنی مەبەستەکانی خوێندنی خۆڕایی؛ گۆڕانێکی زۆر بەسەر خەرجی خوێندنی تایبەتیدا هاتووە لەنێوان هەردوو ئاماری ساڵەکانی (1995-1996 ) بەجۆرێك لەساڵەکانی (2006-2007) بووە بە پێویستی‌و بارێکی ئابوری قورس لەسەر داهاتی خێزانەکان؛ خێزانە گوندنشینەکان داخوازیان لەسەر وانەی تایبەت کەمترە بەراورد بە شارنشینییەکان.

### 7- توێژینەوەی: Park et al. (2011)

(بەشداری باوان لەکاروباری خوێندنی منداڵەکانیان‌و ئەنجامکانی دەرکپێکردنی: لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر وانە وتنەی تایبەت)

ئامانجەکانی: دیاریکردن‌و کاریگەری ئەوشوێنەوارانەی کەلە چالاکییەکانی وانە وتنەوەی تایبەت دەکەوێتەوە، بەراورد بەوچالاکیانەی تر کەلەقوتابخانەو لەماڵەوە باوان بەشداردەبن تیایدا. توێژەر گریمانەی ئەوەدەکات فراوانبوونی بەشداری باوان لە چالاکییە فێرکارییەکانی منداڵەکانیاندا لەکۆریا لەچوارشێوەدا خۆی دەخاتەڕوو: گفتوگۆکردن لەگەڵ منداڵەکانیان سەبارەت بەخوێندیان؛ چاودێریکردنی چالاکییە فێرکارییەکانی منداڵەکانیان؛ پەیوەندیکردن بەقوتابخانەکانیانەوە؛ پەنابردن بۆ وانەی تایبەت. توێژەران لەتوێژینەوەکەیاندا پشتیان بەستووە بەنمونەی نوێنەرایەتی (تمثیلی) لەقوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، لەتوێژینەوەی بەدرێژی (Longitudinal) بۆ پەروەردە لەکۆریا کە (پەیمانگای کۆری بۆ پەروەردەو پەرەپێدان) ئەنجامیداوەو لەلایەن حکومەتی کۆریەوە پشتگیری دارایی دەکرێت. کۆتا ڕوپێوی گشتگیرو بەدرێژایی کەسەرجەم گۆڕانکارییەکانی ئاستی زانستی قوتابیان‌و هەڵوێست لەسەر سەرچاوە پەروەردەییەکان‌و تاقیکردنەوەو پشتگیری سیماگشتییەکانی بونیادی خوێندنی ناوەندی لەکۆریا ئاماژەی پێکراوە. ئەم پەیمانگایە دوونمونەی چینایەتی هەڵبژاردووە بەدووقۆناغ: قۆناغی یەکەم قوتابخانە ناوەندییەکان کەبەشێوەی هەڕەمەکی نمونەکەی هەڵبژاردووە لەچوار ناوچەی جیاواز کەگونجاوبێت لەگەڵ قەبارەی دانیشتوان. دووەمیان

نزیکەی (50) قوتابی لەپۆلی حەوتەم بەشێوەی هەرەمەکی هەڵبژێردراون لەنێو قوتابخانە. لە (2005) کۆی (6908) قوتابی پۆلی حەوتەم لە (150) قوتابخانە لەناوچە جیاوازەکان نمونەی لێوەرگیراوە. دواتر چاودێری نمونەکە کراوە لەهەموسالێك. لەساڵی سێ یەم (2007) ڕوپێوکرایەوە بەڕێژەی (95% ) (5686) وەڵامیاندابویەوە لەکۆی (6905) قوتابی، سەرەڕای ئەوقوتابیانەی لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕوپێوەکەدا دورکەوتبونەوە لە خوێندن. تاقیکردنەوەی ئاستی زانستی قوتابیان لە وانەکانی بیرکاریو ئینگلیزیو زمانی کۆری. ئەنجامەکانی ئەم ڕوپێوەش یارمەتیدەرن بۆ دۆزینەوەی شوێنەوارەکانی بەشداری باوان لە چالاکییە فێرکارییەکانی منداڵەکانیاندا. بەبەکارهێنانی شیکردنەوەی ناوەرۆکیو ئەزمونگەریو وەصفی.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە زۆرو جۆراوجۆرو فرەڕەهەندی کۆمەڵایەتیو ئابوریو جوگرافین وەك: بەشداری باوان لەچالاکییە فێرکارییەکانی وانە وتنەوەی تایبەت زۆربەرزە؛ ئاستی سەردانیکردنی باوان بۆقوتابخانە زۆرلاوازە، لەکاتێکدا گفتوگۆکردنی باوان لەسەر چالاکییە فێرکارییەکانی منداڵەکانیان زۆربەرزە؛ ئەوباوكو دایکانەی ئاستی خوێندنیان بەرزە گفتوگۆی زیاترلەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن سەبارەت بەچالاکییە فێرکارییەکانی قوتابخانەو چاودێریکردنی چالاکییەکانیانو پەیوەندیکردن بەقوتابخانەو چالاکییەکانی وانەوتنەوەی تایبەت، لەو دایكو باوکانەی کە ئاستی خوێندنیان نزمە. کاریگەری بەشداری باوان لەهەڵبژاردنی مامۆستای تایبەتو سەنتەرەکانی بەهێزکردن (Hakwons) بۆ وانەی بیرکاریو ئینگلیزی زۆربەرزە؛ کاریگەری گفتوگۆی نێوان باوانو منداڵەکانیان لاوازە لەسەر چالاکییەکانی قوتابخانە؛ کاریگەری وانەی تایبەت لەسەر بیرکاریو ئینگلیزی زۆر زیاترە بەراورد بەزمانی کۆری لەبەرسروشتو تایبەتمەندییە ڕێزمانیو ئەدەبیو تێگەیشتنو خوێندنەوەی زمانی کۆری.

### 8- توێژینەوەی: Manzoor (2013)

(هۆکارەکانو پێویستی وانە وتنەوەی تایبەت لەزمانی ئینگلیزیدا لای قوتابیانی سەرەتاییو ناوەندی لەبەنگلادیش)

شوێنی توێژینەوەکە، شاری دهاکا (Dhaka city). ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەگەڕان بەدوای هۆکارەکانو پێویستی وانەی تایبەت لەزمانی ئینگلیزیدا، لای قوتابیانی قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی، بەتایبەتیش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە: هۆکارەکانی وەرگرتنی وانەی تایبەت چییە لەوانەی ئینگلیزی قۆناغی سەرەتاییو ناوەندی؟؛ ئایا وەرگرتنی وانەی تایبەت لەوانەی ئینگلیزی پێویستە؟؛ وەرگرتنی وانەی تایبەت لەوانەی ئینگلیزی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر قوتابیانی ناوەندی؟. قەبارەی نمونەکەی بریتییەلە (35) فێرخوازی نێرومێ، بەشێوەیەکی هەرەمەکی

هەڵبیژاردوون لەقوتابخانە فەرمیو تایبەتەکاندا، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە پرسیارنامەو تێبینی لەپۆلدا. پشتی بەستووە بەڕێژەی سەدی، هەردوو شێوازی چەندایەتیو چۆنایەتی بەکارهێناوە.

ئەنجامەکانی: ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە، بەجۆرێك زۆربەی قوتابیان وانەی تایبەت وەردەگرن بۆبەدەستهێنانی نمرەی باشتر لەتاقیکردنەوەکاندا بەڕێژەی (90%)؛ زۆربەی قوتابیان بۆباشتربوونی ئاستی زانستی وانەی تایبەت وەردەگرن؛ وانەی تایبەت بەقوڵایی چۆتە نێوسیستمی خوێندنەوە؛ (90%) ی قوتابیان لەزمانی ئینگلیزیدا لاوازنو پەنادەبەن بۆ وانەی تایبەت، ئەمەش ناتوانین قۆتابییەکان سەرزەنشت بکەین لەبەرئەوەی لە کاتی تێبینی توێژەر لەپۆلدا دەرکەوت کە مامۆستاکان کاتی پێویست تەرخاناکەن بۆوتنەوەی وانە لەقوتابخانە، قوتابی ناتوانێت خۆی ڕستەو ڕێزمانە گرانەکان شیکاربکات، بۆیە قوتابیش ناچاردەبێت پەنابەرێت بۆمامۆستای تایبەت یارمەتی بدات لەدەرەوەی قوتابخانە؛ لەلایەکی ترەوە وانەی تایبەت کاریگەری لەسەرژیانی ڕۆژانەی خێزانی بەنگلادیشی دروست دەکات لەبەکاربردنی کاتدا.

### 9- توێژینەوەی: Mboi and Nyambedha (2013)

(کاریگەرییەکانی وانە وتنەوەی تایبەت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی قوتابیانی بنەڕەتی لەکینیا)

شاری (کیسومو ڕۆژئاوای کینیا)، ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لەخستنەڕوی کاریگەری وانە وتنەوەی تایبەت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی قوتابیانی قوناغی بنەڕەتی لە شاری (کیسومو) لەخۆرئاوای کینیا. توێژەر هەردوو شێوازی توێژینەوەی چەندایەتیو چۆنایەتی بەکارهێناوە. پرسیارنامەو فۆکس گروپی بەکارهێناوە لەگەڵ فێرخوازەکاندا، چاوپێکەوتنیش لەگەڵ دایكو باوكو مامۆستاکاندا. نمونەکەیشی بریتییە لەقوتابیانی پۆلی شەشو حەوتو هەشت. بەشێوەیەکی هەرەمەکی سادە نمونەکەی هەڵبژاردووە بۆتوێژینەوەی چەندایەتی. لەو قوتابخانانەش (434) فێرخواز هەڵبژێردراون (401) فێرخواز وەڵامیانداوەتەوە، لەگەڵ (15) مامۆستای تایبەت. نمونەکانی تر بۆتوێژینەوەی جۆرایەتی بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژێردراون بەڕێگەی فۆکس گروپ، لەبەر زانیاری زۆریان لەسەر بابەتەکە. شیکردنەوەی زانیارییەکانی چەندایەتی لەڕێگەی بەکار هێنانی (SPSS)وە شیکراونەتەوە، ئەوەی تایبەتە بەتوێژینەوەی جۆرایەتی لە گفتوگۆکانی فۆکس گروپ بەبەکار هێنانی میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆکی خێرا ( method rapid content analysis) شیکراونەتەوە.

ئەنجامەکانی: بریاری وتنەوەی وانەی تایبەت لەلایەن مامۆستایانەوە دەدرێت؛ فێرخوازەکان هیچ بەشدارییەك لەبریاری وەرگرتنی وانەی تایبەت ناکەن لەخوێندنگەکانیاندا، تەنها

ڕۆڵیان لەئامادەبونی وانە تایبەتەکانداهەیە؛ هەرفێرخوازێك بەشداری نەکات لەوانەی تایبەتدا لەلایەن مامۆستاکانەوە سزادەدرێت، سەرجەم فێرخوازانیش بەشداری ئەو وانە تایبەتیانە دەکەن، تەنها ئەوفێرخوازانە نەبێت کەپارەی بەشداریکردنەکە نادەن، ئەوانەشی کەبەشداری لەوانەی تایبەت ناکەن بەزۆری هۆکارەکەی دەگێرنەوە بۆنەبونی دارایی پێویستو هەندێکیشیان بۆبەفیڕۆدانی کاتی دەگێرنەوە. لەڕوانگەی فۆکس گروپەوە وانەی تایبەت کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی فێرخوازان بەشێوەیەکی هەمیشەیی سەرقاڵی کاری خوێندنن، بەهیچ شێوەیەك کارلێکناکەن لەگەڵ هاوڕێکانیاندا؛ فێرخوازەکان لەبەرئەوە بەشداری وانەی تایبەت دەکەن بەباشی لەوەتێبگەن کەلەپۆلدا تێی نەگەیشتوون؛ بۆدەرچوون لە تاقیکردنەوەکانو بەدەستهێنانی زانینو نمرەی بەرز، مامۆستاکانیش بۆئەوەی داهاتی تربەدەستبهێنن بۆباشترکردنی ژیانیانو پاڵپشتی موچەکانیان وانەی تایبەت دەڵێنەوە.

توێژینەوەکەش ئەوەی دەرخست زۆربەی فێرخوازان لەبەر ئەوە پەنابۆ وانەی تایبەت دەبەن بۆئەوەی نمرەکانیان بەرز بکەنەوە، سەرەڕای ئەوەی وانەی تایبەت زۆربەی کاتەکانیان دەبات، ناتوانن بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی بکەن لەنێو خوێندنگەو کۆمەڵگەدا، ئەمەش کاریگەری لەسەرژیانی کۆمەڵایەتی هەیە بەشێوەیەکی گشتی. نیگەرانی مامۆستاکانیشی دەرخست لەکەمکردنەوەی کاتی فێرخواز بۆبەشداری لەژیانی کۆمەڵایەتی نێوکۆمەڵگەدا، لەهەمان کاتدا هەرئەومامۆستایانە بەردەوامن لەوتنەوەی وانەی تایبەت، توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخست کەهیچ هەوڵێك نییە بۆ قەدەغەکردنی وانەی تایبەت.

### 10- توێژینەوەی: Sujatha (2014)

(وانەوتنەوەی تایبەت لەهیندستان)

ئامانجەکانی: تاوتوێکردنی سروشتو مەوداو ئاراستەکانی وانە وتنەوەی تایبەتو هۆکارەکانیو هەندێك سیاساتی تایبەت بەم دۆزە. توێژینەوەکە پشتی بەستووە بەوداتایانەی لەساڵی (2005-2006) وەك بەشێك لەگەورەترین توێژینەوە لەسەرخوێندنی ئامادەیی کراوە. قەبارەی نمونەکەی بریتییە لە (4031) قوتابی لەپۆلەکانی (9 و 10) لە (49) خوێندنگە. بەڕێگەی هەڕەمەکی هەڵبیژاردوون. لەچوار ویلایەتی جیاواز ( Kerala, Maharashtra, Andhra Pardesh, and Uttar Pradesh) لە قۆناغی ئامادەیی لەهیندستان، کەنوێنەرایەتی ناوچە گوندنشینیو شارنشینییەکان دەکەن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازییە کۆمەڵایەتیو ئابورییو ڕەگەزییەکان.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوەدەکات (44,7%) قوتابیان داخوازیان هەبووە لەسەروانەی تایبەت، بەڵام لەویلایەتەکان ڕێژەکە جیاوازی هەیە، بەم شێوەیە: ویلایەتی (کیرالا) ویلایەتێکی پێشکەوتووە لەڕوی پەروەردەییەوە بەرزترین ئاستی هەیە (55%) لەدوای ئەمە ویلایەتی (ماهاراشترا)یە (49,35%) کەلەڕوی پەروەردەیی‌و پیشەسازیەوە پێشکەوتووە. لەکاتێکدا ویلایەتی (ئاندرا برادیش) کەمترین ئاستی هەیە (32,26%). لەکاتێکدا ویلایەتی ئەتار برادیش (46,67%). قوتابیانی پۆلی (10) زیاتر پەنا بۆ وانەی تایبەت دەبەن بەراورد بەقوتابیانی پۆلی (9) بەڕێژەیەکی زۆر جیاوازە، لەبەرئەوە ئەنجامەکانی پۆلی دەیەم وەرگرتن دیاری دەکات لەئامادەیی باڵاو بابەتەکان . جیاوازییەکانی داخوازی لەسەر وانەی تایبەت لەنێو ویلایەتەکاندا دەگەڕێتەوە بۆجیاوازییە کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و پەروەردەیی‌و سیاسییەکانی تایبەت بەویلایەتەکان. لەکاتێکدا چۆنایەتی خوێندن لەسەرجەم ویلایەتەکاندا وەك یەکە. لەویلایەتی کیرالا پێشبڕکێ زۆربەرزە بۆ چوونە نێو ئامادەیی باڵاو باوان فشار دەکەن لەسەر منداڵەکانیان نمرەی بەرز بەدەست بهێنن، سەرەڕای ئەوەی هەڵمەتی دژ بەنەخوێندەواری لەم ویلایەتە هەیە.

جیاوازییەکانی داخوازی لەسەر وانەی تایبەت لە ناوچە شارنشینییەکان (64%) زۆربەرزە بەراورد بەناوچە گوندنشینییەکان (29,03%) هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ: بونی کێبەرکێ یەکی زۆر لەنێوقوتابیانی شارنشینیدا؛ باوانی شارنشینی بەشێوەیەکی ڕێژەیی لەڕوی پەروەردەیی‌و ئابورییەوە باشترن لە گوندنشینییەکان‌و دەتوانن مامۆستای تایبەت بگرن بۆمنداڵەکانیان؛ هەستکردن بەگوناه لای باوانی چینی ناوەڕاست بەرامبەر بەمنداڵەکانیان لەوەی کەناتوانن مامۆستایان بۆبگرن؛ هۆکارەکانی پەنابردن بۆوانەی تایبەت: بۆبەدەستهێنانی نمرەی بەرزە لەتاقیکردنەوە گشتییەکاندا؛ باوانیش منداڵەکانیان هاندەدەن بەشداری لەوانەی تایبەت بکەن بۆبەدەستهێنانی نمرەی بەرز؛ زۆرینەی خواستەکان لەسەر وانەی بیرکارییە بەپلەی یەکەم؛ زۆربەی قوتابیان بۆسێ وانەو زیاتر مامۆستای تایبەت دەگرن؛ بەڕێژەی (74%) لەسەرەتای ساڵی خوێندنەوە دەڕۆن بۆوانەی تایبەت تاکۆتایی ساڵ، سێ لەسەرچواری قوتابیان لەسەنتەرەکانی بەهێزکردن وانەی تایبەتیان وەرگرتووە؛ یەك لەپێنجی قوتابیان هەمان ئەو مامۆستایانە وانەیان پێ دەڵێن کە لەقوتابخانەی فەرمی وانە دەڵێنەوە، بەڵام ئەمە لەویلایەتی ئەندرا برادیش جیاوازە (58,1%)ی قوتابیان هەمان مامۆستا وانەیان پێ دەڵێتەوە. لەلایەکیترەوە هۆکارە ئەکادیمی‌و کەسی‌و کۆمەڵایەتییەکانی پەنابردن بۆوانەی تایبەت بریتین لە: هۆکاری زانستی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی توانای تێگەیشتن لە شیکردنەوەی وانەکان لەپۆلدا، لاوازی فێرکردن، دەرچوون لەتاقیکردنەوەکان. هۆکاری کەسیش

بەدەستهێنانی نمرەی بەرزە. هۆكارە كۆمەڵایەتییەكانیش فشاری هاوڕێیانو باوان كاریگەری زۆری لەسەر وەرگرتنی وانەی تایبەت هەیە، لەكاتێكدا ئەم هۆكارە زۆرباوە.

**سێ یەم/ بەراوردكردنی توێژینەوەكانی پێشوو بەم توێژینەوەیە**

لەمیانی خستنە ڕوی توێژینەوەكانی پێشوو (عەرەبیو بیانی)، هاوشێوەو نزیك لەتوێژینەوەكەمان، لەكۆمەڵگەو وڵاتانی جیاواز ئەنجامدراون، بۆمان دەركەوت لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا جیاوازو هاوشێوەبوون لەهەندێ ڕووەوە، لێرەدا ئاماژە بەخاڵە لێكچوو جیاوازەكان دەكەین:

**1- لەڕوی ئامانجەوە:** لەڕوی ئامانجەوە ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوە عەرەبییەكاندا زۆر نزیكن لەیەكدی، تەنها لەگەڵ ئامانجەكانی توێژینەوەی زمیریدا تاڕادەیەك جیاوازن، ئامانجەكەی زیاتر جەخت لەسەر كاریگەری وانەی تایبەت دەكاتەوە لەسەركارلێكی قوتابیان لەپۆلدا. لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەی (Watson)و (Asankha)و (Partk) زۆرنزیكن لەیەكترییەوە، بەڵام لەگەڵ توێژینەوەكانی تردا، جیاوازو تاڕادەیەك نزیكن لەیەكتری.

**2- لەڕوی بەكارهێنانی میتۆدەوە:** ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە توێژینەوە عەرەبییەكان لەڕوی بەكارهێنانی میتۆدەوە، لەبەرئەوەی توێژینەوەعەرەبییەكان تەنها پشتیان بەستووە بە میتۆدی وەصفی، ئەمەش بەشێكە لەمیتۆدی بەكارهێنراو لەتوێژینەوەكەی ئێمەدا، كەپشتمان بەستووە بەمیتۆدی (Triangulation) هاوكات میتۆدی وەصفی شیكاری ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بەنمونە بەشێكە لەمیتۆدی بەكارهاتو لەتوێژینەوەكەماندا، لەبەرئەوە لەڕوی میتودەوە جیاوازە لەتوێژینەوە عەرەبییەكان. لەگەڵ توێژینەوە بیانییەكانی (Manzoor)و (Mboi and Nyambedha) نزیكن لەیەكتریو لەگەڵ توێژینەوە بیانییەكانی تردا جیاوازن لەیەكتری.

**3- لەڕوی جۆرو قەبارەی نمونەوە:** توێژینەوە عەرەبییەكان لەڕوی جۆری نمونەوە زۆرنزیكن لەجۆری نمونەی توێژینەوەكەمان، بەزۆری هەرەمەكی چینایەتی یاخود هەرەمەكیان بەكار هێناوە جگەلە توێژینەوەی (زمیری) كەجۆری نمونەكەی مەبەستدارە، قەبارەی نمونەكەیشی بریتییەلە (700) قوتابی لەهەردوو ڕەگەز. لەكاتێكدا قەبارەی نمونەكانیان جۆراوجۆرن بەپێی سروشتی

کۆمەڵگەی توێژینەوەکانیان دەگۆڕێت، بەجۆرێك لەنێوان: (374 بۆ 1020) یەکە دەبێت. لەکاتێکدا توێژینەوە بیانییەکانی: (Tansel, Dang, Watson, Asankha, Park, Sujatha) نزیکنین لەتوێژینەوەکەمان لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوانە بۆ کۆکردنەوەی داتا پشتیان بەستووە بەسەرچاوەی لاوەکیو داتاکانی ڕوپێوی تریان بەکارهێناوەو قەبارەی نمونەکانیان زۆرە، لەنێوان: (2500 بۆ 7000) دەبێت، بەڵام نزیکن لەتوێژینەوەکانی: (Bento, Hon, Manzoor, Mboi)، قەبارەی نمونەکانیشیان لەنێوان: (35-434) دەبێت.

**4- لەڕوی کۆکردنەوەی داتاو ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە:** ئەم توێژینەوەیە لەڕوی جۆری کۆکردنەوەی زانیارییەوە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوە عەرەبییەکاندا کەپشتی بەستووە بەکۆکردنەوەی داتا بەشێوەی سەرەکی. لەڕوی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە لەتوێژینەوەی (عرابي) نزیکە کەپرسیارنامەو چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە، جیاوازە لەوانیتر لەڕوی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەوە. بەڵام جیاوازە لەتوێژینەوە بیانییەکانی: ( Tansel, Dang, Watson, Asankha, Park, Sujatha) لەبەرئەوەی پشتیان بەستووە بە سەرچاوە لاوەکییەکان بۆکۆکردنەوەی زانیاری. لەکاتێکدا نزیکە لەتوێژینەوەکانی (Bento, Hon, Manzoor) کەپەنایانبردووە بۆسەرچاوەی سەرەکی بۆکۆکردنەوەی داتاو هاوکات پرسیارنامەو تێبینیو چاوپێکەوتنیان بەکارهێناوە. لەبارەی بەکارهێنانی فۆکس گروپەوە جیاوازە لەسەرجەم توێژینەوەکان، جگە لەتوێژینەوەی (Ali, 2013)و (Mboi and Nyabedha, 2013)

**5- جیاوازی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشودا:** ئەم توێژینەوەیە جگە لەپشت بەستن بەمیتۆدی وەصفی شیکاری، پشتی بەستووە بە میتۆدی (Triangulation) بۆشیکردنەوەی لایەنی چەندایەتیو چۆنایەتی بەشێوەیەکی تەریببون (بتوازي). ناوەندی سەنگکراو وەك ئامرازێکی ئامارگری بەکارهێناوە. لەڕوی هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی نمونەوە، ئەم توێژینەوەیە، (قوتابیانی پۆلی (12) و (1) ی کۆلێژو باوانو مامۆستایانی تایبەتو گشتیو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕی وەرگرتووە). کەهیچکام لەتوێژینەوەکانی پێشو ئەم شێوازانەیان بەکارنەهێناوە.

جیاوازییەکی تری دیاری هەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی تردا، ئەویش بریتییە لەکۆمەڵگەی کوردی کەزۆر جیاوازە لە سەرجەم ئەو کۆمەڵگەیانەی توێژینەوەکانی تیادا ئەنجامدراوە، لەڕوی کولتورەوە.

## بەشی سێ یەم:

## دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت

یەکەم/ مێژووی وانە وتنەوەی تایبەت

دووەم/ وانە وتنەوەی تایبەت وەك دیاردەیەکی جیهانی

سێ یەم/ هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت

چوارەم/ ڕەنگدانەوەکانی وانە وتنەوەی تایبەت

پێنجەم/ کاریگەری وانە وتنەوەی تایبەت لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان

## بەشی سێ یەم

## دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت

ئەم دیاردەیە ڕەگـو ڕیشەو مێژوو وهۆكارو كاریگەری خۆی هەیە؛ لەم بەشەدا جەخت لەسەر مێژوو وهۆكارو كاریگەرییەكانی دەكەینەوە، لەگەڵ ئاستی فراوانی بڵاوبونەوەی دیاردەكە لەهەندێك وڵاتانی جیهاندا.

**یەكەم/ مێژووی وانە وتنەوەی تایبەت:**

لەدێرزەمانەوە، پێش دروستبوونی قوتابخانە، خێزانە ساماندارو دەستڕۆیشتووەكان مامۆستای تایبەتیان دەگرت بۆمنداڵەكانیان (Ireson, 2004, p.109). لەیۆنانی كۆنیش گروپێك بەناوی(سۆفستاییەكان) لەبەرامبەر ئەوەی خەڵكیان فێری فێركردن و وتاردان دەكرد كرێیان وەردەگرت (عزیز،2008، ل:1979/116). هەروەها زاناو فەیلەسوفەكانو پیاوانی ئایینی وەك ( Buddha, Tagore, Dewey) مامۆستای تایبەتیان هەبووە (S. A. Lawrence, 2012, p.11). لەپێش ئیسلامیش عەرەبە شارنشینییەكانی جەزیرە پشتیان بەوانەی تایبەت بەستبوو بۆپەروەردەكردنی منداڵەكانیان. (حمدان، 2014، ص:3).

میهل (Mehl) ئاماژە بەوەدەكات كە پەیوەندی لەمێژینەی نێوان وانە وتنەوەی تایبەتو ئامادەكارییەكان بۆتاقیكردنەوەكان، زیاتر لە (800) ساڵە هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا ( Dawson, 2010, p.15 Cited in Mehl, 2005). ئەم كۆمەڵگەیانە ماوەیەكی زۆرە پەیڕەوی لە پەروەردەی سێبەردەكەن، وانەی تایبەت بووە بەكولتورێكو لێیان جیانابێتەوە ( Byun and Park, 2012, p.42). بەتایبەتیش سەنتەرەكانی وانە وتنەوەی تایبەت مێژوویەكی دوورودرێژیان هەیە. وێنە نوێیەكەی لەیابان بریتییەلە (Juku) لەنیوەی دووەمی سەدەی ڕابوردوو لەفراوانبووندایە لە نێوقوتابیانی ئامادەییدا (Dawson, 2010, p.16 cited in Roesgaard, 2006).

فەیلەسوفی ئینگلیزی (William Whewell)[*] بەم جۆرە باس لەوانەی تایبەتو مامۆستای تایبەت دەكات لە ساڵی (1837) لە زانكۆدا: "باوەڕم وایە مامۆستای تایبەت بە شێوە جۆراوجۆرەكانییەوە لەهەمو زانكۆیەكدا هەیە، هەمیشە ڕەخنە ڕوبەڕویان دەكرێتەوە، خەرجییەكی زۆرو بێ ماناش بەقوتابی دەكەن" (Whewell, 1834, p.73).

[*] لەنێوان ساڵەكانی (1794-1866) ژیاوە.

بەڵام لەسەردەمی نوێدا وەك (مارك براى) ئاماژەی پێ دەكات، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (1990) لەگەڵ دەركەوتنی جیهانگیریو ئابوری بازاڕ، ڕواڵەتەكانی خوێندنگەی تایبەتو وانەی تایبەت دەركەوتن لەنێوهەمو چینەكاندا، لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، بەتایبەتیش لەوڵاتانی ئاسیا (De, *et al.* 2009, p.7).

**دووەم/ وانە وتنەوەی تایبەت وەك دیاردەیەكی جیهانی:**

لەم دەیەیەی ڕابوردودا وانە وتنەوەی تایبەت بووە بەدیاردەیەكی جیهانیو سنورە جوگرافیو نیشتیمانییەكانو چینە كۆمەڵایەتییەكانیشی تێپەڕاندووە، بەجۆرێك توێژەرانو داڕێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی والێكردووە بەوردی لەم دیاردەیە بكۆڵنەوە (Bray, *et al.* 2013, P.2). توێژینەوەكانیان چڕبكەنەوە بۆزانینی هۆكارەكانی بڵاوبونەوەو كاریگەرییەكانی. بووە بەسەرچاوەی دڵەڕاوكێ بۆداڕێژەرانی سیاساتی پەروەردەیی، بەگرفتێكی مەترسیدار ناویانهێناوە (Hussein, 1987, p.91).

لەكۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئۆكسفۆرد بۆخوێندنو پەرەپێدان" فێركردنو ڕێگەی ژیان" ئەموڵاتانە لە لیستی ئەو وڵاتانە بوون كەوانەی تایبەت تیایدا زۆرفراوانە: (بەنگلادیش، كەمبۆدیا، قبرص، كەنەدا، میسر، هۆنگ كۆنگ، یابان، تایوان، كۆریای باشور) (Hon, 2010, p.62 Cited in bray, 2005).

لێرەدا ئاماژە بەڕادەی فراوانی دیاردەكە دەكەین لەهەندێك وڵاتانی عەرەبیو بیانی كە وانە وتنەوەی تایبەت تیایدا فراوانە:

**1- میسر**، هارتمان (Hartman) بەم جۆرە وەصفی وانە وتنەوەی تایبەت دەكات لەمیسر: "بازاڕێكی نافەرمی بۆ خوێندن، تیایدا قوتابی كڕیارەو مامۆستا بەڵێندەروفرۆشیار! لەم بازاڕەدا خوێندن بووە بەكاڵایەك، جۆرایەتییەكەی بەندە لەسەر قەبارەی خەرجكردنی تاكەكەس!" (2008, p.7). لەبەرئەوەشە بووە بەكۆتێكی قورس بەسەر پەرەپێدانی كەرتی پەروەردەوە، لەهەمانكاتیشدا فراوان بونی گەندەڵی لەكەرتی پەروەردەدا (بدراوی، 2001، ص:30). ڕاپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی پەیمانگەی نەتەوەیی بۆپلاندانان، لەساڵی (2005) ئاماژە بەوەدەكات دوای ئەوەی ڕوپێویێكیان كردووە لەسەرگرفتەكانی خوێندن لەم وڵاتە، لە خێزانە میسریەكانیان پرسیوە لەسەرگیروگرفتەكانی خوێندن، (10%)وتویانە گرفتمان نییە، (31%)وانە وتنەوەی تایبەت

بەزۆرترین گرفت دادەنێن، (22,5%) لەخێزانەکان بە دووەم زۆرترین گرفت ناوی دەبەن (الصعب، 2012،ص:4، بالاقتباس من المعهد التخطيط القومى.).

**2- کوەیت،** ئەم دیاردەیە ڕەگوڕیشەی هەیە لەو وڵاتە، هەندێك لەماڵەکان بەپەیمانگە ناودەبران لەسەرجەم کووەیتدا؛ مامۆستایانی تایبەتیش لەدوای کۆتایی هاتنی خوێندنی فەرمی تانیوەشەو وانەیان دەوتەوە (Hussein, 1987, p.91). وەزارەتی پەروەردە هەستی بە مەترسییەکانی کردبوو بۆیە لە (12-11-1961) ئەم دیاردەیە قەدەغەکرا، لەبەر کاریگەرییە خراپەکانی لەسەر قوتابیان. لەوبەرەوارە بەدواوە چەندین بڕیاری تری دەرکردووە بۆڕێگریکردن لەودیاردەیە. بۆنمونە وەك جێگرەوەیەك لەڕێکەوتی (15-2-1987) وەزارەت بڕیاریدا بەکردنەوەی خولی بەهێزکردن (سەربە وەزارەتی پەروەردە) بۆئەوقوتابیانەی کە گرفتی درەنگ تێگەیشتنیان هەیە لەهەندێك لەوانەکاندا، لەقۆناغی ناوەندیو ئامادەیی؛ بەڵام تائێستاشی لەگەڵدا بێت ژمارەیەك لەقوتابیان هەر پەنادەبەن بۆ وانەی تایبەت (الرامزي، 2007). ئەوەتا لەوەڵامی پرسیارێکی ئاراستەکراو بۆقوتابیانی ئامادەیی لە (68,79%) دەڵێن وانەی تایبەت وەردەگرن (الصالحی *واخرون*، 2009, ص:21).

**3- بەحرەین،** بڵاوبونەوەی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن لەوڵاتی بەحرەین ئاماژەیەکە بۆ کەم توانایيو ناکارایی سیستمی خوێندنو بەفیڕۆدانو زۆربونی خەرجی خوێندن لەسەر تاكو کۆمەڵگە (البوهي والسادة، 1994، ص:23). ئەم دیاردەیە لە (1994) لەبڵاوبونەوەیەکی فراواندابوو بەڕێژەی (69%) لەنێو گشت قۆناغەکانی خوێندندا، بەتایبەتی لەپۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی، بەجۆرێك بووبوو بەسەرچاوەی نیگەرانی خێزانەکانو بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە (البوهي والسادة، 1994، ص: 24،40).

**4- سعودیە،** لەتوێژینەوەیەکی تایبەت بەودیاردەیە لەشاری (ڕیاز) ئەنجامدراوە، ئاماژە بەفراوانبوونی ئەم دیاردەیە دەکات بەڕێژەی (90,88%) (العتیبی، 2008). لەکاتێکدا ڕێژەی فراوانی ئەم دیاردەیە لە (2006) (86%) بووە (الصالحي *واخرون*، 2009، ص:21).

**5- ئیمارات،** لەوەڵامی پرسیارێکی ڕوپێویدا لەسەروەرگرتنی وانەی تایبەت لەلایەن قوتابیانی پۆلی دوازدەیەمەوە (73%) ی قوتابیان پەنایان بۆ مامۆستای تایبەت بردووە (Farah, 2011, p.3). گۆڤارو ڕۆژنامەکانیشی سەرقاڵکردووە بە ڕێکلامکردنی ژمارەی مۆبیلو تەلەفۆنی مامۆستای

تایبەت؛ بەجۆرێك لەڕۆژنامەیەكدا لەیەك ڕۆژدا ژمارەی ڕاگەیانراوەكان گەیشتۆتە (200)، لەكاتێكدا قوتابخانە فەرمییەكانیش خولی بەهێزكردنیان هەیە بۆقوتابیان بەخۆڕایی (بیومي، 2014).

**6- توركیا**، فراوانبونی ئەم دیاردەیە لەو وڵاتەدا دەگەڕێتەوە بۆناوەڕاستی ساڵی (1960) لەوكاتەوە سەنتەرەكانی وانە وتنەوەی تایبەت لەزیادبوندا بوونە (Tansel and Bircan, 2006, p.29). لەبەرئەوەی قوتابیان دەبێ خۆیان ئامادەبكەن بۆ دووتاقیكردنەوەی نیشتیمانی، یەكیان بۆ دیاریكردنی جۆری خوێندن لەقۆناغی ئامادەییو ئەویتریشیان بۆ دیاریكردنی زانكۆ، بەئامانجی ئەوەی دواتر لەبازاڕی كاردا یاخود لە كاروباری دەوڵەتدا باشترین پۆستی دەست بكەوێت ( Tansel and Bircan, 2006, p.29). لەگەڵ زۆربونی ژمارەی قوتابیانی سەرەتاییو ئامادەیی، سەنتەرەكانی تایبەت بەوانە وتنەوەی تایبەتیش لەزیادبوندان؛ لەماوەی نێوان (1997-2006) ژمارەی سەنتەرەكانی وانەوتنەوەی تایبەت بەڕێژەی (148%) زیادیكردووە، لەكاتێكدا ئەوقوتابیانەی كەوانەی تایبەتیان وەرگرتوە بەڕێژەی (198%) زیادی كردووە، لەساڵی خوێندنی (2010-2011) (1,234,738) قوتابی سەرەتاییو ئامادەیی وانەی تایبەتیان وەرگرتووە، لەگەڵ بوونی (4099) سەنتەرو (50209) مامۆستای تایبەت ( Berberoglu and Tansel, 2014, p.4 cited in Mone, 2011).

**7- كەمبۆدیا**، ئەم دیاردەیە لەو وڵاتە تەواوكاری خوێندنی فەرمییە ( Berham *et al.* 2012, p.15). باوان منداڵەكانیان دەنێرن بۆلای مامۆستای تایبەت، لەدوای خوێندنی فەرمی، هەمان ئەو مامۆستایانەی لە قوتابخانەی فەرمی وانەیان پێ دەڵێت، لەبەرئەوە ئەگەر منداڵەكانیان نەنێرن بۆلای هەمان مامۆستا، مامۆستاكە زۆرتوڕەدەبێتو منداڵەكانیان لەقوتابخانەی فەرمی لەبارودۆخێكی پشێویو بەدەردی سەری خراپدا دەبن (Foondun, 2002, p.498). منداڵانی ئەو وڵاتە بەڕێژەی (95%) بەیانیان دەچن بۆ قوتابخانە لەو ڕێژەیەش (85%) ئێواران دەگەڕێنەوە بۆقوتابخانە هەمان مامۆستا وانەی تایبەتیان پێدەڵێن (Riel and Reap, 2012). بەهۆی بوونی گەندەڵییەكی زۆر لەكەرتی پەروەردەدا، دەركەوتووە لەساڵی (2005) ساڵانە (37) ملیۆن دۆلار گەندەڵی دەكرێت، واتە زیاترلەنیوەی خزمەتگوزارییەكانی ئەوكەرتە بۆگەندەڵی دەڕوات كە دەكاتە (55%) بودجەی تایبەت بەبواری پەروەردە (Dawson, 2010, p.20).

**8- چین**، ئەم دیاردەیە زۆربەخێرایی لەفراوانبوندایە، لەبەرئەوەی باوانو قوتابیان زۆر بەچڕی داخوازیان لەسەر ئەم دیاردەیە هەیە (Kwok, 2010, p.49). بۆنمونە (73,8%) سەرەتایی

(65,6%) قوتابیانی ناوەندی (53,5%) ئامادەیی وانەی تایبەتیان وەرگرتووە لە ناوچەشارنشینییەکاندا لە (2004). لو (Lu) ئەوەی دۆزیەوە (85%)ی قوتابیانی سەرەتایی بەشداریانکردووە لەوانەی تایبەتدا، (11,95) کاتژمێریان لەهەفتەیەکدا تەرخانکردووە بۆ وانەی تایبەت (Hongxia and Xiaohao, 2011, p.280 cited in Lu, 2005). لەناوچە شارنشینییەکان بووە بەبەشێکی گەورە لەسیستمی خوێندن، ناکرێ فەرامۆش بکرێت لەلایەن توێژەرانو داڕێژەرانی سیاساتی پەروەردەییەوە (Zhang, 2013, p.1).

**9- هۆنگ کۆنگ**، لەهۆنگ کۆنگ وانە وتنەوەی تایبەت شێوەیەکی مەترسیداری وەرگرتووە، هۆکارەکەیشی ڕەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کەخوێندن لەوشارە بەشێوەیەکی زۆرتوند لەسەرکێبەرکێ بەندە، سەرەڕای کاریگەری کولتوری کۆنفۆشیۆسی کەجەخت دەکاتەوە لەسەر خوێندنو کۆشش (Hon, 2010, p.63).

**10- کۆریا**، بازاڕی وانە وتنەوەی تایبەت لەکۆریا گەورەترین بازارە لەجیهاندا (Dawson, 2010, p.18). سەنتەروپەیمانگەکانی وانە وتنەوەی تایبەت (Hakwons) لەساڵی (1980) (381) سەنتەربووە، بەڵام ئەم ژمارەیە لەساڵی (2000) دا گەیشتۆتە (14043) سەنتەر (برای 2012، ص: 2009/61) ڕێژەی چوون بۆ خوێندنی فەرمی لەکۆریا زۆربەرزە، نزیك دەبێتەوە لە (100%) (Dawson, 2010,p.18). بەپێی نوسینگەی ئاماری نیشتیمانی کۆری لە (10) قوتابی لەقۆناغی بنەڕەتیو ئامادەیی هەشت قوتابیان وانەی تایبەت وەردەگرن (Byun and Park, 2012, p.42 cited in Korean national statisticsal office, 2009). لەڕووپێوێکدا (2003) کراوە ئاماژە بەوەدەکات کە (83,1%)ی سەرەتاییو (75,3%)ی ناوەندیو (56,3%)ی قوتابیانی ئامادەیی وانەی تایبەتیان وەرگرتووە (Mori and Baker, 2010, p.38).

**11- یابان**، گەشەکردنی ئەم دیاردەیە لەو وڵاتە دەگەڕێتەوە بۆدوای جەنگی جیهانی دووەم؛ لەوکاتەوە بەشێوەیەکی پلەبەندی لەبەرزبونەوەدایە، بەجۆرێك لە ساڵی (1976) لەلایەن حکومەتەوە ڕووپێوی تایبەتی بۆکراوە (Mori and Baker, 2010, p.37). ڕێژەی بەشداری قوتابیانی ئامادەیی گەیشتبویە (60%) (Stevenson and Backer, 1992, p.1645,1654). بەڵام لەساڵەکانی دواتردا ڕێژەکەی بەرزبۆتەوە بۆ (90%) لەنێو منداڵانی شارنشینی ئەو وڵاتەدا وانەی تایبەتیان وەرگرتوە بەشێوە جۆراوجۆرەکانییەوە (Su and Liang, 2014, p.18).

**12- کەنەدا**، ڕێژەی ئەو کۆمپانیایانەی خزمەتگوزاری وانەوتنەوە پێشکەش دەکەن لە سێ دەیەی ڕابوردودا بەڕێژەی (200% بۆ 500%) بەرزبۆتەوە لەشارە گرنگەکانی کەنەدادا ( Aurini and davies, 2004, p.420; Bray 2013b, p.414). توێژینەوەکانی تایبەت بەبواری وانە وتنەوەی تایبەت ئاماژە بەوەدەکەن کەداخوازییەکی زۆر لەسەر وانەی تایبەت هەیە لەکەنەدا. لەساڵی (2003) (24%)ی باوانی ئۆنتاریۆ مامۆستای تایبەتیان گرتووە بۆمنداڵەکانیان (50%) یشیان ئارەزودەکەن مامۆستای تایبەت بگرن بۆمنداڵەکانیان ئەگەر نرخەکەی گونجاو بێت ( Aurini and davies, 2004, p.421 cited in Livingstone *et al.* 2003). لەساڵی (2007) ڕێژەکە بەرزتر بۆتەوەو سێ یەکی دایکو باوکانی کەنەدی مامۆستای تایبەتیانگرتووە بۆمنداڵەکانیان ( Bray and Kwo, 2013, P.485. cited in Davies and Guppy, 2010).

**13- ئەڵمانیا**، لەئەڵمانیاش بووە بەدیاردەو بۆباشترکردنی ئاستی زانستی، خەرجییەکی زۆری بۆدەکرێت لەلایەن باوانو قوتابیانەوە، کەدەگاتە (15) ملیۆن یۆرۆ لەهەفتەیەکدا" ( Mischo and Haag, 2002, Cited in Weegen, 1986). لەشاری (لۆکسەمبۆرگ) توێژینەوەیەك کە (904) قوتابی بەشداریان تیاکردووە ئەوەی سەلماندووە (23%) ی قوتابیان وانەی تایبەتیان وەرگرتووە، بەتایبەتیش لەوانەی بیرکاری (Mischo and Haag, 2002. P.263). لەتوێژینەوەیەکی دیکەدا لەو وڵاتەکراوە لەسەر ئەوقوتابیانەی کەمتوانان لە فێربونی بیرکاریدا دەرکەوتووە (21,7%)ی قوتابیانی سەرەتایی مامۆستای تایبەتیان گرتووە بۆ وانەی بیرکاری ( Lambert and Spinath, 2014, p.75, cited in Bos *et al.* 2005).

**14- ئینگلاند**، ئەگەرچی توێژینەوە زۆرکەمە لەسەرئەم بابەتە لەو وڵاتە، ئەو توێژینەوەو ڕاپۆرتانەی لەبەردەستدان بەراورد بەوڵاتانی دیکە کەمترە. لە ڕوپێوێکدا کەلە مانگی دووی (2009) بڵاوکراوەتەوە (1500) کەسی وەرگرتووە، لەبارەی وەرگرتنی وانەی تایبەت بۆ منداڵەکانیانو ئەوبابەتەی مامۆستای بۆدەگیرێت، دایكو باوکەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە لەقوتابخانەی سەرەتایی (12%)و لەقوتابخانەی دواناوەندی (8%)وانەی تایبەت وەردەگرن، ئەو وانانەی مامۆستای تایبەتی بۆدەگیرێت بەزۆری بیرکاریو ئینگلیزین (Peters, *et al.* 2009. P.2). ئەنجامی توێژینەوەیەك ئاماژە بەبونی (27%) لەنێو قوتابیانی پۆلەکانی (6-11-13) داو زیاتر لەپۆلی (13) لەبابەتی بیرکاریشدابووە، بۆیە توێژەران دەڵێن پێویستە توێژینەوەی قوڵتر لەوبارەیەوە بکرێت ( Ireson and Rushforth, 2005, PP.4,11).

### سێ یەم/ هۆکارەکانی بڵاو بوونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت:

وانەوتنەوەی تایبەت دیاردەیەکی ئاڵۆزە، هۆکارەکانیشی جۆراوجۆرو بەیەکدا چوون، لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکو لە ناوچەیەکەوە بۆناوچەیەك دەگۆڕێت، بەگوێرەی ئایینو کولتورو شێوازی سیستمی پەروەردەو خوێندن، باری دارایی خێزان، تواناو چۆنایەتی مامۆستا، قۆناغی خوێندن، ئاستی زانستی قوتابی، ئاستی خوێندەواری باوانو هۆکاریتریش، کاریگەری لەسەر وەرگرتنو وەرنەگرتن، خەرجیو سودەکانی وانە وتنەوەی تایبەت دەبێت ( Hongxia and Xiaihao, 2011, p.288). لێرەدا ئاماژە بەچەند هۆکارێك دەکەین کەلەئەنجامی توێژینەوەکانی تایبەت بەم بابەتە خراونەتە ڕوو:

#### 1- هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابی

کۆمەڵێك هۆکار وادەکات لەقوتابی پەنا ببات بۆمامۆستای تایبەت، هەندێکیان پەیوەستە بەخودی قوتابیو بەشێکیشی پەیوەستە بە لایەنەکانی تری ناوەندی پەروەردەو فێرکردن.

قوتابی بەهۆی متمانە بەخۆنەبوون، ترسان لەتاقیکردنەوەکان، تێنەگەیشتن لەوانەکان لەپۆلدا، سەرقاڵبون بە یارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە (الشطي وسبتي، 2012؛ الرامزي، 2009). ئارەزوی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز بۆچونە نیوکۆلێژێکی گرنگ، بونی کێبەرکێ لەلایەن قوتابیانەوە لەقۆناغی ئامادەیی، شانازیکردن بەوەی کەوانەی تایبەت وەردەگرن لەبەرامبەر هاوڕێکانیان (البوهي والسادة، 1994؛ Foondun, 2002, p.491؛ عفانة والعاجز،1999، ص:71). فشاری هاوڕێیانو چاولێکردن، کاتێك کە قوتابیەك دەچێت بۆ وانەی تایبەت هاوڕێکانیشی هەوڵ دەدەن لاسایی بکەنەوە، ئەم هۆکارە سێ ئاراستەی هەیە، تەنها قوتابییەکان ناگرێتەوە بەڵکو مامۆستایانو خێزانەکانیش دەگرێتەوە (Foondun, 2002, p.494).

#### 2- هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستا

بێگومان مامۆستا پایەی سەرەکییە لە کرداری پەروەردەو فێرکردندا، مامۆستای دڵسۆزو ڕاهێنراو لەڕوی پیشەییو توانای مرۆییەوە، بەدڵنیاییەوە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەرشێوازی پەروەردەو فێرکردنی قوتابیانو ئاراستەکردنیان، بەپێچەوانەشەوە کردارەکە بەرەو داڕمانو پوکانەوە دەبات.

کەم تواناییو لاوازی توانای زانستی هەندێك مامۆستا لەگەیاندنی زانیاریو شیکردنەوەی بۆ قوتابیان لەپۆلدا (الرامزی، 2009). زۆری بەشەوانە، قورخکردنی وانەی تایبەت وەك

بازرگانیکردنو قازانجی خێرا، هاندانی قوتابیان بۆگرتنی مامۆستای تایبەت (الشطي وسبتي، 2012). برای(Bray) پێیوایە ئەوانەی وەبەرهێنەری وانەی تایبەتن، هەرئەوانە کارلەسەر فراوانبوونی داخوازی لەسەر وانەی تایبەت دەکەن (2007, p.37). فەرامۆشکردنی خوێندنی فەرمی لەلایەن مامۆستایانو ئاڵۆزکردنی وانەکان، قورسکردنی تاقیکردنەوەکان، بەمەبەست کەوتنی ژمارەیەك لەقوتابیان، بۆئەوەی پەنا بۆ وانەی تایبەت بەرن (عفانة والعاجز، 1999، ص:71). گرنگیدانی زیاتر بەو قوتابیانەی وانەی تایبەت وەردەگرن لەپۆلدا، لابردنی بەشێکی پرۆگرامی خوێندن لەکاتی خوێندنی فەرمیدا لەلایەن هەندێك لەمامۆستایانەوە، دواتر پێدانی بەوقوتابیانەی کەوانەی تایبەتیان لاوەردەگرن. تەنانەت لە ئۆکرانیا وەزارەتی پەروەردە لەساڵی (2004) وانەی تایبەتی قەدەغەکرد، لەبەر سکاڵای باوانی قوتابیان لە مامۆستایانی فەرمی کەقوتابییەکانیان ناچارکردبوو وانەی تایبەتیان لاوەربگرن (Dang and Rogerse, 2008, pp.182-183).

لەلایەکی ترەوە بەهۆی قورسی بارودۆخی ژیانو کەمی موچەی مانگانەی مامۆستا، بۆ پڕکردنەوەی ئەوکەلێنە مامۆستا پەنا دەبات بۆوتنەوەی وانەی تایبەت ( Silova and Brehan, 2013, p.62). ئەو وڵاتانەی مامۆستا لەبارودۆخێکی باشی ژیاندایەو موچەیەکی شیاویان بۆدابیندەکرێت، ناچارنابن پەنا بۆکۆکردنەوەی سامان ببەن لەڕێگەی وتنەوەی وانەی تایبەتەوە.

**3- هۆکارەکانی پەیوەست بەخێزان**

ئارەزوی باوان بۆ بەدەست هێنانی نمرەی بەرزو گەیشتن بەکۆلێژە کۆ نمرەبەرزەکان (Kozar, 2013, p.82; Dang, 2007, p.685). هاندانی هەندێك لەخێزانەکان بۆمنداڵەکانیان بۆگرتنی مامۆستای تایبەت ( یاخود بەپێچەوانەوە) (الرامزي، 2009). وەك پاڵپشتیو پشتگیری بۆخوێندنی منداڵەکانیان بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باش لەتاقیکردنەوەکاندا ( Heyneman, 2011, p.184). تێڕوانینی هەندێك لەخێزانەکان بۆ وانەی تایبەت وەك جیاکارییەکی چینایەتی لەنێوان خۆیانو خێزانەکانی تردا، یاخود لەنێوان منداڵەکانیانو هاوڕێکانیاندا (منظمة البرلمانيون العرب، 2007، ص:36).

لەلایەکی ترەوە خێزانەکان منداڵەکانیان هاننادەن بۆئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن، شانازی بەوەوەدەکەن کە منداڵەکانیان وانەی تایبەت وەردەگرن. بونی گرفتی کۆمەڵایەتی نێوان هاوسەران، فەرامۆشکردنی منداڵەکانیان، فشارخستنەسەریان بۆخوێندن بەبێ ڕەچاوکردنی توانا کەسییەکان (الشطي وسبتي، 2012). لەلایەکی تر گۆڕان لە قەبارەی خێزانەکانو بچوکبونەوەی، بۆنمونە

فراوانبوونی ئەم دیاردەیە لەکۆریا وێڕای هۆکارەکانی دی گۆڕانی پێکهاتەی خێزانە زۆربەی خێزانە کۆرییەکان یەك منداڵ یان دوانیان هەیە، لەکاتێکدا لەنەوەکانی پێشترخێزانەکان (3-5) منداڵیان هەبووە، لەبەر ئەوە باوانە گەنجەکان زیاتر گرنگی بە چۆنایەتی منداڵ دەدەن ( Bray, 2009, p.32).

**4- هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابخانە**

قوتابخانە لەژیانی تاکەکەسدا گرنگە، لەبەر ئەوەی وێستگەی دووەمی پەروەردەو فێکردنە لەدوای خێزان، تاکەکەس بەکرداریەکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا تێپەردەبێت لەم دامەزراوە پەروەردەییەدا، لەبەرئەوە پێویستە ئەم دامەزراوە پێویستییە خۆشگوزەرانیو پەروەردەییو فێرکارییەکانی بەشێوەیەکی ورد فەراهەمکردبێت.

نەبونی ژینگەی گونجاو ئامرازی سەرنجڕاکێش بۆقوتابیان لەقوتابخانە فەرمییەکاندا (الشطي وسبتي، 2012). زۆری ژمارەی قوتابیان لەپۆلدا، وادەکات قوتابیان باش تێنەگەن لەوانەکان (الرامزي، 2009). نەبوونی بەدوادا چوونی جیددی بۆچۆنیەتی بەڕێوەچونی کرداری وانەوتنەوەو ئەنجامەکانی؛ نەبونی سزا بۆمامۆستایانی کەمتەرخەم، نەبونی پاداشت بۆ مامۆستایانی جیددیو دڵسۆز لەئەرکەکانی ڕۆژانەی قوتابخانەو وانەکانیاندا. ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی کرداری خوێندن لەقوتابخانە فەرمییەکاندا.

مامۆستایەك، یاخود سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕ، بتوانێت قوتابخانەیەکی تایبەت بنیاد بنێتو وابکات لە خێزانە ساماندارو دەسترۆیشتووەکان متمانەی زیاتری پێبکەنو منداڵەکانیان بنێرنە ئەو قوتابخانەنە، ئیتر بۆدەبێت حکومەتێك بەوهەموو بودجەو سامانو دامەزراوەو توانای مرۆییەوە نەتوانێت متمانەی خەڵکی بەدەست بهێنێت؟ هاوڵاتیان ناچاربن مامۆستای تایبەت بگرن بۆ منداڵەکانیان!.

**5-هۆکارەکانی پەیوەست بەسیستمو پرۆگرامەکانی خوێندن**

سیستموپرۆگرامەکانی خوێندن دووکۆڵەکەی تری سەرەکیین لە بواری پەروەردەو فێرکردندا، هەرکەموکورتییەك تیایاندا دەبێتەهۆی کەموکورتی لەبوارەکانی تری کەرتی پەروەردەدا. بەپێچەوانەشەوە تۆکمەییو کاریگەرییەکانیشی ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت.

بۆنمونە ئەزمونە نیشتیمانییەکان شێوەیەکی گشتی هەیە لەسەرجەم وڵاتدا، خوێندنی فەرمی بۆوەرگرتن لەزانکۆو کۆلێژەکان پشت بە کێبەرکێو کۆنمرەی بەرز دەبەستێت، ئەمەش وادەکات

لەجیاتی توانا کەسییەکانو هاندان کۆنمرەی بەرز ئاراستەکانی داهاتودیاری بکات ( Stevenson and Baker, 1992, P.1640). قوتابی ناچار دەبێت هەوڵی زیاتر بداتو پەنا بۆ دەرەوەی خوێندنی فەرمی ببات، جا قوتابخانەی تایبەت بێت یان مامۆستای تایبەت، لەبەرئەوەی کرداری خوێندن لەقوتابخانەی فەرمی لەئاستی پێویست نییە لەڕوی بەڕێوەبردنو چۆنایەتی مامۆستاو پرۆگرامو سیستمی خوێندن، ژینگەی قوتابخانەو خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان، ئەمەش هۆکارێکی بەهێزی بڵاو بونەوی دیاردەکەیە (حمدان، 2014).

وێڕای هۆکارەکانی تر لەتوێژینەوەیەکی ئەزمونگەریدا لەسەر سیستمی خوێندنی (41) وڵات ئەنجامدراوە یەکەم ئەنجام دەرکەوتووە ئەو وڵاتانەی خاوەنی سیستمێکی پەروەردەیی لاوازنو کەموکورتیان هەیە لەکەرتی پەروەردەدا، دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت تیایدا بەهێزەو ئەو وڵاتانەی بودجەیەکی باش خەرج دەکەن بۆ سیستمی خوێندنی فەرمی، ئەم دیاردەیە تیایدا لاوازە (Dang and Rogers, 2008, p.169). دانگ (Dang) لەیەکەم هۆکاردا دەڵێت سەرنەکەتوویی سیستمی خوێندنی فەرمییە لە پڕکردنەوەی پێویستییەکانی خوێندنی قوتابیان بەپێی خواستی کاتو شوێن (2007, p.685). بۆیە قوتابی ناچار دەبێت پەنا ببات بۆکەناڵە نافەرمییەکانی فێرکردن.

کەمی کاتی خوێندن، درێژی پرۆگرامەکان، کورتی ماوەی ساڵی خوێندن، ( الرامزي، 2009). قورسی پرۆگرامەکانو نەگونجانی لەگەڵ بارودۆخدا (البوهي والسادة، 1994، ص:51; عفانة والعاجز، 1999، ص:71). سیستمی خوێندن تەنها پشت بەلەبەرکردن دەبەستێت (الشطي وسبتي، 2012). لەجیاتی ئەوەی پشت ببەستێت بەهێزی بیرکردنەوەو تێبینیکردنو هەستو سەرنجدانو توانای زمانەوانیو چارەسەرکردنی گیروفتەکان. بەشداریپێکردنی قوتابی لە بەرهەمهێنانی زانیندا، نەك لەبەرکردنی زانین.

بونی گەندەڵی لەسیستمی پەروەردەی هەندێك وڵات وادەکات مامۆستاکان داهاتیان بەشی بژێویان نەکات، ناچاربن پەنا بۆوانەی تایبەت بەرن بۆپڕکردنەوەی کەلێنی داهاتیان ( Dang, 2007, p.685). گەندەڵی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر خوێندن هەیە لەدوو ڕووەوە: لەڕوویەکەوە گەندەڵی لە داهاتی گشتیو بودجە کاردەکاتە سەرخوێندن لەسەر خەرجییەکانی خزمەتگوزاری خوێندن بەقەبارەو چۆنایەتییەوە، لەلایەکیترەوە کاردەکاتە سەر ئەنجامەکانی خوێندنو دادپەروەری لەخوێندنو متمانەی جەماوەر بە پەروەردە (منظمة البرلمانيون العرب، 2007، ص:31). بەهۆی کاریگەرییەکانی گەندەڵی لەسەر خوێندنو ئاکاری قوتابیانو کۆمەڵگە

بەشێوەیەکی گشتی، ڕەنگدانەوەکانی لەسەر چۆنایەتی خوێندنو دروستکردنی کۆسپ لەبەردەم پەرەپێدانی خوێندندا کاریگەر دەبێت (بدراوي، 2001، ص:29).

**چوارەم/ ڕەنگدانەوەکانی وانە وتنەوەی تایبەت:**

ڕەنگدانەوەکانی ئەم دیاردەیە دەکرێ ئەرێنیبنو لەهەمانکاتیشدا نەرێنی بن. لەکاتێکدا وانە وتنەوەی تایبەت هەندێك سودی هەیە وەك: ڕێگەیەکە بۆزیادکردنی سەرمایەی مرۆیی ( Bray, 2013b, p.417; Putkiewicz, 2006,p.195). نەرمونیانی مامۆستا لەکاتی وتنەوەی وانەکەیو پێدانی هەندێك زانیاری بەقوتابی کەڕەنگە لەقوتابخانەی فەرمی دەستی نەکەوێت ( Ireson, 2004, p.112).

بەشێوەیەکی گشتی لەکاریگەرییەکانی لە ڕێگەیەکی ئاراستە پێچەوانەدایین، لەوەی کە تیۆری سەرمایەی مرۆیی گریمانەی کردووەو ئەوەی ئەم دیاردەیە لە خۆشگوزەرانییەکانی قوتابیو خێزانەکانیان کەم دەکاتەوەو دەبێت بەبارێکی قورسی داراییو کۆمەڵایەتیو دەرونی بەسەر خێزانەکانو قوتابیانەوەو کێشاوی کردنی خوێندنی فەرمی. بەپێی ئەنجامی توێژینەوەکان زۆرترین کاریگەری نەرێنی دروست دەکات لەسەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**1- لەسەر قوتابی:** بەهۆی وانەوەرگرتنی لەماڵەوە یان دامەزراوەیەکی تر، ئەرکەکانی تری قوتابخانەی گشتی فەرامۆش دەکات (المرعشلي، 2012، ص:187). دوریان دەخاتەوە لە دۆخی پۆلو بەشداری بەکۆمەڵو کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان قوتابیان، قوتابیانو مامۆستاو دروستکردنی نایەکسانی لەنێو قوتابیاندا، لەکۆتایشدا نەمانی متمانە بەقوتابخانە کە ئامانجی پەروەردەو فێرکردنو ڕاهێنانی کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی هەیە (البوهي والسادة، 1994، ص:24). سەرەڕای ئەوەی قوتابیو خێزانی قوتابیش بەهۆی نیگەرانی لەبەر پێشبینییەکانیان بۆئایندەو نەتوانینی گرتنی مامۆستای تایبەت توشی فشاری دەرونیو نیگەرانییەکی زۆر دەبنەوە بەهۆی خەرجی وانە وتنەوەی تایبەتەوە، تاکاتی کۆتایی هاتنی خوێندنی قوتابیو ئەنجامەکانی (مصطفى، 2002، ص:8).

گرنگی مامۆستای تایبەت لای قوتابی لەبری مامۆستای قوتابخانەی فەرمی، بڵاوبونەوەی هەندێ دیاردەی تری وەك: زۆربونی ئامادەنەبوون (غیاب)ی قوتابی لەقوتابخانەو کەنارگیریو وابەستەبونی بەوانەی تایبەت؛ پشت بەستن بە کەسانی تر بۆشیکارکردنی ئەرکەکانی، لەهەندێك کاتیش دەبێتەهۆی قۆپیکردن لەتاقیکردنەوەو لەخۆبایی بونی قوتابیو کەمبونەوەی

پەیوەندی نێوان قوتابیو مامۆستاو قوتابیو هاوڕێکانی (زمیري، 2013، ص:56). دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کاتەخۆشییەکانی قوتابیان کەکاریگەری زۆری لەسەر کەمکردنەوەی فشارەکانی تریان هەیە (Bray, 2013b, p.216).

**2- لەسەر مامۆستا:** لەبەرئەوەی پیشەی مامۆستایەتی بەدرێژایی مێژوو پیشەیەکی پیرۆزو ڕێزلێگیراوو سیمبولی بەخشین بووەو زۆربەی پسپۆڕێتییەکان بەفلتەری پەروەردەیی مامۆستادا تێپەڕدەبێت، پێویستە هەردەم هەوڵی هێشتنەوەی ئەو پێگەو قورساییەی خۆی بدات.

کاتێك مامۆستا لەماڵێك بۆماڵێکی ترو لەگروپێك بۆگروپێکی تر تاکاتێکی درەنگی شەو دەمێنێتەوە، بێزاردەبێتو ناتوانێت ڕۆژی دواتر لەخوێندنی فەرمی بەتوانایەکی پێویستەوە وانە بڵێتەوە (المرعشلي، 2012، ص:187). کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی بەجێ دەهێڵێت. لەڕوانگەی قوتابیو خێزانەکەیەوە بچوك دەبێتەوە، لەبەرئەوەی بەهۆی پارەوە لەڕۆژێکدا دەچێتە بەردەم چەندین ماڵ. بەڕێوەبەری ئەنجومەنی (ئەبوزەبی) بۆپەروەردە، وانەی تایبەت بەکارێکی نایاسایيو نا ئاکاری وەصفکردووە، نیگەرانی خۆیشی لەوەدەربڕیوە کە "مامۆستا لەپێناو پارەدا ئەم ماڵو ئەوماڵ دەکاتو دەستی دەکاتەوە بۆقوتابی پارەی پێ بدات، ئەمە تەنها لەبەهاو نرخی دادەبەزێنێت" (بيومي، 2014).

**3- لەسەر خێزان:** خێزان کەبەردی بناغەی کۆمەڵو ئارامی تاك و کۆمەڵگەیە، بەهۆی دیاردە نەرێنییەکانەوە هەندێك جار ڕووبەڕوی مەترسی ئاڵۆزیو ناسەقامگیری دەبێتەوە. دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت دەبێتە سەرچاوەی دڵەڕاوکێ بۆ زۆرێك لەخێزانەکانو دروستکردنی جیاوازی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەدا (Dang and Rogers, 2008, p.180). بەگوتەی دایکێك لەکۆریا کە (Kim, 2007). تۆماری کردووە لەسەرهۆکاری سەرەکی ناردنی منداڵەکانیان بۆوانەی تایبەت لەبەر ئەوەی دڵەڕاوکێیانە لەبارەی منداڵەکانیانەوە "ئەگەر منداڵەکانمان زۆرباش نەبن، نەیانێرین بۆ دامەزراوە تایبەتەکان، خەڵکی دەڵێن ئەو دایکە یان هەژارە یاخود شێتە"! ( Bray, 2009, p.32 Cited in kim, 2007).

یەکێك لەباوکەکان کە دوومنداڵی لەقوتابخانەیە دەڵێ: "بەتەواوی ڕقم لەوەرزی خوێندنە، هەروەك ئەوەی منیش قوتابی بم بارودۆخی کتوپڕ هەمیشەییە لەماڵی ئێمە، منداڵەکانیشم بەڕێکوپێکی نابینم بەهۆی پابەندبونیان بە کاتی وانەی تایبەت لەکاتی نزیکبونەوەی کۆتایی خوێندن، سەرەڕای بەفیڕۆدانی سامانێکی زۆری داهاتمان" (الطوكي، 2012).

یەکێك لەهۆکارەکانی زیادبوونی خواست لەسەر وانەی تایبەت ترسی خێزانەکانو قوتابیانە لەسەرنەکەوتن لەپێشبڕکێی وەرگرتن، ئەمەش فشارێکی توندو بارێکی قورسی دروستکردووە لەسەر خێزانەکانو قوتابیان (Bray, 2013b, p.20). وانەی تایبەت تەنها بارێکی قورسی ئابوری نییە بەسەر داهاتی خێزانەکانەوە، بەڵکو پێویستی بەتەرخانکردنی کاتوهەوڵی باوان هەیە بۆدۆزینەوەی باشترین مامۆستای تایبەتو خەمخۆریی بۆداهاتوی خوێندنی منداڵەکانیان (Park, *et al.* 2011, p.3).

**4- لەسەر کرداری خوێندنی گشتی:** خوێندنی گشتی پێویستە بەجۆرێك بێت، هیچ خوێندنێکی تری دەرەوە باشتر نەبێت لێی، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە خوێندنەیە دواتر میری دەتوانێت ئەوهاوڵاتیانە ئاراستە بکات کە خاوەنی سەرمایەیەکی مرۆییو زانینی بەرزن، لەلایەکیتریشەوە بودجەیەکی گەورەو باڵاخانەو مامۆستاو کارمەندێکی ئێگجارزۆری بۆدابین دەکرێت.

بەڵام فراوانبونی ئەم دیاردەیە بۆخۆی داننانە بەبونی کەموکورتیو ناکاراییو ئیفلیجبوونی خوێندنی گشتی (Mischo and Haag, 2002, p.265). لەڕوی پەروەردەییشەوە ئەم دیاردەیە لە متمانەی قوتابیان کەم دەکاتەوە بەتواناکانی سیستمی پەروەردە وەك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی (البوهي والسادة، 1994، ص:24). وێڕای ئەوەی دەبێتەهۆی لاوازبوونی توانای ڕێکخستنو بەرەوپێشەوەچونی پرۆگرامێکی فێرکارییو پەروەردەیی یەکگرتوو (Bray, 2013b, p.417). کێشاوی کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، قۆرخکردنی ئەوقوتابیانەی پەنا بۆمامۆستای تایبەت دەبەن لەلایەن ئەو مامۆستایانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە (Bray, 2003, P.13).

**5- لەسەر دادپەروەری:** ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندی گشتی، لەبەر ئەوەی مەبەستەکانی خوێندنی گشتی ئەوەیە کە هەل بڕەخسێنێت بۆهەموان بەبێ جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەندو هەلی کێبەرکێ بۆ کۆلێژە کۆنمرەبەرزەکان، بەڵام ئەم جۆرە لەخوێندن نایەکسانی دروست دەکات لە نەهێشتنی ئەوهەلە بۆ هەموان، منداڵی خێزانە دەوڵەمەندەکان هەلی باشتریان بۆدەڕەخسێت بۆگەیشتن بەوکۆلێژانە. لەکاتێکدا خوێندن مافی هەمومرۆڤێکە بەبێ جیاوازی (بەپێی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ)، ئینکاری کردن بۆگەیشتن بەخوێندنی شیاو ڕەتکردنەوەی ئەومافەیە کەپێویستە بۆهەموان بێتەدی (Heyneman, 2011, pp.184-185).

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دیاردەیە دەبێتەبەربەست لەبەردەم هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی، ئەوەتا ئەنجامی توێژینەوەکەی برهامو ئەوانی تر (Breham, *et al.*) لەکەمبۆدیا ئاماژە بەوەدەکات ئەم

دیاردەیە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی (2012, p.34). وەك جۆرەکانی تری خوێندنی تایبەت خێزانە دەوڵەمەندەکان دەتوانن مامۆستای تایبەت بگرن بۆمنداڵەکانیان، چینی ناوەڕسات‌و کەم دەرامەتەکانیش ناتوانن مامۆستای تایبەت بگرن بۆمنداڵەکانیان" (Bray, 2013b, p. 416). لەکاتێکدا یەکێك لەمەبەستەکانی خوێندن فێربوونی بەهابەرزەکانە بۆڕێزگرتنی مرۆڤەکان بەچاوێکی یەکسان‌و دادپەروەرانەوە.

لەنێو هەمو ئەوبڵاوکراوانەی لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤە لەنەتەوەیەکگرتووەکان لەساڵی (1948) زۆربەی وڵاتان پابەندبوونی خۆیان بەو جاڕنامەیەوە ڕاگەیاندووە (Bray and Kwo, 2013, P.480). :لەمادەی (26) دا دەڵێت:

> "هەموکەسێك مافی خوێندنی هەیە. پێویستە خوێندن بەخۆڕایی بێت، لانی کەم لە قۆناغەکانی سەرەتایی‌و بنچینەیی. پێویستە خوێندنی سەرەتایی بەزۆربێت. خوێندنی تەکنیکی‌و پیشەیی پێویستە بۆهەموان بێت. پێویستە وەرگرتن لەخوێندنی باڵا بەشێوەیەکی یەکسان فەراهەم بێت بۆهەموان‌و لەسەربنەمای لێهاتن‌و تواناکان بێت" ( The United nations, 1948, Article:26).

لەساڵی (1990) بزوتنەوەی (خوێندن بۆهەموان- Education for all) لەکۆنفرانسێکدا لە تایلاند بەئامادەبوونی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و بانکی جیهانی‌و نوێنەری (155) وڵات‌و (33) ڕێکخراوی حکومی‌و (125) ڕێکخراوی ناحکومی بەشدار بوون، ئەوبەندانەیان پەسەندکردەوەو لەئەستۆیانگرتوتەوە (Bray and Kwo, 2013, P.483).

برای‌و کو (Bray and Kwo) ئەم جۆرە لەخوێندنی بەپارە بەڕواڵەتێکی هەڵخەڵەتێنەر ناودەبەن "لەپشت خوێندنی بەخۆڕاییەوە بازاڕێکی فرۆشتن بیناکراوە"، ئەمەش کاریگەری درێژخایەنی دەبێت لەسەر دادپەروەری‌و یەکسانی کۆمەڵایەتی نێو خێزانەکان (2013, P.480). بۆیە لێرەدا خوێندنی بەخۆڕایی دەکەوێتە ژێرپرسیارەوە. ئێمە لەم وڵاتانە خوێندنی بەخۆڕاییمان هەیە، لەبەردەم دەرگادا هاواردەکەین خوێندن بەخۆڕاییە!، بەڵام لەپشت دەرگاوە دەڵێن "کواپارەکەت"؟ (Bray, 2012). کەواتە [وانە وتنەوەی تایبەت] ئەم دوو چەمکەی "خوێندنی فەرمی بەخۆڕاییی" و " یەکسانی هەلی خوێندن" بۆهەموان لەناوەرۆکدا بەتاڵ دەکاتەوە ( Schultz, 1972, P.36).

**پێنجەم: کاریگەری وانە وتنەوەی تایبەت لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان:**

بەشێوەیەکی گشتی کەسایەتیو توانای مامۆستا، هەوڵو تواناکانی قوتابی، بابەتی خوێندن، کاریگەریان لەسەر ئاستی زانستی قوتابی دەبێت. توێژینەوەکانی تایبەت بەم بابەتە ئاماژە بەوەدەکەن وانەی تایبەت کاریگەری نییە لەسەر ئاستی زانستی قوتابی ( Wittwer, 2014, p.128,134;; Berberoglu and Tansel, 2014, p.5; Tansel and Bircan, 2006, p.25; Bray and Silova, 2006, p.34).

هەندێکی تر لەوتوێژینەوانەی لەکۆنو نوێدا بەرێگەو میتۆدی جۆراوجۆرکراوە، ئاماژە بەکاریگەریو بەشداری ئەرێنی وانەی تایبەت دەکەن لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان ( Lambert and Spinath, 2014,p.75;; Bento and Ribeiro, 2013, p.71; Dang and Rogerse, 2008, p.184;). لەتوێژینەوەیەکی ئەزمونگەریدا بۆهەڵسەنگاندنی کاریگەری وانەی تایبەت لەسەردووگروپ هەریەکەی (122) قوتابی وانەی تایبەتیان وەرگرتووە (122) قوتابی تر وانەی تایبەتیان وەرنەگرتووە، دەرکەوتووە وانەی تایبەت کاریگەری لەسەر ئاستی زانستی قوتابیان هەیە (Mischo and Haag, 2002, p.263). ئەنجامی هەندێ لەتوێژینەوەکان کاریگەرییەکانی دەبەستنەوە بە پسپۆڕێتیو بابەتەکانەوە لەهەندێك بابەت کاریگەری هەیەو لەهەندێکی تر نییەتی (Berberoglu and Tansel, 2014, p.5).

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

## بەشی چوارەم:

## میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێوشوێنەکانی

میتۆدی توێژینەوەکە:

1-کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

2-نمونەکانی توێژینەوەکەو قەبارەیان

3- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

4-کەرەستە ئامارگرییە بەکارهاتووەکان

# بەشی چوارەم:

## میتۆدی توێژینەوەکەو ڕێوشوێنەکانی

لەم بەشەدا میتۆد، کۆمەڵگەو نمونە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، ئامرازە ئامارگرییەکان، هەنگاوو ڕێوشوێنەکانی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**میتۆدی توێژینەوەکە:** سروشتی بابەتی توێژینەوەکەمان، بابەتێکی ئاڵۆزو بەیەکدا چووە، دەیخوازێ چەند میتۆدێك بەکاربهێنین:

**یەکەم/** میتۆدی وەصفی شیکاری- ڕووپێوی کۆمەڵایەتی (Social Survey) بەنمونە- وەك میتۆدێکی سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە، کەبەچەند قۆناغێك ئەنجام دراوە، لەخوارەوە ڕونکراوەتەوە.

**دووەم/** بۆ زیاتر دڵنیابوون لەڕاستی ئەنجامەکان (Yeasmin and Rahman, 2012, p.159). کەمکردنەوەی ئەنجامدانی هەڵە، پەنامانبرد بۆ میتۆدی (Triangulation Method) ناسراوترین شێوازی میتۆدی توێژینەوەی تێکەڵاوە(Mixed Methods research) (Plano-Clark, *et al.* 2008, p.1551). لەنێوئەم میتۆدەشدا شێوازی پاڵپشتیکردنی داتا چەندایەتییەکانمان هەڵبژاردووە (Validating Quantitative Data Model) کە کراسوڵو پلانو-کلارك لەساڵی (2007) پۆلێنیانکردبوو بۆچوار جۆر، پشتمان بەست بە جۆری سێ یەمیان ( پور، 1389،ص:91).

کاتێك ئەم مۆدێلە بەکاردێت کە توێژەر بییەوێت بەچەند پرسیارێکی چۆنایەتی پاڵپشتیو تەواوکاریو شیکردنەوەی زیاتر بۆئەنجامە چەندایەتییەکان بکات (پور، 1389،ص:91؛ هس-بیبرو لیڤی، 2011، ص:2006/531؛ Hussein, 2009, p.8). کەزیاتر پشت دەبەستێت بەچاوپێکەوتن بۆکۆکردنەوەی زانیاری.

**قۆناغەکانی میتۆدی وەصفی شیکاری:**

**1- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵگەیەکەی لەسێ لایەنی سەرەکی پێکدێت:

**أ-** بریتییە لەوقوتابیانەی لەپۆلی (12) دەخوێنن، لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر، وەك لەخشتەی (1) دا دیاریکراون. بریتین لە (12855) قوتابی، دابەش بون بەسەر (75) قوتابخانەی ئامادەیی، (41)

بۆکچانو (32) بۆکوڕانو (2) قوتابخانەی تێکەڵاو. لەگەڵ (9) قوتابخانەی دواناوەندیو یەك کۆمەڵگەی پەروەردەیی (ب.پەروەردەی ناوەندی هەولێر،2015).

خشتەی (1)

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (قوتابیانی پۆلی 12) ڕون دەکاتەوە(ب.پەروەردەی ناوەندی هەولێر،2015).

| ڕەگەز / لقی زانستی | کچ | کوڕ | کۆ |
|---|---|---|---|
| زانستی | 4748 | 2885 | 7633 |
| وێژەیی | 2413 | 2809 | 5222 |
| کۆی | 7161 | 5694 | 12855 |

لەداتاکانی خشتەی (1)دا دەردەکەوێت کەکۆی قوتابیانی پۆلی (12) قوتابخانە میرییەکانی شاری هەولێر بریتییە لە (12855) قوتابی کە (7161) مێینەو (5694) یان نێرینەن.

**ب-** بریتییە لەوقوتابیانەی کە لەقۆناغی یەکەم لەکۆلێژی پزیشکیو یاسا وەرگیراون، ئەزمونیان لەگەڵ وانەی تایبەت لەپۆلی (12) ژمارەیان لە کۆلێژی پزیشکی (95) مێو (54) نێر، لەکۆلێژی یاسا (83) مێ، (53) نێر(ز.هەولێری پزیشکی،2015؛ ز.سەلاحەددین، 2015).

**ج-** بریتییە لەباوانو مامۆستایانی تایبەتو مامۆستایانی گشتیو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕلە شاری هەولێر.

**2- نمونەکانی توێژینەوەکەو قەبارەیان:**

**أ-** نمونەی قوتابیانی پۆلی (12): بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی ڕاستو دروستو توانای گشتاندن، سود لە نمونەی هەڕەمەکی سادە وەرگیراوە بۆدیاریکردنی (10) قوتابخانە وەك نمونە لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر.(*) دواتر لە قوتابخانەکانو پۆلەکاندا سود لەنمونەی هەڕەمەکی چینایەتی ڕێژەیی وەرگیراوە بۆدیاریکردنی قەبارەی نمونەکە، لەنێو پۆلەکانیشدا جارێکیتر پەنامان بردووە بۆ شێوازی هەڕەمەکی سادە، کەگونجاوە لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەکەدا. هەروەك لەخشتەی ( 2) دیاریکراوە.

(*)خۆشبەختانە ئەم قوتابخانانە بەشێوەیەکی گونجاو دابەش بوون بەسەر ناوچە جیاوازەکانی ناوشاری هەولێردا.

خشتەی (2)

قوتابخانەو نمونەی وەرگیراو دیاری دەکات

| ناوی قوتابخانە | کۆی گشتی | زانستی | وێژەیی | نمونە |
|---|---|---|---|---|
| ئا/ کوردستان | 597 | 597 | | 65(*) |
| ئا/ بارزانی نەمری کوڕان | 200 | 120 | 80 | 22 |
| ئا/ حەصارۆك | 45 | 20 | 25 | 5 |
| ئا/ هەولێری کچان | 384 | 384 | | 42 |
| ئا/ شۆڕشی کچان | 365 | 365 | | 40 |
| ئا/ شەهید خەجە باوەی کچان | 387 | 247 | 140 | 42 |
| ئا/ صلاح الدینی کچان | 104 | 66 | 38 | 11 |
| د.هەولێری نمونەیی | 109 | 109 | | 12 |
| د.شنرویی نمونەیی | 120 | 120 | | 13 |
| کۆمەڵگەی شەهید فاخیرمێرگە سوری | 169 | 169 | | 18 |
| کۆی گشتی | 2480 | 2197 | 283 | 270 |

بەم شێوەیە (270) قوتابی وەك یەكەی توێژینەوەكە بەنمونە وەرگیراوە لەوقوتابخانانەی كەوەرگیراون بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە.

**ب-** نمونەی قوتابیانی كۆلێژی پزیشكیو كۆلێژی یاسا: سود لە شێوازی هەڕەمەكی ڕێكخراو وەرگیراوە. بەپێی لیستی ناوی ئەوقوتابیانەو شوێنی نیشتەجێبونی ساڵی پاریان (100) یەكەیان لێوەرگیراوە، بەو شێوەیەی لە خشتەی (3) دیاریكراوە.

خشتەی (3)

چۆنیەتی نمونەی وەرگیراو لە کۆلێژی یاساو پزیشکی (قۆناغی یەکەم)

| کۆلێژ | ناوخۆ | دەرەکی | کۆ | نمونە |
|---|---|---|---|---|
| کۆلێژی پزیشکی | 101 | 58 | 159 | 60 |
| کۆلێژی یاسا | 59 | 82 | 136 | 40 |
| کۆ | 160 | 140 | 295 | 100 |

بۆدیاریكردنی قەبارەی نمونەی توێژینەوەكە پشتمان بەست بەخشتەی ( Krejcie and Morgan, 1970)(**) كە پێیان وایە ئەگەر كۆمەڵگەی توێژینەوە پێكهاتبێت لە (15000)(***)

(*) بەش ÷ گشت × قەبارەی نمونەی قوتابخانەکان.

(**) بۆزیاترزانیاری بڕوانە: (Sekaran, 2003, P.294) هەروەها ( Saunders, Lewis & Thornhill, 2009, p.219).

(***) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە (12855) یەکە هەروەك لەخشتەی (1) ڕونکراوەتەوە.

پێویسته قەبارەی نمونه له (375) یەکه پێکهاتبێت، بەئاستی (95%) نزیك دەبێتەوه لەراستیو بەرێژەی (0.5%) ئاستی گومان. بەوجۆره قەبارەی نمونەی توێژینەوەکەمان به (370) یەکه دیاری کرد.

**ج-** نمونەی مامۆستایانو باوان: بریتییه له نمونەی باری جیاواز، که بەشێوەیەکی گشتی (30) یەکه وەرگیراوه، (22) یەکه لەمامۆستایان که (12) یان سەرپەرشتیاری پسپۆڕبوون، (10) یەکەش بۆ هەریەك له مامۆستایانی گشتیو تایبەت. لەگەڵ (8) یەکه لەباوانی قوتابی.

**3- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:** لەئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بەشێوەیەکی گشتی پشتمان بەست بەپرسیارنامه بۆکۆکردنەوەی زانیاری یەکەکانی نمونەی توێژینەوه لەقوتابیان، هەروەها پشتمانبەست به شێوازەکانی چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرپەرشتیارانو مامۆستایانی تایبەتو گشتیو باوانی قوتابیان، هەروەك لەخوارەوه ئاماژەی پێکراوه:

**یەکەم/** پرسیارنامه Questionnaire: ئەم قۆناغانەی بینیوه.

1- بەمەبەستی دەستکەوتنی بڕگەکانی پرسیارنامەکه، وێڕای سودوەرگرتن له پسپۆڕانی بواری دەرونزانی پەروەردەییو کۆمەڵناسی خۆماڵیو دەرەکی، سودمان له خوێندنەوەی ناوەرۆكو پرسیارنامەی توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووه کەلەبەشی دووەمدا خراوەته ڕوو، هەروەها ئەوسەرچاوانەی لەبەشی سێ یەمدا بەکارهاتوون، بەجۆرێك که بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا.

2- بەمەبەستی دەستخستنی چەند بڕگەیەکی گونجاو، پرسه توێژینەوەیەکمانکردووه (Pilot Study) لەرێگەی چاوپێکەوتنەوه، بەئاراستەکردنی دووپرسیار له (16) یەکه (8) مامۆستای تایبەتو گشتیو (8) قوتابیو باوان، بەشێوەی گفتوگۆ، بەم شێوەیەی خوارەوه:

**پرسیار:** هۆکارەکانی پەنابردنی قوتابیانی پۆلی (12) بۆ وانەی تایبەت چین؟

**پرسیار:** ڕەنگدانەوەکانی ئەم دیاردەیه لەسەر ڕەهەنده جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی چین؟

3- لەقۆناغی یەکەمدا توانیمان (85) بڕگه بنیات بنێین، که جێگرەوه (بدائل) ی هەربڕگەیەك بەم شێوەیه دیاریکراوه:

| | |
|---|---|
| (لەگەڵیدام) | هێزی (3) نمرەی وەرگرتووه |
| (تاڕادەیەك لەگەڵیدام) | هێزی (2) نمرەی وەرگرتووه |
| (لەگەڵیدانیم) | هێزی (1) نمرەی وەرگرتووه |

**مەرجە سایكۆ سۆسیۆمەترییەكانی پرسیارنامە**

ڕاستێتیو جێگیری پرسیارنامە، لەهەنگاوە گرنگەكانی توێژینەوە چەندایەتییەكانن، لەبەرئەوەی پرسیارنامە بەیەكێك لەگرنگترین ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری هەژماردەكرێت لە توێژینەوە زانستییەكاندا، ئەمەش پێویستی بەئاستێكی باش لە ڕاستێتی (validity) و جێگیری (reliability) هەیە.

**1- ڕاستێتی Validity:**

لێرەدا دوو جۆر لەڕاستێتیمان دەرهێناوە:

**أ- ڕاستێتی ڕوكەش Face Validity:** بۆدەرهێنانی ڕاستێتی ڕوكەش، پێوەری توێژینەوەكەمان خستە بەردیدی دەستەیەكی پسپۆڕ بەپلەی پرۆفیسۆرو پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە كۆمەڵناسیو دەرونزانی پەروەردەیی، تاوەكو بۆچونی خۆیان لەوبارەیەوە بخەنەڕوو، لەئەنجامی ئەم ڕێوشوێنەدا (5) بڕگە لابران، (80) بڕگەمایەوە. لە پاشكۆی (2) ناوو پلەی زانستی شارەزایان خراوەتەڕوو.

خشتەی (4)
بۆچونی شارەزایان سەبارەت بە (شیاویو نەشیاو) ی بڕگەكانی پێوەری تایبەت بەتوێژینەوەكە

| ڕیزبەندی بڕگەكان | ژ.بڕگەكان | ژ. شارەزایانی ڕازی بوو | ڕێژەی ڕازیبوون | ڕێژەی سەدی ڕازی بوون | گونجاوی بڕگەكان |
|---|---|---|---|---|---|
| لە (1-85) جگەلە بڕگەكانی: | 67 | 5 | 5/5 | %100 | گونجاون |
| 5،8،14،22،25،29،36،39،40،45, 48،49،71 | 13 | 4 | 5/4 | %80 | گونجاون |
| 1،6،34،50،67 | 5 | 3 | 5/3 | %60 | نەگونجاون |
| كۆ | 85 | | | | |

دوای وردبوونەوە لە بۆچونی شارەزایان لەبارەی بڕگەكانی پێوەرەكەوە، دەركەوت كە (5) بڕگە كەمتر لەڕێژەی (80%) یان هەیە بۆیە لامانبرد. بەشەكەی تری وەك خۆی مایەوە كە دەكاتە (80) بڕگە. كەواتە پێوەرەكەمان لە (85) بڕگەوە كەم بوویەوە بۆ (80) بڕگە لەم قۆناغەدا.

**ب- ڕاستێتی بنیادی Construct Validity:**

سەرەڕای دەرهێنانی ڕاستێتی ڕوكەش، لەهەمانكاتدا پەنامانبردووە بۆ ڕاستێتی بنیادی، دوای دابەشكردنی پرسیارنامەكە بەسەر (370) یەكە لەیەكەكانی نمونەی توێژینەوە. لەم نێوانەدا

(4) برگەی تر لابران، پێوەرەکە بوو بە (76) برگە. هەروەك لە خشتەی ژمارە (5و6) دەردەکەوێت.

خشتەی (5)

پەیوەستی هەربرگەیەك بە بابەتی توێژینەوەکەوە دەردەخات

| برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست | برگەکان | ب.پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | *0.110 | 21 | **0.281 | 41 | **0.360 | 61 | **0.407 |
| 2 | *0.120 | 22 | **0.254 | 42 | **0.269 | 62 | **0.422 |
| 3 | **0.187- | 23 | **0.228 | 43 | **0.284 | 63 | **0.316 |
| 4 | **0.159 | 24 | **0.432 | 44 | **0.421 | 64 | **0.247 |
| 5 | **0.319 | 25 | **0.252 | 45 | **0.390 | 65 | **0.412 |
| 6 | **0.200 | 26 | **0.373 | 46 | **0.260 | 66 | **0.278 |
| 7 | **0.300 | 27 | **0.407 | 47 | **0.233 | 67 | **0.309 |
| 8 | **0.275 | 28 | **0.220 | 48 | **0.365 | 68 | **0.457 |
| 9 | **0.191 | 29 | **0.290 | 49 | **0.423 | 69 | **0.421 |
| 10 | **0.260 | 30 | **0.279 | 50 | **0.161 | 70 | *0.129 |
| 11 | **0.378 | 31 | **0.277 | 51 | 0.0273 | 71 | **0.349 |
| 12 | **0.364 | 32 | **0.271 | 52 | **0.477 | 72 | **0.371 |
| 13 | **0.146 | 33 | **0.288 | 53 | **0.311 | 73 | **0.406 |
| 14 | **0.306 | 34 | **0.140 | 54 | **0.477 | 74 | **0.461 |
| 15 | **0.188 | 35 | **0.207 | 55 | **0.367 | 75 | **0.382 |
| 16 | **0.417 | 36 | **0.454 | 56 | **0.485 | 76 | **0.145 |
| 17 | **0.412 | 37 | **0.383 | 57 | **0.565 | 77 | 0.0434 |
| 18 | **0.452 | 38 | **0.326 | 58 | **0.331 | 78 | **0.414 |
| 19 | **0.245 | 39 | **0.408 | 59 | **0.208 | 79 | **0.424 |
| 20 | **0.272 | 40 | **0.505 | 60 | **0.362 | 80 | **0.447 |

لەخشتەی (6) ڕون دەبێتەوە سەرجەم برگەکان پەیوەستێکی بەهێزیان هەیە بەبابەتی توێژینەوەکەوە، بەئاستی گومانی (0.01) جگەلە برگەکانی (1،2،70) ئاستی پەیوەستیان بەگومانی (0.05) هاتووە، لەگەڵ نەبونی پەیوەستی برگەکانی (51 و 77) بە بابەتی توێژینەوەکەوە، لەبەرئەوە لەنێو پێوەرەکە لامانبردن.

لەئەنجامی پەیوەستی هەربرگەیەك بەفاکتەری سەرەکی کەبابەتی توێژینەوەکەیە (دیاردەی وانەوتنەوەی تایبەت) دەتوانین بڵێین (حەوت تەوەرمان دەستکەوت) بەکۆی گشتی پەیوەستن بەفاکتەری سەرەکی توێژینەوەکەوە لەخشتەی (6) دا تەوەرەکانو برگەکانیانو پەیوەستی هەربرگەیەك بەتەوەرەکەیەوە دەستنیشانکراوە.

## خشتەی (6)
## پەیوەندی بڕگەکان بە تەوەرەکانەوە دەردەخات

| تەوەر | ژ | بڕگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| هۆكارمكانی تایبەت بەقوتابیان | 1 | بۆ چونە نێو کۆلێژێکی گرنگ و بایەخدار | 0.185** |
| | 2 | بۆ بەدەستهێنانی قازانج لەداهاتوودا | 0.113* |
| | 3 | گەرەنتی بەدەست هێنانی نمرەی بەرزە | 0.0128 |
| | 4 | لەبەر لاوازی ئاستی تێگەیشتن | 0.285** |
| | 5 | لەبەر ئەوەی هاوڕێکانما مامۆستای تایبەت دەگرن | 0.478** |
| | 6 | بۆبەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی | 0.443** |
| | 7 | لەسەر داخوازی باوان | 0.452** |
| | 8 | بێئاگایی لەکاتی شیکردنەوەی وانەکان لەقوتابخانە | 0.497** |
| | 9 | ترس لەتاقیکردنەوەکان | 0.503** |
| | 10 | زۆری ئامادەنەبون (غیاب) | 0.556** |
| | 11 | ڕاهاتنی قوتابی لەمنداڵیەوە لەسەرپشت بەستن بەکەسانی تر | 0.537** |
| | 12 | لەبەر ڕێك نەخستنی کات | 0.510** |
| | 13 | هەڵێکە بۆ شیکردنەوەی پرسیارەکان | 0.250** |
| مامۆستایانی تایبەت | 1 | گرنگی زیاتر دەدەن بەوانەی تایبەت | 0.605** |
| | 2 | متمانەی قوتابی بەدەست دەهێنن | 0.530** |
| | 3 | پرۆگرامی خوێندن کەم دەکەنەوە | 0.673** |
| | 4 | کار لەسەر داخوازی وانەی تایبەت دەکەن | 0.750** |
| | 5 | قۆرخکردنی وانەی تایبەت بۆبەدەستهێنانی قازانج | 0.636** |
| مامۆستایانی فەرمی لە قوتابخانەکانتان | 1 | وانەکان ئاڵۆز دەکەن | 0.637** |
| | 2 | توانای زانستیان لاوازە | 0.684** |
| | 3 | بەڕونی وانەکانیان شیناکەنەوە | 0.660** |
| | 4 | تێنەگەیشتنی قوتابیان لەشێوازی وانە وتنەوە | 0.588** |
| | 5 | زۆربونی نەهاتن (غیاب) ی مامۆستایان | 0.526** |
| | 6 | کەمی موچەی مانگانە | 0.494** |
| | 7 | قوتابیان هان دەدەن بۆگرتنی مامۆستای تایبەت | 0.501** |
| | 8 | سەرقاڵ بونیان بە کاروباری دەرەوەی قوتابخانەوە | 0.515** |
| | 9 | لاوازی ڕاهێنانی پیشەیی | 0.644** |
| سیستەم و پرۆگرامەکانی خوێندن | 1 | زۆری بابەتەکان لەساڵێکدا | 0.602** |
| | 2 | قورسی پرۆگرامەکان | 0.649** |
| | 3 | گۆڕانی بەردەوامی پرۆگرامەکان | 0.523** |
| | 4 | کەمی کاتی وانەکان | 0.453** |
| | 5 | گرنگی نەدان بەجیاوازی کەسی | 0.379** |
| | 6 | زۆری زانیارییەکانی پرۆگرامی خوێندن | 0.625** |
| | 7 | قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان | 0.556** |
| | 8 | بونی کێبەرکێ و مەرجی نمرەی بەرز بۆچونە نێو کۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان | 0.439** |
| | 9 | کەمو کورتیی و لاوازی سیستەمی خوێندن | 0.585** |
| | 10 | بونی گەندەڵی لەکەرتی پەروەردەدا | 0.520** |
| هۆكارمكانی تایبەت بەقوتابخانە | 1 | جەنجاڵی(قەرەباڵغی) پۆلەکان | 0.532** |
| | 2 | دانانی مامۆستای ناپسپۆڕ بۆبابەتەکان | 0.642** |
| | 3 | لاوازی ئاستی زانستی خوێندن لەقوتابخانەکاندا | 0.663** |
| | 4 | نەبونی ژینگەی سەرنجڕاکێش لەقوتابخانەکاندا | 0.565** |
| | 5 | زۆری پشووەکان لەساڵدا | 0.447** |
| | 6 | نەبونی خولی بەهێزکردن بۆ ئەو قوتابیانەی کە گرفتی درەنگ تێگەیشتنیان هەیە | 0.477** |

| تەوەر | ژ | برگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|
| | 7 | چاودێری نەکردنی مامۆستاکان لەکاتیوانەوتنەوەو ئەنجامەکانیدا | 0.578** |
| | 8 | نەبونی سزا بۆ مامۆستایانی کەمتەرخەم | 0.627** |
| | 9 | نەبونی پاداشت بۆئەومامۆستایانەی سەرکەوتوون لەوانەکانیاندا | 0.470** |
| | 10 | گرفتی کەمی مامۆستا | 0.421** |
| هۆکار ەکانی تایبەت بەخێزان | 1 | نەبونی متمانە بە مامۆستاکانی قوتابخانە | 0.463** |
| | 2 | نەبونی متمانە بە ڕێگەکانی وانەوتنەوە | 0.463** |
| | 3 | ئارەزوی باوان بۆ هێنانی نمرەی بەرز | 0.224** |
| | 4 | لاسایی کردنەوەی خێزانەکانی تر | 0.632** |
| | 5 | نازپێدانی زیادە بەمنداڵەکانیان | 0.558** |
| | 6 | بەهۆی باش بوونی گوزەرانی خێزانەکانەوە | 0.584** |
| | 7 | بۆ خۆلادان لەهەستکردن بە خۆبەکەمزانین | 0.557** |
| | 8 | بۆخۆهەڵکێشانی خێزانەکان | 0.722** |
| | 9 | بۆخۆجیاکردنەوە لە چینەکانی تری کۆمەڵگە | 0.714** |
| | 10 | فەرامۆشکردنی منداڵەکان لەجێ بەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەدا | 0.530** |
| ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی وانە وتنەوەی تایبەت | 1 | بارێکی قورسی دارایی دەخاتەسەر شانی باوان | 0.349** |
| | 2 | لەدەستدانی متمانەی پەروەردەو فێرکردن بەقوتابخانە دەگەیەنێت | 0.469** |
| | 3 | گرفتدارکردنی پرۆگرامەکانی خوێندنە | 0.513** |
| | 4 | لاوازکردنی خوێندنی فەرمییە | 0.563** |
| | 5 | لێتێکچونی قوتابی لەنێوان شێوازەکانی مامۆستای تایبەتو مامۆستای قوتابخانەدا | 0.524** |
| | 6 | فشارێکی زۆری دەرونی دروست دەکات لەسەر قوتابیان | 0.451** |
| | 7 | فشارێکی زۆری کۆمەڵایەتی دروست دەکات لەسەر خێزانەکان | 0.591** |
| | 8 | دڵە ڕاوکێی باوان بەرامبەر داهاتوی منداڵەکانیان | 0.300** |
| | 9 | کاتەخۆشییەکانی قوتابیان دەکوژێت | 0.442** |
| | 10 | لەخۆبایی بوونی قوتابیانە لەپۆلدا | 0.595** |
| | 11 | فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیە | 0.499** |
| | 12 | هۆکارێکە بۆ بونی کێبەرکێ لەنێو قوتابیاندا | 0.064 |
| | 13 | پشت بەخۆنەبەستنە لەلایەن قوتابیانەوە | 0.429** |
| | 14 | دروستکردنی هەستی خۆبەکەمزانین لای ئەوقوتابیانەی ناتوانن مامۆستای تایبەت بگرن | 0.438** |
| | 15 | وێنەی خۆڕایی بونی خوێندن دەشێوێنێت | 0.604** |
| | 16 | جیاوازی چینایەتی دروست دەکات | 0.624** |
| | 17 | یەکسانی هەلی خوێندن ناهێڵێت | 0.558** |
| | 18 | کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی نمرەی بەرز | 0.263** |
| | 19 | کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ئاکاری پیشەیی مامۆستا | 0.527** |
| | 20 | لەکەدار کردنی کەسایەتی مامۆستایە | 0.584** |
| | 21 | زیان گەیاندنە بەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە | 0.631** |

لەخشتەی (6) دەردەکەوێت، پەیوەستی برگەکانی تەوەری یەکەم، بەتەوەرەکەیانەوە ئاستێکی بەهێز نیشان دەدات، بەئاستی گومانی (0.01) ، جگەلە برگەی (1) نەبێت بەئاستی گومانی (0.05)، لەگەڵ نەبونی پەیوەست لەنێوان برگەی (3) بەتەوەرەکەیەوە، لەبەرئەوە لەپێوەرەکە لامانبرد. پەیوەستی برگەکان بەتەوەرەکانی دووەمو سێ یەمو چوارەم و پێنجەمو شەشەم،

پەیوەستێکی بەهێز نیشان دەدەن بەتەوەرەکانیانەوە، بە ئاستی گومانی (0.01). ئاستی پەیوەستی برگەکانی تەوەری حەوتەم بەتەوەرەکەیانەوە بەهەمان شێوە پەیوەستێکی بەهێزنیشان دەدەن بەئاستی گومانی (0.01)، جگەلەبڕگەی (12) لەتەوەری حەوتەم نەبێت پەیوەست نەبوو بەتەوەرەکەیەوە، بۆیە لەپێوەرەکە لامانبرد.

بەم جۆرە پێوەرەکەمان بەهۆی ڕاستێتی ڕوکەشەوە (5) بڕگە هەروەها ڕاستێتی بنیادی (4) بڕگە لە (85) بڕگەوە بووبە (76) بڕگە، واتە بەهۆی هەردوو کردارەکەوە (9) بڕگەلابراون.

**2- جێگیری Reliability :** لەبەرئەوەی جێگیری ئاماژەیە بۆبونی پلەیەکی بەرز لەوردی (الدقە)و چونیەکی ناوخۆیی. (الخیاط، 2010، ص:121). گرنگیشە بۆ پشتبەستن بە پرسیارنامەکە، لەبەرئەوە پشتمان بەدوو ڕێبازبەست:

**أ-جێگیری بەرێگەی دووبارە تاقیکردنەوە (Test Retest)** : بۆدەرهێنانی جێگیری پرسیارنامە لەرێگەی دوبارە تاقیکردنەوەوە، بەشێوەیەکی هەڕەمەکی پرسیارنامەکەمان دابەشکردووە بەسەر (10) یەکە لەهەردوو ڕەگەز، دوای (15) ڕۆژ جارێکی تر پرسیارنامەکەمان دابەشکردەوە بەسەر هەمان ئەو یەکانەدا، دەرکەوت کە ڕێژەی جێگیری پرسیارنامەکە بریتییە لە: (0.876)(*) هەروەك لەکارەکانی خشتەی (7) دیارە.

خشتەی (7)

چۆنێتی دەرهێنانی جێگیری پرسیارنامە ڕوندەکاتەوە

| ژ | س(**) | ص | پێگەی س | پێگەی ص | پێگەی س-پێگەی ص | ف2 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 61 | 60 | 5 | 5 | 0 | 0 |
| 2 | 56 | 57 | 9 | 8 | 1 | 1 |
| 3 | 64 | 67 | 4 | 1.5 | 2.5 | 6.25 |
| 4 | 66 | 64 | 3 | 4 | 1 | 1 |
| 5 | 67 | 66 | 1.5 | 3 | 1.5 | 2.25 |
| 6 | 56 | 54 | 9 | 10 | 1 | 1 |
| 7 | 56 | 57 | 9 | 8 | 1 | 1 |
| 8 | 57 | 58 | 7 | 6 | 2 | 4 |
| 9 | 58 | 57 | 6 | 8 | 2 | 4 |
| 10 | 67 | 67 | 1.5 | 1.5 | 0 | 0 |
| کۆی گشتی | | | | | | 20.5 |

$$r_{xy} = 1 - \frac{6\sum_{i=1}^{n} d_i}{n\left(n^2 - 1\right)} = 1 - \frac{6 \times 20.5}{10\left(10^2 - 1\right)} = 0.876 \ldots\ldots\ldots \ldots\ldots\ldots \ldots\ldots\ldots \ldots\ldots\ldots 4.1$$

(*) بەئاستی ئاماژەداری (0.01) بەنمرەی ئازادی (9) و بەهای خشتەیی (0.79).

(**) س/ بەهاکانی دابەشکردنی یەکەم. ص/ بەهاکانی دابەشکردنی دووەم. پێگەی س: ڕیزبەندی ژمارەیی بۆ تاقیکردنەوەی یەکەم. پێگەی ص: ڕیزبەندی ژمارەیی بۆتاقیکردنەوەی دووەم. جیاوازی (س)

**ب-هەروەها پەنامانبرد بۆ چونیەکی ناوخۆیی (الاتساق الداخلی) Internal Consistency**، بەڕێگەی ئەلفاکرونباخ (Cronbach's Alpha): چونیەکی ناوخۆیی بۆهەر تەوەرێکو بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە دەرهێنراوە. ئەگەر بەهای کرونباخ بەرز بوو ئەوە بەڵگەیە لەسەر جێگیری نمرەی تاقیکردنەوەکان (علام، 2000، ص:166). لێرەدا داتاکان ئاماژە بەبونی پەیوەستێکی بەهێزدەکەن چ لەسەر ئاستی بڕگەو تەوەرەکان چ لەسەرئاستی کۆی گشتی بابەتی توێژینەوەکە، وەك لەخشتەی (8) دیارە:

خشتەی (8)
جێگیری ناوخۆیی هەرتەوەرێك دەردەخات

| ژمارەی بڕگە | Cronbach's Alpha | تەوەرەکان |
|---|---|---|
| 12 | 0.498 | تەوەری یەکەم |
| 5 | 0.639 | تەوەری دووەم |
| 9 | 0.757 | تەوەری سێیەم |
| 10 | 0.714 | تەوەری چوارەم |
| 10 | 0.729 | تەوەری پێنجەم |
| 10 | 0.728 | تەوەری شەشەم |
| 20 | 0.826 | تەوەری حەوتەم |
| 78 | 0.883 | گشت پرسیارنامەکە |

**ڕونی بڕگەکانی پرسیارنامە:**

دوای ئامادەکردنی پرسیارنامە، بۆئەوەی ئاستی ڕونیو تێگەیشتنی بڕگەکان بزانرێت لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە، (20) پرسیارنامەمان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی سادە دابەشکردووە لەدووقوتابخانەی جیاواز لەڕوی ڕەگەزو شوێنەوە، بۆمان دەرکەوت پرسیارەکان ڕوونو بڕگەکان گرفتیان نەبوو لەوەڵامدانەوە. لەڕوی ماوەی پێویست بۆوەڵامدانەوەش دەرکەوت تێکڕای کاتی پێویست بریتی بوولە (18) خولەك.

**دووەم/ چاوپێکەوتنی ڕێکخراو (مقنن) Structured Interview:**

لەرێگەی چاوپێکەوتنەوە دەتوانرێت زانیاری وردو قوڵ بەدەست بهێنرێت، لەبەرئەوەی پشت دەبەستێت بەکارلێکو گفتوگۆو دروستکردنی متمانە لەنێوان توێژەرو لێتوێژراواندا. ئەم چاوپێکەوتنانە لەگەڵ:

1- مامۆستایانی تایبەت (5) یەکە، کەسەرجەمیان لەڕەگەزی نێربوون، تەمەنیان لەنێوان: (34-50)ساڵیدا بوون. لە نێوان ڕۆژەکانی 2015/2/16 بۆ 2015/6/2 ئەنجامدراوە.

2- مامۆستایانی گشتی (5) یەکە، (4) لەڕەگەزی نێربوون (1) لەڕەگەزی مێ بوو، تەمەنیان لەنێوان (40-61) ساڵیدا بوو، لەنێوان ڕۆژەکانی 2015/4/20 بۆ 2015/6/7 ئەنجام دراوە.
3- سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ (2) یەکە، چاوپێکەوتنی بەتەنها. لەڕوی ڕەگەزەوە هەردوکیان لەڕەگەزی نێربوون، لەڕوی وتنەوەی وانەی تایبەتەوە (1) وانەی تایبەت ناڵێتەوەو (1) وانەی تایبەت دەڵێتەوە. تەمەنیان لە نێوان (48-54) ساڵیدا بوو، لەنێوان ڕۆژانی 2-2015/5/3 ئەنجامدراوە.
4- باوان (8) یەکە، (4) لە ڕەگەزی مێ (4) لەڕەگەزی نێربوون، لەئاستی بژێوی‌و بڕوانامەی جیاوازدابوون. کەلەنێوان ڕۆژەکانی 2015/4/14 بۆ 2015/6/7 ئەنجامدراوە.

**سێ یەم/ چاوپێکەوتنی نارێکخراو(سەرپێیی):Unstructured Interview:** لەگەڵ قوتابیانی پۆلی (12) دا کەژمارەیان (23) یەکە بوو لەهەردوو ڕەگەز، (9) مێینە بوون‌و (14) نێرینەبوون. لەکاتی دابەشکردنی پرسیارنامەکەدا، ئەنجامدراوە. (لە یەکەکانی نمونەی توێژینەوەی چەندایەتی).

**چوارەم/ چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ Focus group interviews:** بپێی هەندێك توێژەر باشترین گروپ بۆ چاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ بریتییە لە (6-8) کەس، لەگەڵ ئەوەشدا بچوکترین گروپیش بەکار هێنراوە لەتوێژینەوە زانستییەکاندا کەژمارەیان (3)کەس بووە (Bloor *et al.,* 2002, p.26) ئەمەش دەوەستێتە سەر تایبەتمەندی لێتوێژراوان‌و بابەتی توێژینەوەکە. ئەگەر لێتوێژراوان شتی زۆریان هەبێت بۆ وتن باشتر وایە ژمارەی یەکەکانی فۆکسگروپ کەم بن ( Bryaman, 2012, p.507 cited in Morgan, 1998) ئێمەش بەمەبەستی گەیشتن بە زانیارییەکی زۆر بەرێگەیەکی کورت، پەنامانبرد بۆچاوپێکەوتنی بەکۆمەڵ، لەگەڵ سەرپەرشتیارانی پسپۆڕدا، هەرگروپێك تایبەت بەپسپۆڕێتییەك لەژورێك پێکەوە دادەنیشتن. (10) یەکەمان دیاریکردو کردمان بەسێ فۆکس گروپ، فۆکس گروپی یەکەم (4) یەکەبوو. دووفۆکس گروپی (3) یەکەیی. لەڕوی ڕەگەزەوە (6) یان لەڕەگەزی نێر (4) یان لەڕەگەزی مێ بوون، لەڕوی وتنەوەی وانەی تایبەتەوە (3) وانەی تایبەت ناڵێنەوەو (7) وانەی تایبەت دەڵێنەوە. تەمەنیان لە نێوان (43-60) ساڵیدا بوو، لەڕۆژانی2-2015/5/3 ئەنجام دراوە.

**4- کەرەستە ئامارگرییە بەکار هاتووەکان:**

سودمان لە هەگبەی ئاماری بۆزانستەکۆمەڵایەتییەکان وەرگرتووە ( S.P.S.S) (Statistical Package for Social Scince) بۆخشتەبەندی‌و دەرکردنی ئەنجامەکان.

1- ناوەندی ژمێرەیی Meanو ناوەند Medianو مینوال Mode (Blanche 2002, p.50). بۆکورتکردنەوەی داتاکانو دەربڕینیان لە یەك ژمارەدا. هەروەها بۆزانینی سروشتی دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە. ناوەندەژمێرە بەکار هاتووە بۆدەرهێنانی ناوەندی قەبارەی خێزانو خەرجییەکانی وانەی تایبەت.

2- لادانی پێوەری Std.Deviation و جیاوازی Variance. (هیكل، 1966، ص:266). بۆ زانینی ئاستی پەرتیو بڵاوی داتاکان. لەگەڵ بەکارهێنانی لادانی پێوەری بۆزانینی لادانی پێوەری خەرجییەکانی وانەی تایبەت.

3- لاری Skewness (خليل (بدون)، ص:68). بۆ زانینی دابەشبونی سروشتی نمونەی توێژینەوەکە بەشێوەی لاری. شێوازی چەماوەی پانی (تفرطح) Kurtosis (طيبة، 2008، ص:96). بۆدۆزینەوەی سروشتی دابەشبونی نمونەی توێژینەوەکە، بەشێوەی هاوسەنگیو بەرزونزمی.

4- هاوکێشەی پەیوستی سپێرمان Rank Corelation (ابو النيل، 1987، ص:150). بۆدۆزینەوەی جێگیری پێوەر.

5- ناوەندی سەنگکراو (الوسط المرجح) (أمين والسامرائي، 2001، ص ص:182-183). بۆدەرهێنانی هێزی بڕگەکان.

6- الفاکرونباخ- (Cronbach's Alpha) (عبدالفتاح، 2008، ص:536). بۆدەرهێنانی چونیەکی ناوخۆیی نێوان تەوەرەکان.

7- (t-test) (عوض، 1999، ص:141). بۆ بەراوردکردنی نێوان ناوەندی ژمێرەیی بەناوەندی گریمانەکراو.

**تایبەتمەندییە ئامارییە وەسفییەکانی نمونەی توێژینەوەکە.**

ئاستی کۆنمرەی وەڵامی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە، هەروەك لەخشتەی (9)و شێوەی (1) دا دیارە، دەردەکەوێت دابەشبونی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نزیکە لەدابەشبونێکی سروشتی.

خشتەی (9)

دابەشبونی سروشتی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| پێوەر | ن.ژ | ناوەند | مینوال | ل.پ | جیاوازی | لاری | تەپین |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بابەتی توێژینەوە | 179.53 | 181 | 173 | 18.46 | 340.67 | 0.29- | 0.27 |

بەهای ناوەندەژمێرەو ناوەندومینوال نزیکن لەیەکتری، لەگەڵ دابەزینێکی کەم لەبەهای لاری (الالتواء)و تەپین (التفرطح) ئەمەش ئاماژە بەنزیکی دابەشبونی سروشتی یەکەکانی نمونە توێژینەوەکە دەکات. بۆیە دەتوانین ئەوکەرەستە ئاماریانەی ئاماژەمان پێیدا لەشیکردنەوەی توێژینەوە بەکاری بهێنین.




شێوەی (1) کۆی دابەشبونی سروشتی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە

## بەشی پێنجەم:

## خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییەکان

باسی یەکەم/ تایبەتمەندی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە:

باسی دووەم: گەنگەشەکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکان، دەرەنجامەکان.

# بەشی پێنجەم:

## خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکان

لەم بەشەدا کە لەدوو باس پێکدێت، لەرێگەی خستنەڕوو شیکردنەوەی زانیارییەکانەوە دەگەین بەوئامانجانەی کەلەسەرەتای ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمانپێیکردووە، ئەمەش بەپێی ئەوداتایانەی کەبەدەستمانهێناوە لەرێگەی ڕوپێوی کۆمەڵایەتییەوە.

**باسی یەکەم/ تایبەتمەندی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە:**

لەڕێگەی تایبەتمەندییەکانی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکەوە، دەتوانین وەصفێکی وردی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بکەین، کە بۆ هەرتوێژینەوەیەك گرنگی خۆی هەیە لەسەر ڕوانگەیان بۆ دیاردەو ڕوداوەکانی تایبەت بەژیانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەك.

خشتەی (10)

ڕەگەزی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| ڕەگەز | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 150 | 40.54 |
| مێ | 220 | 59.46 |
| کۆ | 370 | 100 |

لەخشتەی (10) دا ڕەگەزی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. ڕەگەز یەکێکە لەوگۆڕاوانەی هەمیشەو هەردەم لەتوێژینەوەو ڕاپرسییەکاندا، پێویستە گرنگی پێبدرێت، لەبەرئەوەی لەڕوی سایکۆلۆژی‌و کۆمەڵایەتییەوە، بۆچونەکانیان گرنگە بۆهەر توێژینەوەیەك. لەم توێژینەوەیەدا، ڕێژەی (40.54%) لەڕەگەزی نێرن‌و ڕێژەی (59.46%) لەڕەگەزی مێینەن. لێرەدا ڕێژەی ڕەگەزی مێ زۆرترە لە ڕەگەزی نێر، ئەمەش بۆسروشتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە، کە ڕێژەی مێ زیاترە لە ڕێژەی نێر.

خشتەی (11)

لقی زانستی‌و وێژەیی‌و جۆری کۆلێژ ڕوندەکاتەوە

| لقی خوێندن/ کۆلێژ | ژمارە | % |
|---|---|---|
| وێژەیی | 32 | 8.65 |
| زانستی | 238 | 64.32 |
| یاسا | 40 | 10.81 |
| پزیشکی | 60 | 16.22 |
| کۆ | 370 | 100 |

لەخشتەی (11) دا دەردەکەوێت لقی زانستی زۆرزیاترە لەوێژەیی؛ قوتابخانەکان دابەشکراون بەسەر لقی وێژەیی‌و زانستیداو هەندێکیشیان تێکەڵاون، زۆربەی ئەو قوتابخانانەی

کەوتونەتە سنوری نمونەی توێژینەوەکەمانەوە تێکەڵاو یاخود زانستی بوون، لەبەرئەوە ڕێژەی لقی زانستی زیاترە. لەئێستاشدا ڕێژەی داخوازی لەسەر لقی زانستی زۆر زیاترە لەوێژەیی، بەهۆی ئەوەی زۆربەی پیشە میرییەکان لەرێگەی لقی زانستییەوە بەدەست دێت، قوتابیان‌و خێزانەکانیشیان هەوڵ دەدەن منداڵەکانیان بنێرن بۆئەو بەشانە.

خشتەی (12)
ئاستی گوزەرانی خێزان ڕوندەکاتەوە

| ئاستی گوزەرانی خێزان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| زۆرباش | 45 | 12.16 |
| باش | 188 | 50.81 |
| ناوەند | 130 | 35.14 |
| خراپ | 5 | 1.35 |
| زۆرخراپ | 2 | 0.54 |
| کۆ | 370 | 100 |

خشتەی (12) دەریدەخات کە ئاستی گوزەرانی خێزانی زۆرینەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە ئاستی باشن بەڕێژەی (50.81%) ئەوانەی کە لەئاستی مامناوەنددان بەڕێژەی (35.14%) ڕێژەیەکی کەمیشیان زۆرباش بوون بەڕێژەی (12.16%) ئەوانەشی کەخراپ بوون بریتی بوون لە (1.35%) زۆرخراپەکانیش کەمینەبوون بەڕێژەی (0.54%). لەنێو کولتوری کوردیدا داننان بەوەی کەهەژاربیت یان هەژاری بوون کارێکی قورسە، بەتایبەتیش لای چینی هەرزەکارو گەنج کەمتر دان دەنێن بە هەژاری بونیاندا، لەبەرئەوە پێم وانییە وەڵامی وردمان دەست بکەوێت لەسەر زانینی ئاستی گوزەرانی خێزانی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە، ئەگەرچی ئاستی گوزەرانی خێزان، زۆرگرنگە بۆ ڕوکردنە خوێندن‌و هەوڵدان بۆگرتنی کورسییە گرنگەکان‌و کۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان، ئەگەر نەتوانن لەرێگەی زیرەکی منداڵەکانیانەوە بگەنە ئەوکۆلێژانە ئەوا خێزانەکان هەوڵ دەدەن لەرێگەی خەرجکردنی بەشێك لەداهاتەکانیان، ئاستی نمرەی منداڵەکانیان بگەیەننە ئاستی پێویستی داواکراو بۆئەو کۆلێژانە.

**قەبارەی خێزان:** ژمارەی ئەندامانی خێزان لەوهۆکارانەیە کەکاریگەری زۆری لەسەر گرنگیدان بەخوێندنی منداڵەکانیان هەیە، بەتایبەتی لەبواری سەرکەوتنیان لەخوێندندا، تائەندامانی خێزانەکان کەمتربن، گرنگی زیاتربەمنداڵەکان دەدرێت‌و بەپێچەوانەشەوە تاکو ئەندامانی خێزانەکان زیاتربن، کەمترگرنگی بەمنداڵ دەدرێت، لەبەرئەوە دەبێتە هۆی بارێکی قورسی دارایی بەسەرخێزانەکانەوە. بەپێی داتاکانی ئێمە ناوەندی ژمێرەیی خێزانەکان بریتییە لە (6) ئەمەش ئاستێکی مامناوەندی هەیە. لەکاتێکدا لادانی پێوەری بریتییە لە (1.821) ئەمەش ئاستێکی زۆرکەمەو خێزانی کوردی بەرەو

خێزانی ناوکی (Nuclear Family) دەچێت، ئەمەش سیمایەکی شارنشینی بونو بەرەو کۆمەڵگەی شاری بوونە. لەکۆمەڵگەی کشتوکاڵیدا قەبارەی خێزانەکان گەورە بوونو سەرۆك خێزان هەوڵی ئەوەی دەدا قەبارەی خێزانەکانیان گەورەبکات بۆئەوەی دەستی کاری زیاتریان هەبێت، بەپێچەوانەی شارنشینییەوە خێزانەکان پێویستیان بە دەستی کاری زۆرو گەورەیی قەبارەی خێزان نییە.

ئاستی خوێندەواری باوان زۆرکاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو شێوازی ژیانی تاكو خێزانەکانو گرنگیدان بەخوێندنو بوارەکانی تری ژیان هەیە. لەخشتەی (13) دا ئاستی خوێندەواری باوان ڕون دەبێتەوە

خشتەی (13)

ئاستی خوێندەواری باوان دەردەخات

| ئاستی خوێندەواری | باوك | | دایك | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % |
| نەخوێندەوار | 41 | 11.1 | 103 | 27.8 |
| دەتوانێ بخوێنێ | 41 | 11.1 | 78 | 21.1 |
| سەرەتایی | 50 | 13.5 | 61 | 16.5 |
| ناوەندی | 40 | 10.8 | 26 | 7.0 |
| ئامادەیی | 52 | 14.1 | 17 | 4.6 |
| پەیمانگا | 46 | 12.4 | 38 | 10.3 |
| بەکالۆریۆس | 82 | 22.2 | 42 | 11.4 |
| دبلۆمی باڵا بەسەرەوە | 10 | 2.7 | 4 | 1.1 |
| مردوو | 8 | 2.2 | 1 | 0.3 |
| کۆ | 370 | 100 | 370 | %100 |

لەخشتەی (13) دا دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئاستی خوێندەواری دایكو باوکدا هەیە، مێینەکان زۆرترین چینی نەخوێندەواری کۆمەڵگەی کوردی پێك دەهێنن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوبیرکردنەوە نادروستەی کە پێشتر هەبو بەرامبەر ئافرەت، پێیان وابوو نابێت بچێتە قوتابخانەو بخوێنێت. کۆمەڵگەی کوردی تائەم دواییەش کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواربوو، تارماییەکانی ئەو نەخوێندەواریەش بەسەر نەوەکانی ئەم دواییەشەوە هەرماوە؛ لەهەندێك شوێن وردەکولتوری کۆمەڵگەی کوردی تائێستاشی لەگەڵدابێت ئەم تێڕوانینە بەردەوامی هەیە، ئەگەرچی کاڵ بۆتەوە بەهۆی گۆڕانکارییەکانی سەردەمەوە.

تیۆرڤان مینسەر (Mincer) ئاماژە بەگرنگی خێزانو خوێندەواری باوان دەکات، کەڵەکەبونی سەرمایەی مرۆیی کەسیی بەستوتەوە بەخێزانەوە (1984, p.199). لەبەرئەوە ئاستی خوێندەواری باوانو هاوسەنگی نیوانیان کاریگەری زیاتری لەسەر ئەندامانی خێزان هەیە.

پیشە دەریدەخات کە تاك لەکام چینی کۆمەڵایەتیو ئاستی گوزەرانو بیرکردنەوەدایە، پیشە ناسنامەی تاکە، لەڕێگەیەوە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکی پێ دەستنیشان دەکرێت. خشتەی (14) ئەوزانیاریانە ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی (14)
پیشەی باوان ڕوندەکاتەوە

| پیشە | باوك | | دایك | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | % | ژمارە | % |
| مامۆستا | 41 | 11.0 | 53 | 14.3 |
| ڕاگەیاندکار، فەرمانبەر، پارێزەر | 84 | 22.8 | 36 | 9.8 |
| ئەفسەر، پێشمەرگە | 18 | 4.9 | - | - |
| ئەندازیار، مامۆستای زانکۆ، ب.گ، پزیشك، دادوەر | 30 | 8.1 | 5 | 1.3 |
| کاسب | 165 | 44.7 | - | - |
| خانە نشین | 14 | 3.8 | 2 | 0.5 |
| بازرگان | 7 | 1.9 | - | - |
| ژنیماڵەوە | - | - | 273 | 73.8 |
| بێکار | 3 | 0.8 | - | - |
| مردوو | 8 | 2.2 | 1 | 0.3 |
| کۆ | 370 | 100 | 370 | 100 |

لەخشتەی (14) دەردەکەوێت زۆرینەی باوانی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە کاسبکارانن کە پیشە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، جیاوازییەکی زۆریش هەیە لەنێوان هەردوو ڕەگەز لە هەمبەر پیشەو زۆربەی دایکان ژنی ماڵەوەنو هیچ جۆرە پیشەیەکیان نییە.

**باسی دووەم: گەنگەشەکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکان، دەرەنجامەکان.**

لەم بەشەدا ئەنجامەکان بەپێی خشتەو وەڵامی لێتوێژراوان دەخەینەڕوو شیدەکەینەوە، لەڕێگەی ئەم ئەنجامانەوەو بەبەستنەوەیانەوە بە توێژینەوەکانی پێشووو ئەزمونی توێژەر لەکاتی ڕوپێوکردندا، دەرەنجامەکان دەخەینە ڕوو، لەگەڵ پێشنیازو ڕاسپاردەکاندا.

**یەکەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

لەم باسەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، بەهۆی کۆکردنەوەی زانیاریو داتا لە ڕوپێوی مەیدانیدا بەدەستمانهێناوە، لەڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییەوە دەخەینەڕوو بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**ئامانجی یەکەم/ زانینی ئاستی وتنەوەی وانەی تایبەت لەشاری هەولێر.**

لەڕێگەی ئاستی دیاردەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەم گرفتە تاچەندە بەربڵاوەو بووە بە دیاردەیەکی ڕاستەقینەو پێویستە بخرێتە بەرباسو توێژینەوە، رێگەکانی چارەسەرکردنی بۆدیاری بکرێت. بەپێی وەڵامی لێتوێژراوان ئەم دیاردەیە بووە بەدیاردەیەکی بەربڵاو، بەشێوەیەکی فراوان لەنێوقوتابییاندا بڵاو بووەتەوە. بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی بڵاوبونەوەی ئەم دیاردەیە لەشاری هەولێر بریتییە لە (60.81%). هەروەك لەخشتەی (15) دەرکەوتووە.

خشتەی (15)
ئاستی دیاردەکە لەشاری هەولێر بەڕێژە دەردەخات

| مامۆستای تایبەتت گرتووە؟ | وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | 225 | 60.81 |
| | نەخێر | 145 | 39.19 |
| کۆ | | 370 | 100 |

سەرەڕای ئەوەی قوتابی هەیە حەزناکات خەڵکی بزانن مامۆستای تایبەت دەگرێت یاخودنا. بەپێی شوێنی جوگرافیو جۆری قوتابخانەو ئاستی گوزەرانی خێزان، ئاستی بڵاو بونەوەکەش جیاواز دەبێت. لەکاتی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەهەریەك لەوقوتابخانانەدا، تێبینیمانکردووە، لەدواناوەندییەکاندا (کەبەنمونەیی ناو دەبران) دیاردەکە بەشێوەیەکی چڕ بڵاوبۆتەوە. ئەوقوتابخانانەی کەوتونەتە نێو گەڕەکە هەژارنشینەکان دیاردەکە کەمترە؛ لەکاتێکدا لەقوتابخانەی گەڕەکە دەوڵەمەندەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزە. لەوەڵامی پرسیارێکمان کەئاراستەی قوتابیانی یەکێك لە قوتابخانە هەژار نشینەکانمکرد کەدیاردەکە تیایدا زۆرکەم بوو، لەوەڵامدا وتیان پەیوەندی بەئاستی بژێوی خێزانەکانمانەوە هەیە، ناتوانین خەرجی بۆ مامۆستای تایبەت دابین بکەین.

هەروەها ئەنجامەکانی پێوەری وانە وتنەوەی تایبەت ئاماژە بەوەدەکات کە ناوەندەژمێرەیی یەکەکانی نمونەی توێژینەوە (179.53) ی تۆمارکردووە بەلادانی پێوەری (18.46) بەبەراورد بە ناوەندی گریمانەکراو (152) بەئاستی گومانی (0.01%) دەرکەوت کە یەکەکانی توێژینەوە ئارەزویان هەیە بۆوەرگرتنی وانەی تایبەت بەئاستێکی بەرز، هەروەك لە خشتەی (16) ڕوندەبێتەوە.

خشتەی (16)

ئاستی وانە وتنەوەی تایبەت لای یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە

| وانە وتنەوەی تایبەت | ن.ژ | ناوەند | مینوال | لا.پ | لاری | تەپین |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 179.53 | 181 | 173 | 18.46 | 0.29 | 0.27 |

ئەم ئەنجامەش ئاماژەیە بۆبونی نزیکبونەوەی داتاکان لە نزیکی دابەشبونی سروشتی. بەهای ناوەندە ژمێرەو ناوەندو مینوال نزیکن لەیەك لەگەڵ بونی دابەزینی بەهای (لاریو تەپین). بەمەبەستی دڵنیابوون لەم ئەنجامە بەبەڵگەی ئاماری، بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) (t.test) بۆ بەراوردی نێوان بەهای (ت) دەرهێنراو بەبەهای (ت)ی خشتەیی. لەڕێگەی ناوەندی گریمانەکراو بە ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو. هەروەك لەخشتەی (17) دا خراوەتە ڕوو.

خشتەی (17)

تاقیکردنەوەی (ت) بەبەراوردکردنی ناوەندیگریمانەکراووناوەندی ژمێرەیی پێوەر

| وانە وتنەوەی تایبەت | ن.ژ | لا.پ | ن. گریمانەکراو(*) | بەهایt | | نمرەی ئازادی | ئاستی ئاماژەداری0.01 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | | |
| | 179.53 | 18.46 | 152 | 28.7 | 2.576 | 369 | ئاماژە دارە |

هەروەك لەداتاکانی خشتەی (17) دەردەکەوێت بەهای (ت) دەرهێنراو گەورەترە لەبەهای خشتەیی لەبەرژەوەندی ناوەندی ژمێرەیی پێوەر. ئەمەش ئاماژەیە بۆبونی ئارەزوی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ وانە وتنەوەی تایبەت. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی سەرجەم توێژینەوەکانی پێشو هاوشێوەو نزیکە، بەڕێژەی جیاواز کە ئاماژە بەفراوانبونی ئەم دیاردەیە دەکەن، لەوکۆمەڵگەیانەی کەتوێژینەوەکانی لێ ئەنجامدراوە.

**ئامانجی دووەم/ زانینی ئەو وانانەی کە زۆرترین خواستیان لەسەرە:**

قوتابیان جیاوازن لەخواستو بۆچونیان لەهەڵبژاردنو توانای وەرگرتنو تێگەیشتن لە بابەتەکان، ئەمەش وادەکات هەر قوتابییەك چەند بابەتێك بەلایەوە قورسو گران بێتو نەتوانێت لێی تێبگات،

(*) ناوەندی گریمانە کراو= ناوەندی کێشی جێگرەوەکان×ژمارەی برگەکان (2×76)=152

یاخود لەقوتابخانە باش تێی نەگەیەنن، بەم هۆیەشەوە ناچاردەبێت پەنابباتە بۆمامۆستای تایبەت. وەك لەخشتەی (18) دا دەردەکەوێت.

خشتەی (18)
ئەو بابەتە دیاری دەکات کە زۆرترین خواستی لەسەرە

| بابەت | ژمارە | % | پلەبەندی |
|---|---|---|---|
| بیرکاری | 167 | 45.14 | 1 |
| فیزیا | 148 | 40 | 2 |
| کیمیا | 141 | 38.11 | 3 |
| ئینگلیزی | 134 | 36.22 | 4 |
| عەرەبی | 114 | 30.81 | 5 |
| زیندەوەرزانی | 59 | 15.95 | 6 |
| کوردی | 42 | 11.35 | 7 |

لەخشتەی (18) بەشێوەیەکی گشتی ئەوبابەتانەی کە زۆرداخوازیان لەسەرە لەشاری هەولێرخراوەتەڕوو، لەسەرەوە بۆخوارەوە بەشێوەیەکی ڕیزبەندی. بیرکاری بەپلەی یەکەم دێت لەبابەتە زانستییەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆبونی هاوگرفتو یاسا بیرکارییەکان، ئەم یاسایانەش پێویستی بەشیکردنەوەو ڕونکردنەوەی پێویست هەیە لەقوتابخانەکاندا؛ ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەوقوتابیانە لەقوتابخانەی فەرمی باش لەوانەکان تێناگەن. لەدوای بیرکاری وانەکانی فیزیاو کیمیا دێن. لەنێو زمانەکانیشدا زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم دێت، ئەویش لەبەر بونی ڕێزمانێکی ئاڵۆز، کەزۆربەی مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی جەخت لەسەر ڕاهێنان لەسەر گرامەردەکەنەوە، لەکاتێکدا لەئێستادا، گرنگی بەگوێگرتنو ئاخاوتن دەدرێت، کە لەرێگەیەوە تاك بەشێوەیەکی پلەبەندی گرامەریش فێردەبێت (نمونەش بەمنداڵ دەهێننەوە کە هەرلەمنداڵییەوە بەهۆی گوێگرتنییەوە بەبێ ئەوەی ڕۆژێك لەڕۆژان گرامەری خوێندبێت لەئاخاوتنەکانیشیدا گرامەر بەکاردەهێنێت). لەلایەکی ترەوە گرنگی نەدان بەوزمانە لەقۆناغەکانی بنەڕەتییەوەو نەبونی مامۆستای بەتوانا لەو بوارەدا. تێبینی ئەوەمانکردووە هەندێك لەومامۆستایانە توانای ئاخاوتنیان نییە لەگەڵ کەسێکی بیانیدا بەزمانی ئینگلیزی، کەسێکیش نەتوانێت بەوزمانە گفتوگۆبکات ناشتوانێت ئەوە بەقوتابییەکانی ببەخشێت. هەر لەبەرئەوەشە ئەو مامۆستایانەی بیانەوێت وانەکان ئاڵۆزبکەن لەم بابەتانەدا ئاڵۆزی دەکەن کەقوتابی ناتوانێت بەبێ ڕونکردنەوەیەکی باش لەو وانانە تێ بگەن. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (عفانەو العاجز 1999)، (Bento and Riberir,2013)، (Park *et al.* 2011)، (Sujatha, 2014).

**ئامانجی سێ یەم/ زانینی هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت:**

بۆگەیشتن بەم ئامانجە، شەش تەوەرمان ئامادە کردووە، هەرتەوەرەو ئاماژە بەکۆمەڵێك هۆکاری تایبەت بە بوارو چینێك دەکات، لەسەر شێوەی بڕگە ئاراستەمانکردووە، سەرەڕای ئەوەی

چاوپێکەوتنمانکردووە بۆ هەمان مەبەستو لەناواخنی شیکردنەوەی داتا چەندایەتییەکاندا ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەکارمان هێناوە. لەداتاکانی خشتەی (19)ەوە دەستپێدەکەین کە:

**1-هۆکارەکانی پەنابردن بۆ وانە وتنەوەی تایبەت لەلایەن قوتابیانەوە.**

خشتەی (19)

هۆکارەکانی پەنابردن بۆ وانە وتنەوەی تایبەت لەلایەن قوتابیانەوە ڕوندەکاتە:

| ژ | بڕگە | ن.سەنگکراو | کاریگەری(*) |
|---|---|---|---|
| 1 | بۆ چونە نێو کۆلێژێکی گرنگو بایەخدار | 2.689 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 2 | بۆ بەدەستهێنانی قازانج لەداهاتوودا | 2.403 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 3 | لەبەرلاوازی ئاستی تێگەیشتن | 2.073 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 4 | لەبەرئەوەی هاوڕێکانمان مامۆستای تایبەت دەگرن | 1.505 | کاریگەری کەمی هەیە |
| 5 | بۆبەدەستهێنانی زانیاری لەسەر پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی | 2.27 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 6 | لەسەر داخوازی باوان | 1.722 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 7 | بێئاگایی لەکاتی شیکردنەوەی وانەکان لەقوتابخانە | 1.892 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 8 | ترس لەتاقیکردنەوەکان | 2.065 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 9 | زۆری ئامادەنەبون (غیاب) | 1.578 | کاریگەری کەمی هەیە |
| 10 | ڕاهاتنی قوتابی لەمنداڵییەوە لەسەرپشت بەستن بەکەسانی تر | 1.686 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 11 | لەبەر ڕێك نەخستنی کات | 1.949 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 12 | هەڵێکە بۆ شیکردنەوەی پرسیارەکان | 2.457 | کاریگەری زۆری هەیە |

لەخشتەی (19) دا کۆمەڵێك هۆکاری تایبەت بەقوتابی ڕوندەکرێتەوە، کەبۆچی مامۆستای تایبەت دەگرن؟. یەکەم بڕگە بۆچونە نێوکۆلێژێکی گرنگو بایەخدار بەکێشی (2.689) هاتووە، ئەمەش مانای وایە زۆرکاریگەرە. هۆکارەکەیشی ئەوەیە ئەمڕۆ بەهۆی شێوازی وەرگرتنی قوتابی لەزانکۆ پشت دەبەستێت بە نمرەی بەرز، نەك چاوپێکەوتنو توانای کەسیو خولیای تاکەکەس، ئەمەش وادەکات لەتاکەکانو خێزانەکان هەوڵ بدەن لەبەرزترین کۆلێژەکان وەربگیرێن بۆدەستەبەرکردنی ئایندەیەکی باش بۆمنداڵەکانیان. لەهەمان کاتدا بەرزبونەوەی توانای سەرمایەی مرۆیی تاکەکان، لەبەرئەوە کۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان لەڕوی کۆمەڵایەتیو دەرونیو پیشەییەوە گرنگو بایەخی زیاتری هەیە لە ناوەندە ئەکادیمیو کۆمەڵایەتییەکاندا. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی: (البوهي والسادة، 1994)، (عفانة والعاجز، 1999)، (عرابي، 2006)، (التميمي، 2007)، (Manzoor, 2013)، (Sujatha, 2014).

(*) مەبەستمان لەکاریگەری، کاریگەری هەربڕگەیەکە لەسەربڵاوبونەوەی دیاردەکە. لەشیکردنەوەی تێڕوانینی قوتابیان، ئاستی کاریگەری هەربڕگەیەك دیاری دەکەین بەبەکارهێنانی ناوەندی سەنگکراو بۆهەربڕگەیەك. هێزی ناوەندی سەنگکراو لە1 بۆ3 دەبێت، لەوە زیاترو کەمتر نابێت بەم شێوەیە، بەپێی ئەم بەشانە:

لە (1-1.66) کاریگەری کەمی هەیە (قليلة الحدة).

لە (1.67-2.23) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە (متوسط الحدة).

لە (2.24-3) کاریگەری زۆری هەیە (عالية الحدة).

هەروەها هۆكار بۆبەدەستهێنانی قازانج لەداهاتودا بەكێشی (2.403) هاتووە، ئەمەش كاریگەری زۆری هەیە، لەبەرئەوەی تاك لەڕێگەی كۆلێژە كۆنمرە بەرزەكانەوە دەتوانێت ببێت بەخاوەنی سەرمایەی مرۆیی، لەداهاتودا كاریگەری ببێت لەسەر بەدەستهێنانی قازانجو سودی داراییو تەنانەت مرۆیش. چونكە كۆلێژە كۆنمرە بەرزەكان لەكۆمەڵگەی كوردیدا جێگای بایەخە، هەركەسێك لەو كۆلێژانە وەربگیرێت، لەئێستادا زوتر كاری دەست دەكەوێت، بەبەهایەكی بەرزیش كاردەكات بەراورد بەپیشەكانی تر؛ لەڕوی پێگەی كۆمەڵایەتیو دەورنیشەوە بەچاوێكی بەرزتر سەیری ئەوكەسانە دەكرێت كەلەو كۆلێژانە دەخوێنن. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی: (Bento and Ribirir, 2010).

بەڵام هۆكاری لاوازی ئاستی تێگەیشتنی هەندێك لە قوتابیان لەقوتابخانەی فەرمی بەكێشی (2.073) هاتووە، ئەمەش تاڕادەیەك كاریگەری هەیە. لاوازی ئاستی زیرەكیو زوو وەرگرتنی بابەتەكانو خولیاو ئارەزووەكانەوە، قوتابیان ناچار دەبن پەنابەن بۆ مامۆستای تایبەت. هەندێك جاریش لەبەر كەم توانایی مامۆستا لەپێشكەشكردنی وانەكانی بەشێوەیەكی ڕوونو ئاشكراو دڵسۆزانەو سەركەوتوانە، قوتابی لە وانەكان تێناگات. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Sujatha, 2014).

لەكاتێكدا كەمینەیەكی قوتابیان لەگەڵ ئەوەدان ئەم دیاردەیە دیاردەیەكی لاساییكردنەوەیە بەكێشی (1.505)، ڕەنگە هۆكارەكەیشی ئەوەبێت تەمەنی ئەوقوتابیانە ڕێگربێت لەوەی دان بەوەدا بنێن لاسایی كەسانی تردەكەنەوە، ئەگەرنا ئەم تێڕوانینە پێچەوانەیە لەگەڵ تێڕوانینی یەكەكانی سەرجەم چاوپێكەوتنەكان لەهەموچینەكان، ئاماژەیان بەوەدەكرد: **"ئەم دیاردەیە بووە بەدیاردەیەكی چاولێكەریو مۆدێلو قوتابیانو خێزانەكانو تەنانەت مامۆستاو سەرپەرشتیارەكانیش لاسایی یەكتری دەكەنەوە".** ئەمەش بووە بەهۆی فراوانبونی دیاردەكە، لەخێزانێكەوە بۆخێزانێكو لەقوتابییەكەوە بۆقوتابییەكو لە مامۆستایەكەوە بۆمامۆستایەكی دیكەو لەقوتابخانەیەكەوە بۆقوتابخانەیەكی تر بگوازرێتەوە. زانای دەرونزانی كۆمەڵایەتی (G. Tarde) دوو وێنەی بۆلاساییكردنەوە دیاریكردووە، یەكیان لەنەوەیەكەوە بۆنەوەیەكی ترو ئەوی دیكەشیان لەنێوهەمان نەوەدا لاسایی یەكتری دەكەنەوە. (بوتول (بدون)، ص:98) ، لەبەرئەوە قوتابیان بەخۆیان بزانن یاننا لەنێو هەمان نەوەدا، لاسایی یەكتری دەكەنەوەو دەكەونە ژێر كاریگەری یەكترییەوە. ئەنجامی چاوپێكەوتنەكان هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی: (التميمي، 2007). كەئاماژەی بە هۆكاری چاولێكەری دەكاتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا قوتابیان بۆئەوەی شێوازی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانیان دەست بکەوێت، پەنا دەبەن بۆ مامۆستای تایبەت، بەکێشی (2.27) کاریگەری زۆری هەیە. لەکاتی نزیکبونەوەی تاقیکردنەوەکاندا هەمیشە ئەوە بڵاودەبێتەوە کە پرسیار دزراوە، ئەگەر ئەمەش ڕونەداتو قوتابیان پرسیارەکانیشیان دەست نەکەوێت، بەڵام لەڕێگەی هەندێك لەمامۆستاو سەرپەرشتیارانەوە دەتوانن لانیکەم شێوازی پرسیارەکان یاخود نزیك لەو پرسیارانەیان دەست بکەوێت، لەبەرئەوە پەنادەبەن بۆ مامۆستای تایبەت. بەپێی چاوپێکەوتنەکان: **لەبەرئەوەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ وانەی تایبەتیش دەڵێنەوە بەرپرسیاری یەکەمیشن لە کرداری وانە وتنەوەو فێرکردن، گەرەنتی دەدەن بەقوتابی کە نمرەیەکی بەرزی بەدڵی خۆی دێنێت ئەگەر ئەم وانەی پێ بڵێت. لانی کەم لەلایەکەوە هەواڵێکی لەپرسیارەکان دەست دەکەوێت.** سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕ کەوانەی تایبەتیناڵێتەوە دەڵێت: **"ئێمە دەمێکە هاوار دەکەین با هەرساڵەو گروپێك پرسیارەکانی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی دابنێین بەڵام کەس گوێمان بۆ ناگرێت"**(*). ئەم ئەنجامە هاوشێوەیە لەگەڵ توێژینەوەی (عفانە والعاجز، 1999).

بەڵام ژمارەیەك لەقوتابیان لەسەر داخوازی باوانیان مامۆستای تایبەت دەگرن، بەکێشی (1.722) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە. لە هەندێك کاتیشدا ڕەنگە منداڵەکە پێویستی پێی نەبێت. هەندێك لەخێزانەکان بێ ڕەچاوکردنی توانای هزریو خولیاکانی منداڵەکانیان فشار لەسەر منداڵەکانیان دروست دەکەن بۆئەوەی نمرەی بەرز بەدەست بهێنن لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت، بەزۆریش پەنادەبەن بۆگرتنی مامۆستای تایبەت. یەکێك لەوقوتابیانەی گفتوگۆمان لەگەڵداکرد ئەم خاڵەی بەگرفتیەکی قوڵی خۆی دادەناو توشی جۆرێك لە خەمۆکی کردبوو، بەهۆی ئەوەی توانای نییە، لەماڵەوەش فشارێکی زۆری لێ دەکەن.

لەکاتێکدا هەندێك لە قوتابیان بەهۆی بێئاگاییانەوە لەکاتی شیکردنەوەی وانەکاندا لەوانەکان تێناگەن بەکێشی (1.722) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە. ئەمەش ناچاریان دەکات پەنابیەن بۆ دەرەوەی قوتابخانەو لەدەرەوە مامۆستا بگرن بۆئەو وانانەی کەلێی تێنەگەیشتوون لەقوتابخانە.

بەهەمان شێوە قوتابیان پەنادەبەن بۆمامۆستای تایبەت لەبەرئەوەی لەتاقیکردنەوەکان دەترسن. بەکێشی (2.065) کەئاستێکی مام ناوەندی هەیە، ژمارەیەك لەقوتابیان بەهۆی ئەوەی لەپۆلی (12) کە گرنگترین قۆناغی خوێندنی ئامادەییە، ترس دەیانگرێت، لەبەرئەوەی داهاتویەکی نادیار لەپێشیانە، بەهۆی پێشبینییە نەرێنییەکانیانەوە، بیرکردنەوە لەساڵی ئایندە، داخۆ دەمێننەوە

(*) توێژەرانی چۆنایەتی گرنگی دەدەن بە وشەو دەربڕین، لەبەرامبەردا توێژەرانی چەندایەتی گرنگی دەدەن بە ژمارە(هس-بیبرو لیڤی، 2011، ص:2006/43).

لەگەڵ کۆمەڵێك دەموچاوی نوێ لەهەمان پۆلی (12) یاخود دەچنە چ کۆلێژێك؟ خەون‌و ئاواتەکانیانی تیابەدی دێت یاخودنا؟ لەبەرئەم پرسیارو ترسانە پەنادەبەن بۆمامۆستای تایبەت، وەك کەسێك لەکاتی نقوم بونی لەدەریادا دەس بۆکەفی سەرئاوەکە ببات!.

لەلایەکیترەوە زۆری ئامادەنەبون(غیاب)ی قوتابی لە قوتابخانە بەکێشی (1.578) کاریگەری کەمی هەیە، بۆیە قوتابیان بەهۆکارێکی کەمی دەزانن، کاریگەری ئەوتۆی نییە لەسەر دیاردەکە.

بەڵام هەندێك لەقوتابیان بەهۆی پشت بەستنیان لەمنداڵیەوە لەسەر کەسانی تر، ڕانەهێنان لەسەر پشت بەخۆبەستن لەزۆربەی قۆناغەکانی ژیانیاندا. بەکێشی (1.686) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە. ئەمەش پەیوەستە بەجۆری پەروەردەی خێزان‌و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی منداڵ‌و ڕاهێنان‌و ڕانەهێنانی لەسەر پشت بەخۆ بەستن هەرلە منداڵیەوە. بێگومان ئەمەش لەخێزانێکەوە بۆخێزانێك دەگۆڕێت.

بەهەمان شێوە هەندێك لەقوتابیان پێیان وایە لەبەر ڕێکنەخستنی کات‌و دابەشنەکردنی بەسەر ئەرکو کۆشش و کاتی پشو و نانخواردن‌و خەوتن‌و یاریکردن، پەنا دەبەن بۆ مامۆستای تایبەت. بەکێشی (1.949) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە. ژمارەیەك لەقوتابیان نازانن کاتەکانیان ڕێکبخەن، جا بەهۆی کەمتەرخەمیان بێت یاخود تەمبەڵی‌و هەست بە بەرپرسیارێتی نەکردن، لاسایی کردنەوەو یاریکردن‌و سەرقاڵ بوون بەئامرازەکانی تەکنۆلۆجیای سەردەمەوە، یاخود سەرقاڵبونیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتەرنێتەوە، بەبێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، هەم کاتەکانیان دەکوژێت‌و لەلایەکی تریشەوە ئالودە دەبن پێیەوە. ئەنجامەکەیشی سەرنەکەتن‌و دواکەوتنە لەرێگەی خوێندن، کاتێك بەئاگادێتەوە لەکاروانی خوێندن بەجێماوەو هەوڵ‌و ماندوبونەکانیش دادی نادات. بەپێی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ: مامۆستایانی فەرمی‌و تایبەت‌و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بەتایبەتیش فۆکس گروپەکان: **قوتابیان وەك پێویست هەوڵ نادەن، خواردنی خێرایان دەوێت، دەیانەوێت بەکەمترین ماندوبوون زۆرترین نمرە بەدەستبهێنن، دواتریش ببن بەپزیشکی نەخوێندەوار!. متمانە بەخۆنەبوون، نەبونی متمانەی خێزان بەتوانای منداڵەکانیان. قوتابی هەیە دەیەوێت لەورێگەیەوە تەنها دەربچێت، هەیە نمرەی بەرزە دەیەوێت نمرەی بەرزتر بەدەست بهێنێت.**

کۆتا برگەی ئەم تەوەرە ئەوەیە کە قوتابی ناتوانێت ئەرکەکانی ڕۆژانەی قوتابخانە لەماڵەوە شیکاربکات، ناچاردەبێت پەنابات بۆ مامۆستای تایبەت. بەکێشی (2.457) کاریگەری زۆری هەیە. لەبەرئەوەی بابەتەکانی ڕۆژانەی لەقوتابخانە بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە بۆشیناکرێتەوە، ئەمەش پەیوەستە بەتواناو لێهاتوییەکانی مامۆستای قوتابخانە بەپلەی یەکەم‌و دواتریش هوشیاری‌و بەئاگایی

قوتابی، لەوەی کەبەهوشیاریو هەستیارییەوە گوێ لەوانەکان بگرێتو دواتریش بەتواناو بیرکردنەوە عەقڵییەکانی ئەرکەکانی قوتابخانە لەماڵەوە شیکاربکات، بەپشت بەستن بەهێزی دەرکپێکردنی خودی.

بڕگەی یەکەمو دووەمی ئەم تەوەرە دەکەوێتە ژێر کاریگەری چەندگریمانەیەکی تیۆری (وەبەر هێنان لەسەر مایەی مرۆییInvestment in Human Capital) "دیدگایەکی گەشبینانەی هەیە بۆ ئەوکەسانەی کە زیاتریان خوێندووە"، زۆربەی لێتوێژراوان پێیان وایە یەکێك لەهۆکارەکانی گرتنی مامۆستای تایبەت دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەکۆلێژێکی باش وەربگیرێن، بۆئەوەی ئایندەیەکی باش بەدەست بهێنن.

لەلایەکی ترەوە گریمانەی ئەوەدەکات کە پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان خوێندنو قازانج بەدرێژایی ژیانی تاکەکەسو ئەوپێگە دەرونییەی کەتاکەکەس بەدەستی دەهێنێت بەهۆی خوێندنەکەیەوە. زۆربەی لێتوێژراوان یەکێك لەهۆکارەکانی پەنابردن بۆمامۆستای تایبەت دەگێرنەوە بۆئەوەی لەداهاتودا قازانج بەدەست بهێننو لەکۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان وەربگیرێن. ئەمەش گریمانەکانی ئەو تیۆرە پشتڕاست دەکاتەوە.

**2-هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستای تایبەت:**

هۆکارەکانی بڵاوبونەوەی وانە وتنەوەی تایبەت تەنها پەیوەست نییە بەقوتابیانەوە، بەڵکو بەشێکی تر لەوهۆکارانە بریتییە لەو مامۆستایانەی کەوانەی تایبەت بەقوتابیان دەڵێنەوە، بەپێی بەشێکی زۆر لەتوێژینەوەکانی تایبەت بەم بوارە، ئەم چینە بەشێکن لەهۆکاری سەرەکی بڵاوبونەوەی دیاردەکە. پێویستە لەم توێژینەوەیەدا ئەوەبزانین ئەم چینە تاچەندە ڕۆڵو کاریگەرییان هەیە لە بڵاوبونەوەی دیاردەکەدا لە دیدی قوتابیانو دواتریش لەڕوانگەی چاوپێکەوتنەکانەوە. هەروەك لەخشتەی (20) دەردەکەوێت چەند هۆکارێك هەیە پەیوەستە بەمامۆستای تایبەتەوە لەبڵاوبونەوەی وانە وتنەوەی تایبەتدا.

خشتەی (20)

هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستای تایبەت ڕون دەکاتەوە:

| ژ | بڕگە | ن.سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1 | گرنگی زیاتر دەدەن بەوانەکان | 2.589 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 2 | متمانەی قوتابی بەدەست دەهێنێت | 2.397 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 3 | پرۆگرامی خوێندن کەم دەکەنەوە | 2.078 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 4 | کار لەسەر داخوازی وانەی تایبەت دەکەن | 2.105 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 5 | قۆرخکردنی وانەی تایبەت بۆبەدەستهێنانی قازانج | 2.181 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |

لەخشتەی (20) بڕگەی مامۆستایانی تایبەت گرنگی زیاتر دەدەن بەوانەی تایبەت بەکێشی (2.589) هاتووەو کاریگەری زۆری هەیە، ئەمەش مانای وایە مامۆستایان لەوانەی تایبەت گرنگی زیاتر بەقوتابی دەدەن، لەڕوی شیکردنەوەو تێگەیاندنی بابەتەکانو وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش؛ لەکاتێکدا مامۆستایان لەقوتابخانەی گشتی ئەم هەلە بۆقوتابیان نارەخسێنێت بەشێوەیەك وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەوەڵامی پرسیارێکدا لەدایکێکی تەمەن (41) ساڵ کەبۆچی مامۆستای تایبەتی گرتووە بۆ کوڕەکەی وتی: **"کوڕەکەم داوای کردووە لەمامۆستا باشتر وانەی فیزیای بۆ شیبکاتەوە کەلێی تێنەگەیشتووە لەوەڵامدا وتویەتی: ئێوارە وەرە بۆئۆفیس لەوێ باش تێت دەگەیەنم"!**. لەڕاستیدا ئەمە هەمان وەڵامی ئەو دایکەبوو لە کەمبۆدیا (کەخراپترین بارودۆخی وانەی تایبەت هەیە) بۆچی منداڵەکەی ناردووە بۆلای مامۆستای تایبەت!. ئەمە وەك گرفتی پزیشكو نەخۆش وایە کاتێك لە کلینیکی تایبەتی خۆی دەچیت بۆلای بەجۆرێك گرنگیت پێدەدات لەخۆت بایی دەبی، کاتێکیش لەنەخۆشخانە دەچیت بۆلای بەسەرخۆتدا دەشکێیتەوە، بۆخۆم ئەم دیاردەیەم تێبینی کردووە! ئەڵبەت لێرەدا مەبەستمان زۆرینەیە، ئەگەر نا پزیشکی بەوژدانو باشیش هەن، بەڵام کەمو دەگمەنن.

هەروەها مامۆستای تایبەت متمانەی قوتابی بەدەست دەهێنێت، بەکێشی (2.397) کاریگەری زۆری هەیە، لەبەرئەوەی مامۆستا لەبەرامبەردا کرێیەکی دیاریکراو بەشێوەی کەسی وەردەگرێت، ناچاردەبێت بەجۆرێك مامەڵە بکات قوتابیو خێزانی قوتابی ڕازیبکات, بۆئەوەی سەرنجی خێزانەکانی تریش بۆخۆی ڕابکێشێت، لەساڵانی ئایندەدا ئەوانیش ئەم مامۆستایە بگرن بۆ منداڵەکانیان بە شێوەی تایبەت. ساڵێك پێشهاتنی خوێندن کاتەکانیان هەموکردراوە لەلایەن خێزانەکانەوە، بەجۆرێك هەندێك لەخێزانەکان بەهۆی بونی ئەزمونی پێشینەوە، هەرلەپۆلی (11) ەوە ئەو مامۆستایانە دەگرن بۆمنداڵەکانیان، لەبەرامبەریشدا ئەومامۆستایانە بەجۆرێك مامەڵە دەکەن، متمانەی قوتابیو خێزانەکان بەدەست بهێنن؛ بەدەربڕینی هەستی نەرمو نیانیو شیکردنەوەی وانەکانو گوێگرتن بۆ پرسیارەکانی قوتابیو وەڵامدانەوەی بەشێوەیەك کە جێگای ڕەزامەندی قوتابی بێت. لەکاتێکدا ئەم جۆرە کەشو هەوایە لەقوتابخانەی فەرمی بۆ قوتابییەکانی نارەخسێنێت.

لەمیانی کارکردنم(*) بۆڕێکخراوێکی بیانی، لەدوو قوتابخانەی ئامادەیی کچانو کوڕان، تێبینیی ئەوەمکرد ژمارەیەك لەو مامۆستایانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە، بەبێ گفتوگۆو دروستکردنی

(*) توێژەر بەدرێژایی وەرزی خوێندنی (2014-2015) لەدوو قوتابخانەی ئامادەیی کچانو کوڕان بەشداریکردووە لە توێژینەوەیەك بۆ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی، بەهۆی ئامادەبونو تێرامان لە پەیوەندییەکانی نێوان مامۆستاکانو

کارلێکو پەیوەندی، بێ پێشەکی دەچنە نێو بابەتەکانیانەوە، بەبەکارهێنانی تەختەسپییەکەو نوسینەوەی بابەتەکە بەشێوەیەکی وشکو بێگوێدانە تێگەیشتنو سودبینینی قوتابی کۆتایی بەوانەکانیان دەهێنن. ئەوەتا قوتابییەکی پۆلی دوازدە دەڵێت: **"مامۆستای وانەی عەرەبی کەدێتە ژورەوە زۆرداخراوەو یەکسەر دەستدەکات بەنوسینەوەی بابەتەکەی لەسەرتەختەسپییەکە، بەدەموچاوێکی مۆنەوە دەڵێت خێرابینوسنەوە"!** هەر ئەم مامۆستایە لەدەرەوە مامۆستای تایبەتەو وانەش دەڵێتەوە، لێی ڕونە ئەگەر بەوجۆرەی لە پۆل مامەڵە دەکات لەکاتی وتنەوەی وانەی تایبەتیش بەوچەشنە مامەڵە بکات، قوتابی پەنای بۆ نابات.

لەکاتێکدا هەندێك لەمامۆستایانی تایبەت هەوڵ دەدەن پرۆگرامەکانی خوێندن کەم بکەنەوە بەکێشی (2.078) هاتووە، تاڕادەیەك کاریگەری هەیە. لەرێگەی دانانی مەلزەمەو شێوازی تایبەتی خۆیان، ئەمەش وا لەقوتابی دەکات سەرنجی بۆلای ئەوەبچێت، ئەو مامۆستایە توانیویەتی پرۆگرامەکانی خوێندن کەم بکاتەوە، دەشتوانێت یارمەتی بدات لە هێنانی نمرەی بەرز. مەسەلەی مەلزەمە جیا لەوانەی تایبەت گرفتیەکی تری خوێندنە لەم وڵاتەدا، سەرەڕای ئەوەی چەند ساڵێك بەرلەئێستا دروستکردنو لەچاپدانی مەلزەمە قەدەغەکراوە، بەڵام هەر برەوی هەیەو بەشێوەیەکی ئاشکراو بەناوی خودی مامۆستایانەوە ساڵانە ئەومەلزەمانە چاپدەکرێتو لەبازاڕدا دەفرۆشرێت بەقوتابیان(*). زۆرجار دەبێتەهۆی لێتێکچونی قوتابیو بەتاڵکردنەوەی گیرفانی قوتابی. ئەمەش پێویستی بەخەمخۆریو بەدواداچونی بەرپرسانی پەروەردە هەیە لەوڵاتدا.

لەلایەکیترەوە هەندێك لە مامۆستایان بۆئەوەی قوتابی وەك مامۆستای تایبەت پەنایان بۆببات، بەچەندشێوەو ڕێگەیەك کارلەسەرداخوازی وانەی تایبەت دەکەن، بەکێشی (2.105) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە. لەرێگەی ئاڵۆزکردنی بابەتەکانو قورسکردنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەوە، وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانی قوتابیان. ئەمە شێوازێکە لەناچارکردنی قوتابی، بەوەی مامۆستا ناچاریانبکات لەدەرەوەی خوێندنی فەرمی پەناببەن بۆئەومامۆستایانە، ئەگەرچی توانای زانستیشیان لەئاستی پێویست نەبێت، تەنها لەبەرئەوەی لەقوتابخانەی فەرمی مامۆستایانەو وانە دەڵێنەوە، قوتابی ناچاردەبێت پەنایان بۆبباتو وانەی تایبەتیان لاوەربگرن. لەم بارەیەوە زۆربەی باوان دەڵێن: **لەقوتابخانە هەندێك لەمامۆستاکان کارلەسەردروستکردنی بیرۆکەی گرتنی مامۆستای تایبەت لای قوتابی دەکەن.!**

---

مامۆستاو قوتابیانو دەستەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکان، کۆمەڵێك زانیاری تێبینیکراوی وەرگرتووە لەسەر کرداری وانە وتنەوە لەقوتابخانەکاندا.

(*) شایانی وتنە بەشێکی زۆری ئەو مەلزەمانە لەشەقامی پەروەردە، کەدەکاتە بەرامبەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر چاپ دەکرێن!

بەهەمان شێوە هەندێك لەمامۆستایان ئەم دیاردەیە قۆرخ دەکەن، بەکێشی (2.181) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، مامۆستایانی تایبەت بۆئەوەی قوتابی لەدەرەوەی خوێندی فەرمی پەنایان بۆببەن، هەوڵی تەواونەکردنی پرۆگرامەکان دەدەن، جاری واش هەیە بۆ ڕاکێشانی باری سەرنجی قوتابیو دەرخستنی توانا کەسییەکانی خۆیان بەشێکی وانەکان بەجوانی دەڵێنەوەو بەشەکەی تری ئاڵۆز دەکەن، یاخود بەخواستو ئارەزوی خۆیان نرخی وانەکان دیاری دەکەن، ئەوەتا باوکێك دەڵێت: **"جاریوا هەبووە تەلەفۆنم بۆمامۆستایەك کردووە لەکاتی پشوی هاوین بۆ وتنەوەی وانەی تایبەت بۆ منداڵێکم، نرخێکی وایوت کەپێویستبکات مامەڵەی لەگەڵ بکەم، لەوەڵامدا وتی من (....) م فلس کەم ناکەمەوە"**.بەهەمانشێوە دایکێك دەڵێت: **"زۆر هەوڵمدا مامۆستای تایبەت نەگرم بەڵام نەمتوانیو ناچاربووم بیگرم"** مامۆستایەکی تایبەتیش بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە هێمای بۆئەوەکرد ئەم دیاردەیە دەبێتەهۆی: **"قۆرخکردنی زانستی بەوەی مامۆستا لە قوتابخانە بەشێکی بابەتەکەیان پێ دەڵێتو بەشەکەی تریان لائاڵۆزدەکات، پرۆگرامی خوێندن تەواوناکات"** ئەمەش پێی دەگوترێت قۆرخکردن، بۆئەوەی ئاستی بژێوی ژیانی خۆیانی پێ بەرزبکەنەوە، پێویستییە جوانکارییەکانی ژیانیانی پێ دابین بکەن. یەکێك لەسەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە وتی: **"من بۆدابینکردنی پێویستییە جوانکاریو خۆشگوزەرانییەکانی خۆمو خێزانەکەمان، وەك گەشتکردن بۆ وڵاتانو شوێنی نیشتە جێبونی فراوانو سەرنج ڕاکێش وانەی تایبەت دەڵێمەوە"**. ئیتر بێ ئەوەی بیر لەئەنجامەکانی وانەی تایبەت بکاتەوە، چەندە قورسایی دروست دەکات لەسەرخێزانە هەژارو کەم دەرامەتەکانو کرداری وانە وتنەوە لەقوتابخانەکاندا لەچ ئاستێکدا دەبێتو چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر خوێندنی فەرمی دروست دەکات.!

هەرچی پەیوەستە بەسەرپەرشتیارانی پسپۆڕ، لەمیانی فۆکس گروپەکانەوە، کەزۆربەیان وانەی تایبەت دەڵێنەوە، هێمایان بۆئەوەدەکرد قوتابی لەبەر چەندهۆکارێك پەنایان بۆدەبات: **سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بەهۆی پیشەکەیانەوە ناوبانگیان دەرکردووە، قوتابی وادەزانێت سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ پرسیارەکانی نیشتیمانی دادەنێن!، یاخود ئەزمونیان هەیە لەدانانی ئەوپرسیارانەدا؛ ئەزمونو توانای زانستیشمان زۆرەو ڕێگەکانی وانە وتنەوەشمان باشترە.**

**3-هۆکارەکانی پەیوەست بەمامۆستایانی فەرمی لە قوتابخانەکان:**

مامۆستایانی تایبەت، بێگومان زۆربەی زۆریان لەومامۆستایانەن کەلە قوتابخانە فەرمییەکاندا وانەدەڵێنەوە، بۆزانینی ڕۆڵی ئەم چینە لەبڵاوبونەوەی دیاردەکەدا بەشێوەیەکی گشتگیر چەند پرسیارێکمان ئاراستەی قوتابیانکردووە، وەڵامەکانیان لەخشتەی (21) دا ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (21)
هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستایانی فەرمی لە قوتابخانەکان ڕوندەکاتەوە

| ژ | بڕگە | ن.سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1 | وانەکان ئاڵۆز دەکەن | 1.943 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 2 | توانای زانستیان لاوازە | 1.778 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 3 | بەڕونی وانەکانیان شیناکەنەوە | 1.978 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 4 | تێنەگەیشتنی قوتابیان لەشێوازی وانە وتنەوەیان | 2.227 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 5 | زۆربونی نەهاتن (غیاب) ی مامۆستایان | 1.359 | کاریگەری کەمی هەیە |
| 6 | کەمی موچەی مانگانە | 1.797 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 7 | قوتابیان هان دەدەن بۆگرتنی مامۆستای تایبەت | 1.611 | کاریگەری کەمی هەیە |
| 8 | سەرقاڵ بونیان بەکاروباری دەرەوەی قوتابخانەوە | 1.741 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 9 | لاوازی ڕاهێنانی پیشەیی | 2.024 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |

لەخشتەی (21) دا بڕگەی هەندێك لەمامۆستایان وانەکان ئاڵۆزدەکەن، بەکێشی (1.943) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، جاری واهەیە نیوەی بابەتەکە بەجوانی شیدەکەنەوە، بەڵام نیوەکەی تری ئاڵۆزدەکەن بەجۆرێك قوتابی لێی تێ نەگات، لەبەرئەوەی قوتابیان پەنابەن بۆمامۆستای تایبەت، وانەی تایبەتیان لاوەربگرن، چونکە هەرئەومامۆستایانەی لەقوتابخانەکان وانەدەڵێنەوە، لەدەرەوەی کەناڵە فەرمییەکانیش وانەی تایبەت دەڵێنەوە. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عفانة والعاجز، 1999).

لەلایەکی ترەوە کەم توانایی زانستی هەندێك لەمامۆستاکان، بەکێشی (1.778) ئەمەش تاڕادەیەك کاریگەری هەیە. لەڕوی زانستیو ڕێگەکانی وانەوتنەوەو کەم ئەزمونی مامۆستا لە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ وانەکانو گەیاندنی ناوەڕۆکەکەی بە قوتابیان، لەم بارەیەوە چوار قوتابی پۆلی دوازدە دەڵێن: **"هەندێ لەمامۆستایەکانمان توانای وتنەوەی وانەی پۆلی دوازدەیان نییە، بۆیە ئێمەش ناچارین مامۆستای تایبەت بگرین، ئەگەرچی باری داراییشمان تەواو نییە"** لە میانی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ فۆکس گروپەکان هێمایان بۆئەوەدەکرد: **هەندێك لەمامۆستایەکان هەستی بەرپرسیارێتیان کەم بۆتەوە، مامۆستا مافی خۆی نادات بەکاتو چۆنایەتی وانەکان، هەیە توانای زانستی لاوازە، هەیە توانای زانستیشی باشە بەڵام شارەزای ڕێگەکانی وانە وتنەوە نییە، لەبەرئەوە قوتابی لێی تێناگات.** لەوەڵامی ئەوەی کە ئەوان وەك پسپۆڕو بەپرسی لایەنی زانستی بابەتەکان بۆچی هەوڵی باشترکردنی توانا زانستییەکانی مامۆستا نادەن، لەوەڵامدا دەیانگوت: **لەبەرئەوەی خزمەتگوزاری پێشکەشکراو بۆ مامۆستا لەئاستی پێویست نییە، ناتوانین فشاری زیاتریان لەسەر بکەین.** ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عفانة والعاجز، 1999)، (عرابي، 2006)، (التميمي، 2007)، (sujatha, 2014).

بەهەمان شێوە هەندێك لەمامۆستایان بەڕونی وانەكانیان شیناكەنەوە بەكێشی (1.978) تاڕادەیەك كاریگەری هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی قوتابی ناچاربێت پەنابات بۆدەرەوەی قوتابخانە بۆتێركردنی پێویستییە فێركارییەكانی خۆی، لەم بارەیەوە قوتابییەكی پۆلی دوازەدە دەڵێت: **"هەندێ لەمامۆستاكان بەڕونی وانەكان ناگەیەنن بەقوتابیان، كەچی زانیاری تەواویشی هەیە"** بەهەمان شێوە مامۆستایەكی فەرمی **دەڵێت "مامۆستا لەقوتابخانە وەك وانەی تایبەت وانە ناڵێنەوە".** ئەمەش نیشانەی ئەوەیە ئەومامۆستایە نایەوێت بەباشی قوتابیان تێبگەیەنێت بۆ مەبەستێكی دیاریكراوی خۆی، كە ڕەنگە وتنەوەی وانەی تایبەت بێت لەدەرەوەی خوێندنی فەرمی.

بەڵام تێنەگەیشتنی قوتابیان لەشێوازی وانەوتنەوە، بەكێشی (2.227) تاڕادەیەك كاریگەری هەیە، شێوازی وانەوتنەوە زۆرگرنگە، بەپێی توانای تێگەیشتنو ئاستی وەرگرتنی قوتابی بێت، ئەمەش لە مامۆستایەكەوە بۆمامۆستایەك دەگۆڕێت، زیاتر پشت دەبەستن بە شێوازی كەسی خۆیان بەبێ پشت بەستن بە شێوازێكی زانستیو جێگیركراو بۆ شیكردنەوەی وانەكان، ئەمەش وادەكات لەقوتابی ناچار ببێت پەنا بۆ مامۆستای تایبەت ببات. شارەزایی ڕێگەكانی وانە وتنەوە زۆرگرنگە، ئەوەتا (گۆستاف لۆبۆن) ئەمە بەیەكێك لەخاڵە گرنگەكانی باشیی خوێندن لەئەڵمانیا بەراورد بەفەرەنسا لەوكاتەدا دەگەڕێنێتەوە بۆ پێشكەوتویی ڕێگەكانی وانە وتنەوە لای مامۆستایانی ئەڵمان (لوبون، 2014، ص:40/ 1902).

دەبینین زۆربونی نەهاتن (غایب) ی مامۆستا بەكێشی (1.359) ئاستێكی نزمی هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی مامۆستایان لەقوتابخانە ڕێژەی نەهاتنیان زۆركەمەو كاریگەری نییە.

لەكاتێكدا كەمی موچەی مانگانە بەكێشی (1.797) هاتووە تاڕادەیەك كاریگەری هەیە. ئەمەش مانای ئەوەیە بەشێك لەقوتابیان هەست دەكەن مامۆستاكان موچەكانیان بەشیان ناكات بۆیە ناچار دەبن وانەی تایبەت بڵێنەوە. لەڕاستیدا كەمی موچەی مانگانەو قورسی بژێوی ژیان، یەكێكە لەهۆكارە سەرەكییەكانی ئەوەی مامۆستا وانەی تایبەت بڵێتەوە، **زۆرینەی ئەوچینو توێژانەی چاوپێكەوتنمان لەگەڵ كردوون، كەمی موچەی مانگانەی مامۆستا بەیەكێك لەهۆكارە سەرەكییەكانی وتنەوەی وانەی تایبەت دەزانن لەلایەن مامۆستاو سەرپەرشتیارانەوە. بەتایبەتی تریش دوای ئەوەی كۆمەڵێك قەیران بەرۆكی هەرێمی كوردستانی گرتووە، ئەمە كاریگەرییەكانی زیاتربووە.** ئەنجامی توێژینەوەكانی (التمیمي، 2007)، ( (Hon 2010)، ( Mboi and Nyambedha, 2013). ئاماژە بە هەمان هۆكار دەكەن.

بەڵام مامۆستایان قوتابیان هاندەدەن بۆگرتنی مامۆستای تایبەت بەكێشی (1.611) ئەمەش ئاستێكی كەمی هەیە، مانای وایە زۆربەی مامۆستایان لەقوتابخانە قوتابی هان نادەن بۆگرتنی

مامۆستای تایبەت، بەڵکو ڕێژەیەکی کەمیان نەبێت، بەتایبەتی هەندێك لەومامۆستایانەی کەوانەی تایبەت دەڵێنەوە. لەکاتێکدا ئەنجامی توێژینەوەکانی (عرابي، 2006)و (التميمي، 2007)و ( Mboi and Nyambedha, 2013). ئاماژە بەوە دەکەن کە مامۆستایان قوتابیان هاندەدەنو ناچاریان دەکەن وانەی تایبەتیان لاوەربگرن.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵ بونی مامۆستایان بەکاروباری دەرەوەی قوتابخانە، بەکێشی (1.741) ئاڕادەیەك کاریگەری هەیە، ئەم هۆکارە یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکانی ئەوەی مامۆستا جارێکیتر بەهۆی بژێوی ژیانیانەوە ناچاربن هەندێکیان وێڕای ئەرکەکانی قوتابخانە وانەی تایبەت بڵێنەوەو هەندێکیش بە شوفێری تاکسیو دوکانداریو جوتیاری ... لەبەرئەوەی ئەو موچەیەی بۆیان تەرخانکراوە لەبەرامبەر گرانی بژێوی ژیان بەشیان ناکات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەچۆنیەتی جێ بەجێکردنی ئەرکەکانیان لەقوتابخانە. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (التميمي، 2007).

لەلایەکیترەوە لاوازی ڕاهێنانی پیشەیی بەکێشی (2.024) ئاڕادەیەك کاریگەری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاهێنان وەك خوێندن گرنگە بەتایبەتی بۆمامۆستاو شێوازەکانی وانە وتنەوەو خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای کەسی وەرگرو شێوازەکانی کاریگەری کەسایەتی لەسەر بەرامبەر. ڕاهێنانی پیشەیی لەهەرێمی کوردستاندا تائێستا هەربەشێوازە کلاسیکییەکانەو نەیتوانیوە ئەوبەربەستە ببڕێتو کادیری بەتوانا پێبگەیەنێت، ئەمەش وادەکات ئاستی خوێندن لە قوتابخانەکاندا لاوازبێت، مامۆستا نەتوانێت بەشێوەیەکی زانستی قوتابی ئاراستەبکات.

هەروەها بۆئەوەی بزانین ئایا ئەومامۆستایانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە، هەمان مامۆستایانی قوتابخانەی خۆیانن، یان هی قوتابخانەی دیکەن، یاخود سەرپەرشتیارانی پسپۆڕن هەڵدەستن بەم کارە، خشتەی (22) بۆمان دیاری دەکات.

خشتەی (22)
ئەو مامۆستایانەی کەوانەی تایبەت بەقوتابیان دەڵێن ڕون دەکاتەوە

| ئەو مامۆستایانەی وانەی تایبەتت پێ دەڵێن کامەن لەوانەی خوارەوە؟ | ژمارە | % |
|---|---|---|
| هەمان ئەو مامۆستایانەی کەوانەمان پێ دەڵێن لە قوتابخانەی فەرمی | 46 | 12.43 |
| مامۆستایانی قوتابخانەی دیکە | 161 | 43.51 |
| سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ | 11 | 2.97 |
| هەرسێکیان لەهەمانکاتدا | 34 | 9.19 |
| خێرخوازی | 1 | 0.27 |
| کۆ | 253 | 68.37(*) |

(*) لێرەدا قەبارەی وانەوەرگرتن زیاترە بەراورد بەخشتەی (15) ئەمەش لەبەرئەوەیە لەم خشتەیەدا زیاتر لە جێگرەوە (بديل) ێکیان هەڵبژاردووە.

لەخشتەی (22) بۆمان دەردەکەوێت کە (12.4%) لەقوتابیان هەمان مامۆستایانی قوتابخانەی خۆیان وانەی تایبەتیان پێدەڵێن، لەکاتێکدا (43.51%) مامۆستایانی قوتابخانەی دیکە وانەیان پێدەڵێن کەزۆرترین ئاستی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیش (2.97%) پێکدەهێنن‌و هەرسێکیشیان پێکەوە (9.19%) پێکدەهێنن. لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەك نابێت مامۆستا وانەی تایبەت بەقوتابی خۆی بڵێتەوە لەدەرەوەی قوتابخانە، بەڵام ژمارەیەك لەمامۆستایان وانەی تایبەت بەقوتابییەکانیان دەڵێنەوە. ئەوەتا مامۆستایەکی فەرمی دەڵێت: **"ئەگەر مامۆستای فەرمی وانەی تایبەت بە قوتابی خۆی بڵێتەوە تاوانە، لادانی ئەخلاقیاتی پیشەییە".** دەبێتەهۆی دروستکردنی هەستی لایەنگیری‌و گرنگیدانی زیاد بەوقوتابیانەی کەوانەی تایبەتیان لاوەردەگرن لەپۆل‌و قوتابخانەی فەرمیدا، مامۆستا زیاتر هەوڵ دەدات قوتابیان بەئاراستەی وەرگرتنی وانەی تایبەتدا بەرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەسەر کرداری خوێندن‌و کەسایەتی مامۆستاو تێڕوانینی قوتابیان بۆئەومامۆستایانە. وێڕای ئەوەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ پێویستە ئەرکەکانی خۆیان بەجوانی‌و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەنجام بدەن، نەهێڵن ئەم دیاردەیە بڵاو ببێتەوە، بەڵام زۆربەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ وانەی تایبەت دەڵێنەوە، ئەمەش وادەکات لەجیاتی ئەوەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ کار بۆئەوبکەن مامۆستا لەقوتابخانە بەوپەڕی لێهاتوی‌و شێلگیرانەو دڵسۆزییەوە وانەکانیان بڵێنەوە، ئەوەفەرامۆش دەکەن کەتاچەندە مامۆستاکان ئەرکەکانی خۆیان بەجوانی ئەنجام دەدەن لەقوتابخانەکاندا.

مامۆستایانی فەرمی‌و تایبەت‌و سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ هێمایان بۆئەوە دەکرد: **مامۆستایان لەقوتابخانە مافی تەواو نادەن بەوانەکان، کەمبونەوەی هەستی بەرپرسیارێتی، کەمتەرخەمیان لەقوتابخانە؛ هەندێك لەمامۆستاکان توانای زانستیان لاوازە، هەیانە توانای هەیە بەڵام ناتوانن قوتابیان تێبگەیەنن. زۆربەی قوتابیان ناوێرن پرسیاربکەن لە تێنەگەیشتنی وانەکان لەقوتابخانەی فەرمی، لەکاتێکدا مامۆستای تایبەت ئەم هەلە بۆقوتابییەکانی بەوپەڕی دڵفراوانییەوە دەڕەخسێنێت.** لەم بارەیەوە دووقوتابی پۆلی دوازدە دەڵێن: **"لەقوتابخانە حکومییەکان حساب لۆڕای قوتابی ناکرێت، هەر ڕەخنەیەك لە مامۆستا دەگرین دەڵێ بڕۆملت بشکێنە خۆت تەقەلای بکە"** لەکاتێکدا مامۆستای سەرکەوتو بۆبەستنەوەی هۆشی فێرخوازان بەوانەکانەوەو تێگەیشتن لەگرنگی بابەتەکان فێرخوازانیان هاندەدەن تاپرسیار لەمەبەستی وانەکان بکەن‌و لێیان بکوڵنەوەو ڕەخنەبگرن. (وەهاب، 2014، ل:45) دایکێکیش لەم بارەیەوە دەڵێت: **"ئەگەر مامۆستاکان لەقوتابخانە بەوچەشنەی لەوانەی تایبەت وانە دەڵێنەوە لەقوتابخانەش بیڵێنەوە، کەس مامۆستای تایبەت ناگرێت"**

سەبارەت بەم دوو تەوەرەی سەرەوە هۆکارەکانی تایبەت بەمامۆستای تایبەتو فەرمی، لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەتەك مامۆستایانی فەرمیو تایبەتو سەرپەرشتیارانی پسپۆڕدا، تێڕوانینی ئەوانەی وانەی تایبەت ناڵێنەوە لەگەڵ ئەوانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە لەم خاڵەدا جیاوازبوو، ئەوانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە، پێیان وابوو: **بۆبژێوی ژیانە، جا بۆ پێویستییە بنەڕەتییەکان بێت، یاخود خۆشگوزەرانیو جوانکاریەکان، جاریواهەیە پێویستییە بنەڕەتییەکانیش فەراهەم دەبن، بەڵام گەشتکردن بۆدەرەوەی وڵات، کڕینی خانویەکی نویَ، گۆڕینی ئۆتۆمبێل... ئەمەش بە موچە دابین ناکرێت، لەبەرئەوە پەنادەبەن بۆ وتنەوەی وانەی تایبەت.** بەڵام ئەوانەی وانەی تایبەت ناڵێنەوە پێیان وابوو، **زیاتر بۆ خۆدەوڵەمەندکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی خێزانەکانیانە، لەسەر شانی خەڵکی تر. بووە بەچاولێکەریو مۆدێل.**

هەندێکی تر لەمامۆستایانی تایبەت پێیان وایە: **ئەگەر وانەی تایبەت نەڵێنەوە قوتابیان واتێدەگەن ئاستی زانستیان لاوازە، لەبەرئەوەی بەچاوێکی ئەرێنیانە سەیربکرێین وانە دەڵێنەوە.** لەمەشدا ئەوانەی وانە ناڵێنەوە بەپێچەوانەوە بۆچونیان وابوو **کەسایەتیو توانای مامۆستا ڕوونو ئاشکرایەو پێویستی بەوەنییە مامۆستا بۆبەهێزکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیو زانستی خۆی پەنا ببات بۆ وتنەوەی وانەی تایبەت.** لەلایەکیترەوە ئەوانەی وانەی تایبەت ناڵێنەوە پێیان وابوو **زۆربەی ئەو مامۆستایانەی وانەی تایبەت دەڵێنەوە، لەقوتابخانە گرنگی بەوانەکانیان نادەن، یاخود نیوەی وانەکە بەگرنگیو بەجوانی ڕوون دەکەنەوە بۆئەوەی بۆقوتابییەکانی بسەلمێنن کەتوانایەکی باشی وتنەوەی وانەیان هەیە، سەرنجی قوتابییەکان ڕابکێشن.** لەم بارەیەوە مامۆستایەکی فەرمی دەڵێت: **"مامۆستا نیوەی وانەکەی بەجوانی دەڵێتەوە، بەڵام نیوەکەی تری ئاڵۆز دەکات".** سەرپەرشتیارانی پسپۆڕیش ئەگەر دەیانەوێت بابەتەکانیان بیرنەچێتەوە، بالەقوتابخانە فەرمییەکان درێژە بەوانەکانیان بدەن.

**4-هۆکارەکانی پەیوەست بە سیستمو پرۆگرامەکانی خوێندن:**

تەنها مامۆستایان نین ڕۆڵیان هەبێت لەبڵاوبونەوەی دیاردەکەدا، بەڵکو سیستمو پرۆگرامەکانی خوێندن، ئاسانیو زوتێگەیشتن لەبابەتەکان، کەموزۆری بابەتەکان، شێوازی تاقیکردنەوەکانو پرسیارەکان، کاریگەریان هەیە لەسەر پەنابردن بۆمامۆستای تایبەت لەلایەن قوتابیانەوە. بۆئەو مەبەستە داتاکانی خشتەی (23) ئەوە دەخاتەڕوو.

خشتەی (23)
هۆکارەکانی پەیوەست بەسیستەمو پرۆگرامەکانی خوێندن ڕون دەکاتەوە

| ژ | بڕگە | ن.سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1 | زۆری بابەتەکان لەساڵێکدا | 2.576 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 2 | قورسی پرۆگرامەکان | 2.538 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 3 | گۆڕانی بەردەوامی پرۆگرامەکان | 2.584 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 4 | کەمی کاتی وانەکان | 2.349 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 5 | گرنگی نەدان بەجیاوازی کەسی | 2.162 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 6 | زۆری زانیاریەکانی پرۆگرامی خوێندن | 2.435 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 7 | قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان | 2.349 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 8 | بونی کێ بەرکێ ومەرجی نمرەی بەرز بۆچونە نێو کۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان | 2.654 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 9 | کەمو کورتیو لاوازی سیستمی خوێندن | 2.562 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 10 | بونی گەندەڵی لەکەرتی پەروەردەدا | 2.511 | کاریگەری زۆری هەیە |

لەخشتەی (23) دەرکەوت زۆری بابەتەکان لەساڵێکدا بەکێشی (2.576) هاتووە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەرگرتنی مامۆستای تایبەت لەلایەن قوتابیانەوە. قوتابیان پێیانوایە بابەتەکان زۆرن لەساڵێکدا، ئەمەش وادەکات قوتابی پێرانەگات، ناچاردەبێت پەنا بۆشێوازی تربیات بۆتێگەیشتن لەبابەتەکان. قوتابییەکی پۆلی دوازدە دەڵێت: **"بەڕاستی وانەکان یەکجار زۆرن مامۆستا بواری ئەوەی نییە گرنگی تایبەتی بدات بەوانەکان، زۆر بەخێرایی لەسەر وانەکان دەڕوات"**. زۆریو بۆری مرۆڤ ناکات بە داناو حەکیم، چەندایەتی مرۆڤەکان ناکات بەداهێنانکار، بەڵکو ئەوە چۆنایەتییە کاریگەری لەسەر بەرەوپێشەوەچونی کۆمەڵگەو توانای بیری و هزری مرۆڤ هەیەو مرۆڤەکان دەکات بەداهێنەرو کاریگەر. لەبەرئەوە پێویستە لەپرۆگرامەکاندا کار لەسەر چۆنایەتی بکرێت، نەك زۆریو بێ سودی.

هەروەها قورسی پرۆگرامەکانی خوێندن، بەکێشی (2.538) کاریگەری زۆری هەیە، پرۆگرامەکانی خوێندن پێویستە لە ئاستی توانا فیکریو سایکۆلۆژیو زانینەکانی تەمەنی قوتابیدابێت، قوتابی ئاراستە بکات بۆبەشداریکردن لەبەرهەمهێنانی زانینی زانستیو کۆمەڵایەتی، توانامرۆییەکان گەشەپێبدات. ساڵانە قوتابییەکی زۆریش نمرەیەکی بەرزبەدەست دەهێنن کە زۆرسەیرە نمرەکان (100%) دەبن، کەچی تائێستا نەبینراو نەبیستراوە بەهۆی ئەو کەسانەوە داهێنانێکی تەکنۆلۆجی لەم وڵاتەدا بکرێت! ئەمەش پێویستی بە توێژینەوەی وردهەیە لەسەر تواناکانی منداڵانو ئەوتەمەنانەی کە قوتابی پێیدا تێپەڕدەبێت. قوتابییەکی پۆلی دوازدە دەڵێت: **"پرۆگرامەکان زۆر قورسنو لەتوانای ئێمەدا نییە"** ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (البوهی والسادة، 1994)، (عفانة والعاجز،1999).

بەهەمان شێوە زۆربەی قوتابیان پێیانوایە یەكێك لەوهۆكارانەی وایان لێدەكات مامۆستای تایبەت بگرن گۆڕانی بەردەوامی پرۆگرامەكانی خوێندنە، بەكێشی (2.584) كاریگەری زۆری هەیە. هەندێك جاریش ئەمە وادەكات مامۆستاكانیش لەونێوانەدا لێیان تێك بچێتو بەباشی لە وانەكان تێنەگەن. ئەوەتا لەمیانی یەكێك لە فۆكس گروپەكانەوە هێما بۆئەوەدەكەن كە: **"پرۆگرامەكانی خوێندن جێگیرنییە، ئەمەش گرفت بۆمامۆستا دروست دەكات، قوتابیش لەمامۆستا تێناگات، ناچارە پەنا بۆكەسێك بەرێت لێی تێبگات، بێزاربونی قوتابی لەو گۆڕانكاریانە".** پێویستە سود لەباشترین جۆری پرۆگرامی خوێندن وەربگیرێت، لەڕێگەی توێژینەوەوە جێبەجێكردنی لەچەند ناوچەیەكی هەرێم، دواتر ئەگەر سەركەوتنی بەدەست هێنا گشتاندنی بۆبكرێت. نەك هەرساڵێك بێگوێدانە لایەنەكانی تری ژیانی كۆمەڵایەتیو ئابوریو كولتورییەكان، پرۆگرامێك گۆڕانكاری تیابكرێتو پێشتریش تاقی نەكرابێتەوە. ناكرێ پرۆگرامێك جێبەجێ بكرێت، كەپێویستی بە تاقیگەی پێشكەوتوهەبێت لەقوتابخانەكانداو تاقیگەت نەبێت. لێرەدا نەمامۆستاو نەقوتابی سودمەند نابن لەوپرۆگرامە. لەوقوتابخانەی كەلێی دەماینەوە، چوینە هۆڵێك پێیان دەوت(تاقیگە) ئامێرەكان یەك چین تۆزیان لەسەر نیشتبوو!، لە یاریدەدەرەكەمان پرسی ئەمە بۆ وایە؟ وتی كێ گرنگیان پێ دەدات، كۆن بوونو مۆدێلیان نەماوە!. چوینەهۆڵی وتنەوەی وانەی كیمیا دەستشۆرێكی لێبوو، قوتابییەكان وتیان: ئەمە هەموتەكنۆلۆجیاكانی سەردەمی ئێمەیە!

هەروەها زۆربەی قوتابیان پێیانوایە كاتەكانی وانەكان كەمن بەكێشی (2.349) كاریگەری زۆری هەیە. لەبەرامبەردا وانەكان زۆرن، ئەمەش وادەكات لە قوتابی نەتوانێت بەكاتێكی كەم وانەیەكی زۆر وەربگرێت لەقوتابخانە. ناچاردەبێت بەدوای جێگرەوەی تردا بگەڕێت، لەبەرئەوەی بەهۆی نەبونی كاتەوە، لەقوتابخانەی فەرمی پرۆگرمەكانی خوێندنی بۆ تەواونەكراوە.

بەڵام هەندێك لەقوتابیان پێیانوایە لەپرۆگرامەكانی خوێندندا، گرنگی بەجیاوازی كەسی نەدراوە بەكێشی (2.162) تاڕادەیەك كاریگەری هەیە. توانای وەرگرتنو تێگەیشتنی قوتابی لەوانەكان جیاوازە، لەكەسێكەوە بۆكەسێكی تر دەگۆڕێت. جیاوازییەكەسییەكان هەرلەتوانا عەقڵییەكانەوە بیگرە تاكو توانای سایكۆلۆژیو گرنگیدانەكانی تاكەكەس بەبابەتەكان جیاوازە؛ ئەم جیاوازیانەش پێویستە لەكاتی داڕشتنی پرۆگرامەكانو وتنەوەی وانەكاندا جیاوازی بكرێت، كەسێك بەیەكجار شیكردنەوە تێدەگات، هەیە بەدووجار تێدەگات، هەیە بە قەرەباڵغی هیچ حاڵی نابێت. ئەمەش بەشێكی زۆری دەوەستێتەسەر مامۆستای وانەبێژ، بەشەكەی تری دەكەوێتەسەر داڕێژەرانی پرۆگرامەكانی خوێندنو سیاساتی پەروەردەیی. قوتابییەكی پۆلی دوازدە دەڵێ: **"من گرفتی درەنگ تێگەیشتنم هەیە، لەقوتابخانە لەمامۆستاكان تێناگەم، ئەمەش پەیوەستە بەخۆمەوە"**

لەکاتێکدا زۆربەی قوتابیان پێیانوایە پرۆگرامەکانی خوێندن زۆرە بۆ ساڵێك، بەکێشی (2.435) کاریگەری زۆری هەیە. لەبڕگەکەی سەرەوەتر ئاماژەمان بەوەکرد، کاتەکان کەمن لەبەرامبەردا پرۆگرامەکانی خوێندن زۆرن، قوتابیان ناچار دەبن مامۆستای تایبەت بگرن.

بەڵام قورسی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان، بەکێشی (2.349) کاریگەری زۆری هەیە، زۆربەی قوتابیان پێیانوایە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان قورسنو لەتوانای هزری ئەواندا نییە وەڵامی ئەوپرسیارانە بدەنەوە، ناچاردەبن مامۆستای تایبەت بگرن. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (عفانە والعاجز،1999).

بەهەمان شێوە بونی کێبەرکێو مەرجی نمرەی بەرز بۆچونە نێو کۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان، بەکێشی (2.654) کاریگەری زۆری هەیە، خانەوادەو قوتابیان ناچاردەکات زۆرترین هەوڵ بدەن بۆئەوەی نمرەی بەرز بەدەستبهێنن بۆچونە نێو کۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان. لەم بارەیەوە قوتابییەکی پۆلی دوازدە دەڵێت: **"سیستمی وەرگرتن زۆرلەهیواو ئاواتەکانی قوتابی تێکدەدات، چونکە لەپۆلی دوازدە، لەوانەیە لەبەر یەك نمرە کۆلێژەکەت بگۆڕێت"** ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Sujatha, 2014).

هەروەها کەموکورتیو لاوازی سیستمی خوێندن، بەکێشی (2.562) کاریگەری زۆری هەیە. قوتابیان پێیانوایە سیستمی خوێندن پێویستییە فێرکارییەکانی ئەوان دەستەبەرناکات. بونی کەموکورتیو لاوازی سیستمی خوێندن وەك سەرجەم کایەکانی تر کەموکورتی تیایەو ناتوانێت پێویستییە فێرکارییەکان بەشێوەیەکی پێویست دەستەبەربکات بۆکەرتی خوێندن، ئەمەش قوتابی ناچار دەکات مامۆستای تایبەت بگرێت بۆوەڵامدانەوەی خولیاکانیان کەلە خوێندنی گشتی بەدەست نایەت.

لەڕاستیدا گەندەڵی وەك مۆرانە وایە لەهەر شتێکدا دروستببێت دەیڕزێنێت، گەندەڵی تەنها لە کۆکردنەوەی پارەوپولدا نییە، بەڵکو بەکارهێنانی دەسەڵاتە کارگێرییەکانو باش بەڕێوەنەبردنی کارو ئەرکەکان، چاوپۆشین لە کەموکورتییەکانیش لەو چوارچێوەیەدان. زۆربەی قوتابیان پێیانوایە لەکەرتی پەروەردەدا گەندەڵی هەیە، بەکێشی (2.511) کاریگەری زۆری هەیە. بۆیە کرداری فێرکاری لەئاستی پێویست نییە. ئەوەتا یەکێك لەسەرپەرشتیارانی پسپۆڕ هێمابۆئەوەدەکات: **"ئەوە گەندەڵییە وایکردووە زوو زوو پرۆگرامەکان بگۆڕدرێن"**. لەلایەکیترەوە قوتابییەکی پۆلی دوازدە دەڵێ: **"زۆربەی بەرپرسانی کەرتی پەروەردە هەست بەبەرپرسیارێتی ناکەن، تەنها بۆخۆیان دەژین"!** بۆنمونە تاکە کەسێك دەتوانێت قوتابخانەیەکی ئەهلی دابمەزرێنێتو متمانەی زۆربەی زۆری بەرپرسو دەوڵەمەندەکان بۆخۆی بەدەستبهێنێت، منداڵەکانیان بنێرنە ئەو قوتابخانەیە،

لەکاتێکدا زۆرترین مامۆستاو دامەزراوەو توانایەکی باش هەیە، بەهۆی باش بەڕێوەنەبردنو کەموکورتییەوە پێویستییە فێرکارییەکان وەك خۆیان ئامانجەکان ناپێکن. لەگەڵ ئەوەشدا فۆکس گروپەکان پێیانوایە: **زۆربەی قوتابخانە ئەهلیەکان کرداری فێرکردنیان تێکداوە، پارەدەدەنو دەوام ناکەن بەڵام دەردەچن.**

**5-هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابخانەکان:**

قوتابخانە ڕۆڵو گرنگی هەیە لەئاراستەکردنو پێگەیاندنی قوتابیدا، لەتێگەیاندنو فێرکردنو پەروەردەکردندا، مانەوەو پێشکەوتنو ئاسودەییو دڵخۆشی قوتابی پەیوەستە بە شێوازی مامەڵەو کەرەستەی بەکارهاتوو، شێوازی بیناو گۆڕەپانی یاری...کاریگەریان هەیە لە پێگەیاندنی قوتابیدا، بۆئەم مەبەستە چەند بڕگەیەکمان پێشنیازکردووە بۆ قوتابیان.

خشتەی (24)
هۆکارەکانی پەیوەست بەقوتابخانە ڕوندەکاتەوە

| ژ | بڕگە | ن.سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1 | جەنجاڵی(قەرەباڵغی) پۆلەکان | 2.392 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 2 | دانانی مامۆستای ناپسپۆڕ بۆبابەتەکان | 2.343 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 3 | لاوازی ئاستی زانستی خوێندن لەقوتابخانەکاندا | 2.305 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 4 | نەبونی ژینگەی سەرنجڕاکێش لەقوتابخانەکاندا | 2.608 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 5 | زۆری پشووەکان لەساڵدا | 2.195 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 6 | نەبونی خولی بەهێزکردن بۆ ئەو قوتابیانەی کە گرفتی درەنگ تێگەیشتنیان هەیە | 2.441 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 7 | چاودێری نەکردنی مامۆستاکان لەکاتی وانە وتنەوەو ئەنجامەکانیدا | 2.419 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 8 | نەبونی سزا بۆ مامۆستایانی کەمتەرخەم | 2.611 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 9 | نەبونی پاداشت بۆئەومامۆستایانەی سەرکەوتوون لەوانەکانیاندا | 2.684 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 10 | گرفتی کەمی مامۆستا | 2.111 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |

لەخشتەی (24) بڕگەی قەرەباڵغی پۆلەکان بەکێشی (2.392) کاریگەری زۆری هەیە. قوتابیان پێیانوایە پۆلەکان قەرەباڵغن، ناتوانرێت وەك پێویست پەیامەکانی مامۆستا بگات بە قوتابییەکان، لەڕاستیدا ئەم بۆچونە تاڕادەیەك ڕاستە. بەپێی تێبینییەکانی ئێمە لەکاتی ڕوپێوەکەدا بۆمان دەرکەوتووە، قوتابخانە دواناوەندییەکان (کەبەنمونەیی ناودەبران) ژمارەی قوتابیان لەپۆلدا لەنێوان (20-25) قوتابیدایە دیاردەکە بەڕێژەیەکی زۆر زیاتر چڕتربوو لەوقوتابخانانەی کە قوتابییەکانیان لەنێوان (35-55) کەسی بوون. ڕاستە کەمی ژمارەی قوتابی لەپۆلدا زۆرگرنگە بۆکۆنترۆڵکردنو سودبینینی قوتابیان لەوانەکان، ئەگەر پۆل قوتابی کەمتری تیابێت قوتابی باشتر لە بابەتەکان تێدەگات، بەڵام ئەگەر مامۆستا (بەگوتەی هەندێك لەقوتابیان) کەمتەرخەم بێتو چوار وشەیان بۆ بنوسێتو دواتر ئایفۆنەکەی دەربهێنێتو بڵێت ئەوەی نوسیومە بینوسنەوە**!**، قوتابی

چۆن فێردەبێت؟! لەم بارەیەوە قوتابییەکی پۆلی دوزادە دەڵێت: **"مامۆستای ئینگلیزیمان هەندێ وشە دەنوسێتەوە لەسەرتەختە سپییەکە، دواتردەڵێت بینوسنەوە، خۆیشی ئایفۆنەکەی دەردەهێنێتو لەولاوە دادەنیشێت"**

وێڕای دانانی ئەم پرسیارە وەك بڕگە لەپێوەردا، لەهەمانکاتدا، پرسیارێکمان ئاراستەی قوتابیان کردووە بۆزانینی ژمارەی قوتابیان لەپۆلدا: ناوەندی ژمێرەیی ژمارەی قوتابیان لەپۆلدا بریتییە لە (37) لادانی پێوەریش (7.831) لەبەرئەوە لادانەکە تاڕادەیەك زۆرە جیاوازییەکانیش زۆرن، بەڵام بەپێی قوتابخانەو هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی قوتابخانەو ناوبانگی ئەوقوتابخانانە دەگۆڕێت، بەپێی ئەم یاسایە(*) ژمارەی قوتابیان لەنێوان (31) بۆ (45) قوتابیدایە.

هەروەها دانانی مامۆستای ناپسپۆڕ بۆبابەتەکان، بەکێشی (2.343) کاریگەری زۆری هەیە. مانای ئەوەیە قوتابیان پێیانوایە بابەتەکان بەپێی پسپۆڕیو شارەزایی مامۆستایان بۆدانانرێت. لەم بارەیەوە لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ باوان ئاماژەیان بەگرنگی ئەم خاڵە دەکرد وەك هۆکارێك بۆتێنەگەیشتنی منداڵەکانیان لەقوتابخانەی فەرمی.

بەهەمان شێوە لاوازی خوێندن لەقوتابخانەکاندا، بەکێشی (2.305) کاریگەری زۆری هەیە، هەمان ئەوقسەیە برای (Bray) ئاماژەی پێ دەکات: "ئەگەر خوێندن لە قوتابخانەی گشتی باش بوایە وانەی تایبەتی نەدەبوو" (2012، ص2009/13) کەواتە قوتابیان لەبەرئەوە پەنا بۆمامۆستای تایبەت دەبەن چونکە لە قوتابخانە خوێندن لەئاستی پێویست نییە. ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (البوهی والساده 1994)، (التمیمی، 2007)، (Manzoor, 2013)، (Sujatha, 2014).

لەلایەکی ترەوە نەبونی ژینگەی سەرنجڕاکێش بۆخوێندن بەکێشی (2.608) هاتووە، کاریگەری زۆری هەیە. ژینگەی سەرنج ڕاکێش لەقوتابخانە پێویستە بۆهەموتەمەنەکان، بۆئەوەی هەستی قوتابی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، جێگای پێشبینییەکانی قوتابی بێت. بەتایبەتی شێوازی مامەڵەی مامۆستاو چۆنێتی پێشوازیلێکردنیان لەقوتابیانو دامرکانەوەی ئەو دڵەڕاوکێو نیگەرانییەی هەیانە بەرامبەر داهاتوی خۆیان. هەروەها شێوازی بینای قوتابخانەکان گرنگە لەکاتێکدا لەمیانی چاوپێکەوتنەکانم هەندێك لەمامۆستایان هێمایان بۆئەوە دەکرد: **شێوازی زۆربەی بینای قوتابخانەکانمان لەبەندیخانە دەچێت، چ لەناو پۆلو باخچەو هۆڵەکاندا.** لەلایەکیترەوە قوتابی

(*) 44.831 =7.831+37
37-7.831=30.831 بەم پێیەش بەنزیکی دەکەوێتە نێوان (31بۆ45) قوتابی لەپۆلێکدا.

کەدەگاتە پۆلی (12) بێبەش دەکرێت لەوانەکانی وەرزش‌و هونەر، یان دەخرێنە وانەی کۆتاییەوە کەقوتابی ئارەزوی نامێنێ بۆمانەوە لەقوتابخانە، لەکاتێکدا دوو بابەتی زۆرگرنگن بۆبەتاڵکردنەوەی فشارەکانی خوێندن‌و کەمکردنەوەی نیگەرانییەکانیان.

بەڵام زۆری پشووەکان لەساڵد بەکێشی (2.195) هاتووە تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، زۆری پشوەکان‌و ناڕێکیان، جاریواهەیە لەپرێك چوار ڕۆژ زیاتر یان کەمتر دەکرێت بەپشوو بەبێ ئەوەی لایەنە بڕیاردەرەکان هەژماری زۆرشت بکەن بۆ ئەم بارودۆخانە؛ لەلایەکیترەوە بەهۆی تایبەتمەندی کولتورو وردەکولتوری دانیشتوانی کوردستانەوە پشووەکان زۆرن، سەرەڕای ئەوەی پشوی نیوەی ساڵ‌و جەژنەکان و بەهارو پشویەکی زۆری هاوینەوە، پرۆگرامەکانی خوێندن بەڕێکوپێکی‌و بەوەستان لەسەر بابەتەکان ئەنجام نادرێت، ئەمەش وادەکات قوتابی نەتوانێت پرۆگرامەکانی خوێندن تەواوبکات، بەنیوە ناچڵی بمێنێتەوەو ناچاربێت پەنا بۆکەناڵە فێرکارییەکانی تری دەرەوەی قوتابخانە ببات. ئەمەش دەبێتە هۆی کەموکورتی لەخوێندن لەقوتابخانەکاندا.

لەکاتێکدا زۆربەی قوتابیان پێیان‌وایە نەبونی خولی بەهێزکردن بۆئەوقوتابیانەی گرفتی درەنگ تێگەیشتنیان هەیە بەکێشی (2.441) کاریگەری زۆری هەیە، یەکێکە لەوگرفتانەی هەندێك لەقوتابیان پێیەوە دەناڵێنن، ئەمەش وایان لێدەکات ناچاربن مامۆستای تایبەت بگرن. کردنەوەی خولی بەهێزکردن لەلایەن قوتابخانە فەرمییەکان‌و بەدواداچوون بۆئەنجامەکانی زۆرگرنگەو بەشێوەیەکی بەرچاو فراوانبونی ئەم دیاردەیە کەم دەکاتەوە، بەمەرجێك لەڕوی چۆنایەتی فێرکردنەوە، ئەم خولانە گرنگیان پێبدرێت‌و پێشبخرێن‌و کێبەرکێی مامۆستای تایبەت بکەن.

بەهەمان شێوە چاودێری نەکردنی مامۆستاکان لەکاتی وانە وتنەوەو ئەنجامەکانیدا، بەکێشی (2.419) کاریگەری زۆری هەیە، ئەم خاڵە زۆرگرنگە لەهەرکارو ئەرکێکدا، بەدواداچوون بۆکارو ئەنجامەکانی مامۆستا لەلایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆڕەوە لەئێستادا جۆرێکە لەڕۆتینیات‌و نەچووەتە چوارچێوەیەکی لێپرسینەوەی تۆکمەوە، لەوەڵامی پرسیارێکماندا لەیەکێك لەفۆکس گروپەکان لەوبارەیەوە وتیان: **"ئێمە ناتوانین پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بۆمامۆستاکانمان دابین بکەین، لەبەرئەوە چاوپۆشی لەوەش دەکەین"** بەڵام بەپێی خوێندنەوەی من، ئەمە زیاتر بۆئەوە دەگەڕێتەوە زۆربەی سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ بۆخۆیان وەك مامۆستای تایبەت وانە دەڵێنەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر چاوپۆشینی ئەو پسپۆڕانە دەبێت لەکەموکورتییەکانی مامۆستاو کەمتەرخەمی مامۆستا لەبەرامبەر تەواونەکردنی پرۆگرام، یان ئاڵۆزکردن‌و باش نەوتنەوەی وانەکان لەپۆلدا.

هەروەها نەبونی سزا بۆمامۆستایانی کەمتەرخەم، بەکێشی (2.611) کاریگەری زۆری هەیە، هەروەك چۆن بونی پاداشت زۆرگرنگە، بونی سزاش زۆرگرنگە لەهەر کایەیەکی ژیانی بەڕێوەبردندا، لەبەرئەوە بونی سزا وا لەکەسی بەرپرس دەکات بەگیانی لێپرسراوێتییەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، هەمیشە هەست بەچاودێرێك بکات بەسەریەوە، بەشێوەی یاساو ڕێسا ئەم سزایە ڕێك بخرێتو جێبەجێ بکرێت، چەند مامۆستایەکی کەمتەرخەم بەبێ جیاوازی سزا بدرێن، بەدڵنیاییەوە هیچ مامۆستایەك ناتوانێت کەمتەرخەم بێت.

لەگەڵ ئەوانەشدا نەبونی پاداشت بۆئەومامۆستایانەی سەرکەوتوون لەوانەکانیاندا، بەکێشی (2.684) ئەمەش گەورەترین کێشی بەدەستهاتووە، هەروەك بوونی سزا گرنگە، پشت بەستن بەپاداشت زۆرگرنگترە، مامۆستای دڵسۆزو خەمخۆر زۆرن، بەڵام بەهۆی نەبونی پاداشتێکی دیاریکراوەوە، جیاکردنەوەیان لەومامۆستایانەی کەکەمتەرخەمن لەئەرکەکانیاندا، وایکردووە بەهۆی جیاکاری نەکردن لەنێوانیاندا، ئەو بەهاو کولتورە ناچەسپێت لای چینی مامۆستا. هاندانو پاداشت بۆهەمو تەمەنو چینو توێژێك زۆرگرنگە مرۆڤ لەهەر تەمەنو چینو توێژێك بێت پاداشت ڕۆڵو کاریگەری خۆی هەیە لەسەری، ئەوکەسەی پاداشت دەکرێت ئەگەرچی سیمبولیش بێت هەوڵو کۆششی زیاتر دەدات بۆئەوەی ئەنجامی باشتر پێشکەشبکات.

سەبارەت بەم بابەتە زۆربەی مامۆستایان هێما بۆئەوەدەکەن کە: **نەبونی هاندانو دەستخۆشی بۆئەو مامۆستایانەی بەتواناو دڵسۆزو خەمخۆرن، بەپێچەوانەشەوە نەبوونی سزا بۆئەومامۆستایانەی کەوانەکان فەرامۆش دەکەن، بەجوانیو دڵسۆزی وانەکانیان ناڵێنەوە، لەم خاڵەشدا وەزارەتی پەروەردە بەرپرسی یەکەمە، ئەوەی هەیە تائێستا لەچوارچێوەی ڕۆتینیاتی بەڕێوەبردنەوە نەبووە بەکولتور.**

بەڵام گرفتی کەمی مامۆستا، بەکێشی (2.111) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، قوتابیان پێیانوایە کەمی مامۆستا تاڕادەیەك کاردەکاتە سەرئەوەی قوتابی ناچاربێت مامۆستای تایبەت بگرێت. ئەم دیاردەیە لەهەندێك قوتابخانەکاندا هەستی پێدەکرا بەهۆی نەبونی مامۆستای پسپۆڕەوە وانەکانیان دوادەکەوێت. لەئەنجامیشدا قوتابی دەبێتە قوربانیو پرۆگرامی بۆ تەواوناکرێت یاخود لەبابەتەکان بەرێکو پێکی تێناگات.

**6-هۆکارەکانی پەیوەست بەخێزان:**

خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی ئارامو سەقامگیرە، تاکی باشو پەروەردەکراو لەوێوە پەروەردە دەکرێتو ئامادە دەکرێت بۆکارلێککردن لەگەڵ کۆمەڵگەدا؛ خێزان کاریگەری لەسەر

تاكو دنیابینیو شێوازی بیركردنەوەی هەیە، بۆئەم مەبەستە چەند بڕگەیەكمان خستۆتە بەردیدی قوتابیان بۆئەوەی بۆچونی خۆیانی لەسەردەرببڕن.

خشتەی (25)

هۆكارەكانی پەیوەست بەخێزان ڕون دەكاتەوە

| ژ | بڕگە | ن.سەنگكراو | كاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1 | نەبونی متمانە بە مامۆستاكانی قوتابخانە | 2.068 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |
| 2 | نەبونی متمانە بە ڕێگەكانی وانە وتنەوە | 2.127 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |
| 3 | ئارەزوی باوان بۆ هێنانی نمرەی بەرز | 2.719 | كاریگەری زۆری هەیە |
| 4 | لاسایی كردنەوەی خێزانەكانی تر | 1.838 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |
| 5 | نازپێدانی زیادە بەمنداڵەكانیان | 2.059 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |
| 6 | بەهۆی باش بوونی گوزەرانی خێزانەكانەوە | 2.414 | كاریگەری زۆری هەیە |
| 7 | بۆ خۆلادان لەهەستكردن بە خۆبەكەمزانین | 2.057 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |
| 8 | بۆخۆهەڵكێشانی خێزانەكان | 1.932 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |
| 9 | بۆخۆجیاكردنەوە لە چینەكانی تری كۆمەڵگە | 1.908 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |
| 10 | فەرامۆشكردنی منداڵەكان لەجبەجێكردنی ئەركەكانی قوتابخانەدا | 1.827 | تاڕادەیەك كاریگەری هەیە |

لەخشتەی (25) دەردەكەوێت كە: نەبونی متمانە بە مامۆستاكانی قوتابخانە، بەكێشی (2.068) تاڕادەیەك كاریگەری هەیە لەسەر وەرگرتنی وانە وتنەوەی تایبەت، قوتابیان پێیانوایە خێزانەكان متمانەیان نییە بەمامۆستایانی قوتابخانە لەڕوی زانستییەوە، بۆیە ناچاردەبن مامۆستای تایبەت بۆمنداڵەكانیان بگرن. هۆكارەكەیشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەقوتابخانە فەرمییەكاندا مامۆستا خۆیو ویژدانی خۆی، ئەگەر باش بێت ئەوەباشەو ئەگەر خراپیش بێت چاوپۆشی لێدەكرێت. ئەمەش وادەكات خێزانەكان متمانەیان بەهەندێك لەمامۆستاكانی قوتابخانە نەمێنێت.

هەروەها نەبونی متمانە بەڕێگەكانی وانە وتنەوە، بەكێشی (2.127) تاڕادەیەك كاریگەری هەیە، قوتابیان پێیانوایە خێزانەكان لەبەرئەوەی مامۆستای تایبەت بۆمنداڵەكانیان دەگرن، چونكە باوەڕیان بەڕێگەكانی وانە وتنەوە نەماوە كەلەقوتابخانەكاندا كاری پێدەكرێت. بەهۆی گۆڕانكارییە خێراكانەوە، سەرجەمی دیاردەكانی ژیانیش دەگۆڕێن، لەبەرئەوە پێویستە پێ بەپێو بەپێی بارودۆخ ڕێگەو شێوازەكانی وانە وتنەوەش بگۆڕدرێنو سود لە شێوازە نوێیەكان وەربگیرێن.

لەلایەكی ترەوە ئارەزوی باوان بۆهێنانی نمرەی بەرز، بەكێشی (2.719) كاریگەری زۆری هەیە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە باوان ئارەزو دەكەن بەهۆی گرتنی مامۆستای تایبەتەوە بۆ منداڵەكانیان نمرەی بەرزبەدەست بهێنێنو لە زانكۆ كۆنمرە بەرزەكان وەربگیرێن. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەكانی (عرابي، 2006)، (التميمي، 2007)، (Sujatha, 2014). لەمیانی چاوپێكەوتنەكانمان لەتەك هەرچوار چینەكەدا سەبارەت بەم سێ بڕگەیە، زۆربەیان

جەختیان لەسەر کاریگەری ئەم هۆکارانە دەکردەوە. لەوبارەیەوە باوکێك دەڵێت: **"باوەڕم بەوەنەبوو ئەگەر پشت بەقوتابخانەی فەرمی ببەستم، منداڵەکەم ئەو نمرەیە دێنێت کە جێگەی پێشبینیمە، لەبەر ئەوە ناردومەتە قوتابخانەیەکی ئەهلی باش‌و هەرلەپۆلی پێنجیشەوە چوار مامۆستای باش‌و ناودارم گرتووە بۆ منداڵەکەم بۆ ساڵی ئاینده، نەوەك لەدەست دەرچن"!**

بەڵام لاسایی کردنەوەی خێزانەکانی تر، بەکێشی (1.838) هاتووە، تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، لەچوارچێوەی چاوپێکەوتنەکاندا زۆرجەختیان لەسەرکاریگەری لاسایی کردنەوە دەکردەوە لەسەر بڵاوبونەوەی دیاردەکە. بێگومان بەپێی سروشتی پەیوەندی خێزانەکان بەیەکتری‌و هاوڕێ کاریگەری خۆی هەیە. بۆنمونە باوکێك وتی خۆم گوێم لەباوکێکی تربوودەیگوت:**" بۆ (........) لەمن پیاوترە، مامۆستای تایبەتی گرتووە بۆمنداڵەکەی من ناتوانم بیگرم؟!، ئەگەر ئەو هەبوونە، منیش بابەلباب هەبوون بووم!."**

بەهەمان شێوە نازپێدانی زیادە بەمنداڵەکانیان، بەکێشی (2.059) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، بەهۆی نازپێدانی زیادەی باوان بۆ منداڵەکانیان، بەتایبەتی ئەوخێزانانەی کە منداڵی کەمیان هەیە، وادەکات باوان بەهەرجۆرێك بێت، هەوڵی ئەوەبدەن باشترین مامۆستای تایبەت بگرن بۆمنداڵەکانیان. لەبەرامبەردا منداڵ بەجۆرێك مامەڵە دەکات هەرچی بیەوێت بەدەستی بهێنێت لە خێزانەکەی.

لەکاتێکدا باش بوونی گوزەرانی خێزان "واتە زیادبونی داهات" بەکێشی (2.414) کاریگەری زۆری هەیە، ئاستی داهات کاریگەری لەسەر زۆربەی زۆری کایەکانی ژیان هەیە، خەرجی بۆخوێندنیش یەکێکە لەوکایانەی کە بەهۆی باشتربوونی داهاتی خێزانەکانەوە، خێزانەکان خەرجییەکی باشتر دەکەن بۆمنداڵەکانیان، کەئەمە پێشتر بەهۆی خراپی ئاستی داهاتی خێزانەکانەوە هەستی پێنەدەکرا. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی ( Tansel and Bircan, 2006)، (Watson, 2008). ئەم ئەنجامەش دەکەوێتە ژێرکاریگەری گریمانەیەکی تری تیۆری وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی، کە ئاماژە بەوەدەکات "تاخەرجییەکان کەمتربن وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی زیاتر دەبێت". بەوپێیەش هەرکاتێك داهاتی خێزانەکان باشتر ببێت، بێگومان خەرجییەکان بەراورد بەداهات کەمتر دەبن، لەبەر ئەوەی داهات زیاترە، لەوکاتەشدا خێزان خەرجییەکی زیاتر تەرخان دەکات بۆ باشترکردنی چۆنایەتی خوێندنی منداڵەکانیان.

بەڵام بۆخۆلادان لەهەستکردن بە خۆبەکەمزانین، بەکێشی (2.057) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، خێزانەکان بۆخۆلادان لەهەستکردن بەخۆبەکەمزانین، لەبەرامبەر منداڵەکانیان یاخود پاراستنی

منداڵەکانیان لەوهەستە لەدەرەوەی خێزان، ناچاردەبن فشارلەسەر خۆیان دروست بکەن‌و مامۆستای تایبەت بگرن بۆ منداڵەکانیان.

هەروەها بۆخۆهەڵکێشانی خێزانەکان، بەکێشی (1.932) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، هەندێك لەخێزانەکان بۆخۆ هەڵکێشان‌و فیزکردن بەسەرخێزانەکانی تردا مامۆستای تایبەت دەگرن بۆمنداڵەکانیان، زۆرجار ئەم چینە لەمامۆستا ناودارو بەناوبانگەکانیش دەگرن‌و بەشێوەی تاکەکەسیش دەیگرن کە پارەیەکی زۆری تێدەچێت. ئەوەتا باوکێك دەڵێت: **"جاری‌واهەیە لەبەر شانازیکردن بەمنداڵەکانمانەوە مامۆستای تایبەت دەگرین، بۆئەوەی بڵێین خۆی زیرەکە یاخود توانای ئەوەمان هەیە مامۆستاکەی ڕابکێشینە ماڵەوە بەهێزی پارە!".**

بەهەمان شێوە بۆخۆجیاکردنەوە لە چینەکانی تری کۆمەڵگە، بەکێشی (1.908) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، هەندێك لەخێزانەکان بۆخۆجیاکردنەوەیان لەچینی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و دەرخستنی ئەو جیاوازییەی لەنێوانیاندا هەیە، مامۆستای تایبەت بۆمنداڵەکانیان دەگرن، بۆئەوەی ئەوجیاوازییە چینایەتییە دەربخەن کە بۆیان دروست بووە بەهۆی بارودۆخە ئابوری‌و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا فەرامۆشکردنی منداڵەکان لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەدا، بەکێشی (1.827) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، هەندێك باوان بەهۆی سەرقاڵبونیان بە کاروباری ژیانەوە نایان پەرژێتە سەر لێپێچینەوە لەمنداڵەکانیان‌و یارمەتیدانیان، لەبەرئەوە هەرزوو پەنادەبەنە بەر مامۆستای تایبەت بۆپڕکردنەوەی ئەوکەلێنە. ڕەنگە بەدواداچون بۆئەنجامەکانی خوێندنی قوتابی‌و سەردانیکردنی قوتابخانە سودی هەبێت بۆئەوەی بزانرێت قوتابی لەچ ئاستێکدایە، بەڵام یارمەتیدان‌و شیکردنەوەی بابەتەکان پێویستی بەپسپۆڕی‌و شارەزایی باش هەیە، ئەمەش لەهەمو خێزانەکاندا فەراهەم نابێت. ئەوەتا لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ باوان : **بەزۆری کاتی پێویست تەرخان دەکەن بۆمانەوە لەگەڵ منداڵەکانیاندا، بەڵام ئەمە پەیوەستە بە پسپۆڕێتی‌و ئاستی خوێندنی باوان، لەبەرئەوەی ئەوقوتابیانە زۆربەی زانستەکان دەخوێنن‌و هەر بابەتەو پەیوەستە بەپسپۆڕێتییەکەوە، زۆربەی پرۆگرامەکانی خوێندنیش گۆڕاون، باوان ناتوانن ئەوبابەتانە شیکاربکەن؛ لەلایەکی ترەوە بەهۆی قورسی بژێوی ژیان‌و کۆکردنەوەی پارە بۆمامۆستای تایبەت، خێزانەکان ناچاردەبن کاری زیاتربکەن، ئەمەش کاردەکاتەسەر گرنگیدانیان بەمانەوە لەگەڵ منداڵەکانیان، یاخود بەهۆی سەرقاڵیانەوە بەکاریترەوە مامۆستای تایبەت دەگرن بۆ منداڵەکانیان.**

لەگەڵ ئەوەشدا لەمیانی چاپێکەوتنەکانمان، لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەی فەرمی ئاماژەیان بەوەدەکرد: **خێزانەکان بەپێی پێویست سەردانی قوتابخانە ناکەن، بۆ بەدواداچونی ئاستی زانستی منداڵەکانیان، کاتێك کە نمرەی منداڵەکانیان بۆ دەڕواتەوە بەپەلە پەنا بۆ کورتترین رێگە دەبەن، بۆئەوەی منداڵەکانیان قوتار بکەن، ئەویش مامۆستای تایبەتە!.**

**ئامانجی چوارەم/ زانینی ڕەنگدانەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەکە.**

ڕەنگدانەوەکانی ئەم دیاردەیە زۆرو جۆراوجۆرن لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاكو خێزانو کۆمەڵگەو سیستمو پرۆگرامەکانی خوێندن، هەروەك لەزانیارییەکانی خشتەی (26) دەردەکەوێت.

خشتەی (26)

ڕەنگدانەوەکۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت ڕووندەکاتەوە

| ژ | بڕگە | ن.سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1 | بارێکی قورسی دارایی دەخاتەسەر شانی باوان | 2.719 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 2 | لەدەستدانی متمانەی پەروەردەوفێرکردن بەقوتابخانە دەگەیەنێت | 2.551 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 3 | گرفتدار کردنی پرۆگرامەکانی خوێندنە | 2.384 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 4 | لاوازکردنی خوێندنی فەرمییە | 2.543 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 5 | لێتێکچونی قوتابی لەنێوان شێوازەکانی مامۆستای تایبەتو مامۆستای قوتابخانەدا | 2.603 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 6 | فشارێکی زۆری دەرونی لەسەرقوتابیان دروستدەکات | 2.605 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 7 | فشارێکی زۆری کۆمەڵایەتی لەسەرخێزانەکان دروستدەکات | 2.546 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 8 | دڵە ڕاوکێی باوان بەرامبەر داهاتوی منداڵەکانیان | 2.541 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 9 | کاتەخۆشییەکانی قوتابیان دەکوژێت | 2.47 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 10 | لەخۆبایی بوونی قوتابیانە لەپۆلدا | 2.235 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 11 | فەرامۆشکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەیە | 2.381 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 12 | پشت بەخۆنەبەستنە لەلایەن قوتابیانەوە | 2.178 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 13 | دروستکردنی هەستی خۆبەکەمزانین لای ئەوقوتابیانەی ناتوانن مامۆستای تایبەت بگرن | 2.108 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 14 | وێنەی خوڕایی بونی خوێندن دەشێوێنێت | 2.503 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 15 | جیاوازی چینایەتی دروست دەکات | 2.468 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 16 | یەکسانی هەلی خوێندن ناهێڵێت | 2.576 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 17 | کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی نمرەی بەرز | 2.322 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 18 | کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ئاکاری پیشەیی مامۆستا | 2.332 | کاریگەری زۆری هەیە |
| 19 | لەکەدارکردنی کەسایەتی مامۆستایە | 2.159 | تاڕادەیەك کاریگەری هەیە |
| 20 | زیانگەیاندنە بەبەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە | 2.37 | کاریگەری زۆری هەیە |

لەداتاکانی خشتەی (26) دەردەکەوێت ئەم دیاردەیە بارێکی قورسی دارایی دەخاتە سەرشانی باوان، بەکێشی (2.719) کاریگەری زۆری هەیە، لەڕوانگەی قوتابیانەوە، هاوکات خۆیان بینەری بارودۆخی ژیانی خۆیانو خێزانەکانیانن، بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەم دیاردەیە بووە بەبارێکی قورسی

دارایی، بۆ سەرجەم ئەوخێزانانەی منداڵەکانیان لە پۆلی دوازدەیە، بەتایبەتی ئەوخێزانانەی داهاتیان سنوردارە. ئەوەتا چەند سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕ دەڵێن: **"هەروەك چۆن ئەندامی خێزانێك نەخۆش بێت ماڵەکە لەڕوی ئابوری‌و کۆمەڵایەتی‌و دەرونییەوە بەتەواوی تێك دەچێت، ئەو خێزانانەی منداڵیان لەپۆلی دوازدەیە بەوچەشنەی لێدێت".** ئەمەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (Ali, 2013)، (Tansel and Bircan, 2006)، (Dang, 2007)، (Asankha, 2011).

لەڕوانگەی باوانەوە لەچاوپێکەوتنەکاندا، زۆربەیان ئاماژەیان بەوەدەکرد: **ناچارن کاری زیاتربکەن، فشار لەسەرخۆیان دروستبکەن، بۆئەوەی داهاتی زیاتربەدەست بهێنن بۆمامۆستای تایبەت، هەندێك لە خێزانەکانیش کە هەردووهاوسەر موچەخۆرن، موچەی یەکێکیان بە تەواوی تەرخاندەکەن بۆمامۆستای تایبەت، کاری زێدەگیش بکەن بۆهەمان مەبەست.** مامۆستایانیش هەمان تێڕوانینیان هەبو: **ئاماژەیان بەوە دەکرد خێزان هەیە شتومەکی ماڵی فرۆشتووە بۆئەوەی خەرجی مامۆستای تایبەتی پێ دابین بکات، هەیانە قەرزی کردووە بۆمامۆستای تایبەت!.**

قسەکردن‌و تاوتوێکردنی خەرجییەکانی وانە وتنەوەی تایبەت زۆرئاڵۆزوقورسە، لەبەرئەوەی ئەم دیاردەیە بەهیچ شێوەیەك نەبەیاساو نەبەڕێنمایی ڕێك نەخراوە، هەرمامۆستایەك بەپێی ئارەزوی خۆی‌و بەرژەوەندیەکانی کرێدادەنێت بۆهەربابەتێك، کەسی بەرامبەریش ناچارە ئەوبڕەپارەیەبدات. ئەمەش لەخشتەی (27) ڕون دەبێتەوە:

خشتەی (27)

خەرجییەکان بۆ وانە وتنەوەی تایبەت ڕوندەکاتەوە

| بابەتەکان | بەتەنها | | | گرووپی بچوك | | | پەیمانگاو سەنتەرەکانی بەهێزکردن | | | خولی بەهێزکردن لەلایەن قوتابخانەی فەرمیەوە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژ | ن.ژ | ل.پ | ژ | ن.ژ | ل.پ | ژ | ن.ژ | ل.پ | ژ | ن.ژ | ل.پ |
| بیرکاری | 11 | 1422.73 (*) | 954.82 | 79 | 1267.09 | 669.59 | 92 | 386.85 | 457.60 | 20 | 196.00 | 378.26 |
| فیزیا | 9 | 1811.11 | 1343.68 | 68 | 1250.44 | 733.99 | 84 | 441.07 | 622.89 | 18 | 269.44 | 813.37 |
| کیمیا | 10 | 1755.00 | 1606.49 | 66 | 1389.39 | 943.90 | 75 | 475.33 | 800.00 | 17 | 274.12 | 960.14 |
| زیندەوەرزانی | 3 | 1766.67 | 1270.17 | 39 | 1288.46 | 694.29 | 27 | 429.63 | 498.12 | 1 | 40.00 | 0.00 |
| زمانی ئینگلیزی | 13 | 835.38 | 872.63 | 56 | 987.14 | 608.37 | 77 | 300.13 | 294.31 | 17 | 130.59 | 271.67 |
| زمانی عەرەبی | 12 | 907.50 | 602.75 | 62 | 931.61 | 526.61 | 50 | 362.60 | 389.26 | 18 | 41.11 | 3.23 |
| زمانی کوردی | 6 | 1075.00 | 604.77 | 31 | 1145.16 | 653.37 | 17 | 647.06 | 795.39 | 1 | 50.00 | 0.00 |

نرخەکان بەپێی شێوازەکانی وتنەوەی وانەی تایبەت دەگۆڕێت، لە (40) هەزاردینارەوە دەست پێدەکات کەلە قوتابخانە فەرمییەکاندا دەوترێتەوە لەپشوی هاوین، لەم توێژینەوەیەدا بەپێنج ملیۆن دینار کۆتایی دێت کەشێوازی تاکە کەسییە. ئەمەش بەپێی بابەت‌و مامۆستاو

(*) نرخەکان بەهەزار دیناری عێراقی، بەلابردنی (3) سفر.

شێوازی وانه وەرگرتنو قەبارەی گروپو مامەڵەی خێزان دەگۆڕێت بەزیادو کەم. بەوردبوونەوەش لە ناوەندی ژمێرەییو لادانی پێوەری خەرجییەکانی خێزانەکان، دەبینین زۆر بەرزونزمی پێوەدیارە، ئەمەش نیشانەی بونی جیاوازییەکی زۆرە لەنرخەکانی وانه وتنەوەی تایبەتدا. لەهەمانکاتدا قوتابی هەیە بۆیەك بابەت، پەنا بۆزیاتر لەیەك شێواز دەبات، بۆنمونە پشوی هاوین دەچێت بۆ پەیمانگەو سەنتەرەکانی بەهێزکردن، بۆ پرۆگرامی تەواو، دواتر لەکاتی خوێندنی فەرمیدا لەرۆژە پشووەکانو کۆتایی هەفتە وانەی تایبەت وەردەگرێت، هەروەك لەخشتەی (28) دەردەکەوێت.

خشتەی (28)
شێوەکانی وانه وتنەوەی تایبەت ڕوندەکاتەوە(*)

| شێوەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەتەنها | 20 | 5.41 |
| گروپی بچوك | 93 | 25.14 |
| پەیمانگاو سەنتەرەکانی بەهێزکردن | 120 | 32.43 |
| خولی بەهێزکردن لەلایەن قوتابخانەی فەرمییەوە | 29 | 7.84 |

لەداتاکانی خشتەی (28) دا دەردەکەوێت، شێوازەکانی وتنەوەی وانەی تایبەت جۆراوجۆرن، بەتەنها کەگرانترین جۆری وانەی تایبەتە، لەلایەن خێزانە دەوڵەمەندەکانەوە پێڕەوی لێدەکرێت، بەپێی مامۆستاو خێزان، مامەڵەی نێوانیانو بابەتی خوێندن، نرخەکان دیاری دەکرێت؛ بەزۆری سەرپەرشتیارانی پسپۆڕو مامۆستا ناودارەکان ئەم شێوازە پێڕەوی لێدەکەن، بەپێی پلەبەندی ئابوری خێزانەکان دێتەخوارەوە. لەدوای ئەمەش ئەوخێزانانەی ئاستێکی باشیان لەگوزەران هەیە بەشێوەی گروپی بچوك مامۆستا دەگرن بۆمنداڵەکانیان؛ مامۆستاکان لەم جۆرەدا ژمارەیەك قوتابی پێکەوە کۆدەکەنەوە، لەماڵی یەکێك لەقوتابیان، یاخود لەماڵی مامۆستا، یاخود لە شوێنێکی تر. لەم بارەیەوە کچە قوتابییەك دەڵێت: **"مامۆستاکەمان ئەوەندەی من بزانم پێنج گروپی هەیە، بۆبابەتێك، هەرگروپەو (10) کەس دەبین هەر کەسێکیشمان (یەك ملیۆن دینارمان داوە) بۆتەواوکردنی پرۆگرام! "** ئایا چ جۆرە بازرگانییەك دەگات بەم جۆرە بازرگانییە؟، ئەمەتەنها ئەوەندەی ئەوقوتابییە زانیاری پێی هەیە. دەبێ چەند تاکە قوتابی لەماڵەوە بەتەنها وانەی تایبەتی لاوەربگرن؟ یان چەند قوتابی لەگروپی بچوکتر وانەی تایبەتی لاوەربگرن، تا گروپەکانیش بچوکتر ببنەوە، کرێی وانەکان گرانترو زیاتر دەبێت. لەدوای ئەم جۆرەش جۆری سێ یەم دێت، سەنتەرو پەیمانگەکانی وانه وتنەوەیە، لەلایەن کەسێك یان چەند کەسێکەوە بنیاد نراوەو مۆڵەتیان پێدراوە وانەی تایبەت بەقوتابیان بڵێنەوە، خێزانە مامناوەندەکان منداڵەکانیان دەنێرن بۆئەم

(*) قەبارەی ئەوقوتابیانەی وانەی تایبەتیان وەرگرتووە لێرەدا جیاوازە بەراورد بەخشتەی (15) لەبەرئەوەی قوتابی هەیە زیاتر لەجێگرەوە (بدیل) ێکیان هەڵبژاردووە.

جۆرە وانەوتنەوەیە؛ بەزۆری بۆهەر وانەیەك لەنێوان (250بۆ 300) هەزاردینارە بۆتەواوکردنی پرۆگرام. کۆتا شێوازیان کەزیاتر منداڵی خێزانە هەژارەکان پەنای بۆدەبەن بریتییە لەخولی بەهێزکردن لەلایەن چەندقوتابخانەیەکی فەرمییەوە لەپشوی هاوین دەکرێتەوە، نرخی هەروانەیەك بەشێوەیەکی گشتی لەنێوان (40 بۆ 50) هەزار دینارە. ئەوە دووساڵە ئەم خولەش دەکەوێتە نێومانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە، قوتابیان سودێکی ئەوتۆی لێ نابینن، کاتێکی زۆریش بەفیڕۆدەدەن بەهۆی بڕینی ڕێگەو ئامادەبوون لەوانەکانو بەهۆی کەمی کاتیشەوە مامۆستایەکان ناتوانن پرۆگرامەکان تەواوبکەن.

ئێستا جۆرێکی تر لە وانە وتنەوەی تایبەت هەیە لە هەندێك وڵاتان پێڕەوی لێدەکرێت، ئەویش وتنەوەی وانەی تایبەتە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە. بەهۆی کاریگەری تەکنۆلۆجیای زانیاری لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان، بچوکبونەوەی جیهان. ئینتەرنێت بووە بەئامرازێك بۆشکاندنی سنورە کولتوریەکان؛ ئەم جۆرە لەوتنەوەی وانەی تایبەت لەشاری هەولێر تائێستانییە، هەرچەندە مامۆستا هەبوو ئاماژەی بەوە دەکرد لەهەوڵی ئەوەدایە پێڕەوی لێ بکات.

دەبینین فراوانبوونی ئەم دیاردەیە دەبێتەهۆی لەدەستدانی متمانە بەخوێندنی گشتی بەکێشی (2.551) کاریگەری زۆری هەیە. فراوانی ئەم دیاردەیە لەمتمانەی خوێندنی گشتی کەم دەکاتەوە، قوتابیان بەشێوەیەکی نەرێنی سەیری خوێندنی گشتی دەکەن. هاوڵاتیان متمانەیان بەخوێندن لەقوتابخانە فەرمییەکان لاواز دەبێت. بەراوردی نێوان ئەوشێوازە دەکەن کەمامۆستای تایبەت لەدەرەوە پێڕەوی دەکات، زۆربەی قوتابیانی پۆلی دوازدە پەنای بۆدەبەن، ئەو شێوازەی کە مامۆستایان لەقوتابخانەی فەرمی پێڕەوی لێدەکەن، هەرلەنەرمونیانی مامۆستاوە بیگرە تا شێوازی وانە وتنەوەو ئاستی کاریگەری وانەکان، ئەمەش وا لەقوتابی دەکات متمانەی بەخوێندن نەمێنێت لە قوتابخانەی فەرمی. سەبارەت بەم بڕگەیە باوانیش تێڕوانینیان وابوو ئەم دیاردەیە دەبێتەهۆی: **کەم بونەوەی متمانەی باوانی قوتابی بەتوانا زانستییەکانی مامۆستاو قوتابخانەو ڕێزنەگرتنی قوتابیان لەمامۆستایان.**

بەهەمان شێوە کێشاوی بونی پرۆگرامەکانی خوێندن لەقوتابخانە، بەکێشی (2.384) کاریگەری زۆری هەیە، بەهۆی بونی دووجۆر لەشێوازی خوێندن لە قوتابخانەو لەماڵەوە، جەختکردنەوەی زۆرێك لەوقوتابیانەی کەوانەی تایبەت وەردەگرن لەسەر بوونی ئەوجیاوازییە؛ گرنگیدانی زیاتر بەوشێوازە کەسییەی کەمامۆستای تایبەت پشتی پێدەبەستێت بۆ وانەوتنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی کێشاوی بونی پرۆگرامەکانی خوێندن. هاوکات هەندێك لەوقوتابیانەی کەوانەی

تایبەتیان وەرگرتبوو ئاماژەیان بەوەدەکرد: **ئەو شێوازەی مامۆستای تایبەت لە کاتی وانە وتنەوەکەیدا پێڕەوی لێدەکرد زۆر جیاوازبوو لەو شێوازەی کەلە قوتابخانە پێڕەوی لێدەکرد، ئەوەی لەوانەی تایبەت پێڕەوی لێدەکرد زۆر ئاسانتربوو زوتر لێی تێدەگەیشتن.** لەلایەکیترەوە، بەهۆی نەهاتنەوەی هەندێك لەوقوتابیانەی کەوانەی تایبەتیان هەیە، یاخود بەناچاری دێنەوەو گرفت لەپۆلدا دروست دەکەن. دەبنەگرفت بۆکرداری خوێندن لەقوتابخانەکاندا. لەهەمانکاتدا مامۆستایانی گشتی پێیانوابوو: **مامۆستای تایبەت دەبێتە هۆی تێکدانی ئامانجی پرۆگرامەکانی خوێندنو تێگەیشتنی بابەتەکانو بەرهەم هێنانی زانینوە بۆ کورتکردنەوەو لەبەرکردنو بەدەستهێنانی نمرەی بەرز.** لەبەرئەوەی ئامانجی مامۆستایانی تایبەت، تەنها بەرزکردنەوەی نمرەی قوتابییە لەرێگەی کەمکردنەوەی پرۆگرامو لەبەرکردنیەوە لەلایەن قوتابیانەوە، ئەمەش هەستی بەشداریکردن لەبەرهەمهێنانی زانین و توانا ژیرییەکان دەکوژێت لای قوتابیو دوای ماوەیەك ئەوەی لەبەریانکردووە لەبیریان دەچێتەوە.

ئەمە لەکاتێکدا مەبەستی سەرەکی کرداری پەروەردەو فێرکردن بنیادنانی ژیری (لوبون 2014،ص1902/18) و پێشخستنی مرۆڤەکانو بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریو بیرکردنەوەو تێگەیشتنو یارمەتیدانیانە، تالەڕێی دەوڵەمەندکردنی ئەزمونەژیری و جەستەییو ڕۆحییەکانیانەوە ببنە مرۆڤی بیریارو هوشیاروئازاد، بۆبەردەوام بوونو چاکتر کردنی ژیانیانو توانای مرۆییو کولتوریو ئابوریەوە، برەوپێدانی مەواداکانی زانینوە مرۆڤەکان بتوانن لەڕوی بیرکردنەوەو کارەوە ئازادبن (وەهاب، 2014، ل:44). ئەم جۆرە لەخوێندن بیرکردنەوەو داهێنان لای تاك دەکوژێتو دەیکات بەئامێرێك تەنها بۆگواستنەوەی ناوەرۆکی بابەتەکان، نەك داهێنەرو پیشەکار.

لەبەربونی خوێندنێکی جیاواز لەدەرەوەی خوێندنی فەرمی، خوێندن لەقوتابخانەکان لاوازدەکات، بەکێشی (2.543) ئەمەش کاریگەری زۆری هەیە، لەبەرئەوەی لەدیدی قوتابیانەوە ئەوخوێندنە لای مامۆستای تایبەت دەخوێندرێت، بەهێزترو باشترە لەوخوێندنەی لەقوتابخانە هەیە، بۆیە بەدیدێکی لاوازەوە سەیری خوێندنی گشتی دەکرێت. لەلایەکیترەوە لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەتەك مامۆستایان هێمایان بۆئەوە دەکرد: **ماندوبونی مامۆستا بەهۆی وتنەوەی وانەوە لەکاتەکانی ئێوارە تادرەنگانی شەو، نەتوانینی وتنەوەی وانەکەی بەرێكو پێکی لە خوێندنی گشتی، ئەمەش کاردەکاتە سەرکرداری وانە وتنەوەو لاوازکردنی لەکەرتی گشتیدا.** ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Ali, 2013).

هەروەها لێتێکچونی قوتابی لەنێوان مامۆستای تایبەتو مامۆستای قوتابخانەدا، بەکێشی (2.603) کاریگەری زۆری هەیە، زۆربەی قوتابیان پێیانوایە قوتابی لەنێوان داخوازییەکانی مامۆستای تایبەتو مامۆستای خوێندنی گشتی لێی تێکدەچێت، لەڕوی شێوازی وتنەوەی وانەو شیکردنەوەی وانەکانەوە لەبەرئەوەی هەرمامۆستایەك سەرەڕای ئەوەی یەك پرۆگرامە، بەڵام شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆ وتنەوەی وانەو تێگەیاندنی قوتابیو دڵنیابوون لە تێگەیشتن.

بەهەمان شێوە فشارێکی زۆری دەرونی دروست دەکات لەسەر قوتابیان، بەکێشی (2.605) کاریگەری زۆری هەیە، لەبەر چڕبونەوەی خوێندن لەقوتابخانەو لەماڵ، هاوکات دووئاراستەی خوێندن، قوتابی ڕووبەڕوی فشارێکی دەرونی زۆردەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی کە پۆلی دوازدە قۆناغێکی چارەنوسسازەو قوتابی توشی جۆرێك لە دڵەڕاوکێ دەبێت سەبارەت بە داهاتویو گرفتەکانی وەرگرتنی لە زانکۆ. لەم بارەیەوە قوتابیەك دەڵێت: **"من وەکو هەرقوتابیەك وانەی تایبەتم وەرگرتووە بەڵام سودم لێ نەبینی، چونکە بێزار بووم"**

هەروەها فشارێکی زۆری کۆمەڵایەتی دروست دەکات لەسەرخێزانەکان، بەکێشی (2.546) کاریگەری زۆری هەیە، هەندێك لەسەرپەرشتیارانی پسپۆڕ هێمایان بۆئەوە دەکرد: **پۆلی دوازدە وەك چوون بۆسەربازی لێ هاتووە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوو، خێزانەکانیان حەزیاننەدەکرد منداڵەکانیان تەمەنیان ببێت بە (18) ساڵ بۆئەوەی نەچن بۆسەربازی.** زۆربەی خێزانەکان بەهۆی ئەوەی منداڵەکانیان لەپۆلی دوازدەیە، ڕووبەڕوی کۆمەڵێك ڕێکاری کۆمەڵایەتی دەبنەوە، ئەوەی کەپەیوەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە نە دەتوانن بچن بۆ ماڵی خزمانو نە خزمانیش دەتوانن سەردانی ئەو ماڵانە بکەن کەمنداڵیان لەپۆلی دوازدەیە. سەرەڕای ئەوەی بارێکی تەنگەتاوی بۆئەوخێزانانە دروست دەکات کە مامۆستای تایبەتیان هەیە مامۆستا دێتو مامۆستایەك دەڕوات، یاخود منداڵ لەم ماڵی مامۆستا بۆ ئەوماڵو ئەو سەنتەر. سەرەڕای ئەوەی هەندێك جار دەبێتە هۆی دروستکردنی ناکۆکی خێزانی لەنێوان هاوسەراندا، بەهۆی ئەوەی یەکێکیان لەگەڵ گرتنی مامۆستای تایبەتەو یەکێکیان لەگەڵ نییە، دواتر ئەگەر ئەنجامەکەی خراپ بێت، ناکۆکییەکە قوڵتردەبێتەوە. ئەوەتا دایکێك دەڵێت: **"لەچوار بابەت مامۆستام گرتووە بۆ کچەکەمو موچەکەی خۆم بۆتەرخان کردووە، بەڵام هاوسەرەکەم نازانێت، لەبەر ئەوەی لەگەڵ گرتنی مامۆستای تایبەتدا نییە"** لەمیانی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ باوان هێمایان بۆئەوە دەکرد: **لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە: بووە بەهۆی قورساییەکی زۆر لەسەر ژیانی خێزانەکانیانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سنورداركردون، ئەمەش بووە بەهۆی دروستکردنی فشار لەسەر ئەندامانی تری خێزان بەوەی نابێ یاریو دەنگە دەنگ بکەن لەماڵەوە، ناتوانن بچنەدەرەوە بۆ گەشتو سەیرانو سەردان، بەهۆی ئامادەبونی**

**مامۆستای تایبەتو بونی قورسترینو گرنگترین قۆناغی خوێندنی یەکێك یاخود چەند ئەندامێك لەخێزانەکەیان. لەنێوان منداڵەکاندا دەبێتەهۆی دروستکردی هەستی جیاکاری، لەبەرئەوەی دەکرێ خێزان لەقۆناغێك توانای گرتنی مامۆستای تایبەتی هەبێت لەقۆناغێکی تر توانای نەبێت. دروستکردنی کێبەرکێی نەرێنی لەنێوان خێزانەکانو سەرهەڵدانی ئیرەیی بەوەی کە بۆچی ئەوان دەتوانن مامۆستای تایبەت بگرنو ئەمان ناتوانن.** ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (Ali, 2013)، ( Mboi and Nyambedha, 2013).

بەرای زۆربەی قوتابیان ئەم دیاردەیە، دڵەڕاوکێی باوان بەرامبەر بەداهاتوی منداڵەکانیان دروست دەکات، بەکێشی (2.541) کاریگەری زۆری هەیە، بیرکردنەوە لەهاتنو نەهاتنی نمرەو وەرگرتن لەکۆلێژێکی باش کە ژیانی داهاتوی بۆمسۆگەربکات بەئاسودەیی، لەلایەکی ترەوە هەندێك لەخێزانە دەوڵەمەندو دەستڕۆیشتووەکان دەتوانن مامۆستای تایبەت بگرن بۆمنداڵەکانیانو هەندێکی تر ناتوانن ئەمەش باوانی ئەو منداڵانە توشی دڵەڕاوکێ دەکات، یاخود بەهەرجۆرێك بووە مامۆستای تایبەت دەگرنو ئەنجامێکی ئەوتۆی نابێت، هەردەم لەبیری ئەوجیاوازیو زیانە ئابورییە دایە، لەلایەکیتریشەوە لەبیری داهاتوی جگەرگۆشەکەیدایە، ئەم بارودۆخەش پەلکێشی دەکات بۆ هەستکردن بە ناداد پەروەریو هەستی کەمبونەوەی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی لای ئەوتاکانە.

هەروەها وەرگرتنی وانەی تایبەت کاتە خۆشییەکانی قوتابیان دەکوژێت، بەکێشی (2.47) کاریگەری زۆری هەیە، قوتابیان پێیانوایە وانەی تایبەت کاتە خۆشییەکانیان دەکوژێت بەهۆی ئەوەی لەیەککاتدا دووجار بابەتەکان دەخوێنن لە قوتابخانەو دواتر لەلای مامۆستای تایبەتیش، ئەمەش پێویستی بەتەرخانکردنی کاتێکی زۆرهەیە. کاتی خۆشی زۆرگرنگە بۆهەموتاکێك بەتایبەتیش ئەوکەسانەی کە فشارێکی زۆریان لەسەر دروست دەبێت وەك پۆلی (12) لەبەرئەوە پێویستە کاتێکی دیاریکراو هەبێت بۆپشودانو حەسانەوەی جەستەو هزروهۆشی قوتابی، بەهۆی وانەی تایبەتەوە، قوتابیان ئەوهەلە لەدەست دەدەنو زۆربەی کاتەکانیان بەهۆی دووجار خوێندنەوە تەرخان دەبێت بۆخوێندنو ئەرکەکان. بۆئەم مەبەستە کاتەکانی وانە وەرگرتنی تایبەت لەلایەن قوتابیانەوە لەخشتەی (29) دادەخەینەڕوو.

کاتەکانی وانە وتنەوەی تایبەت یان دەکەونە پشوی هاوین، یاخود بەدرێژایی ساڵی خوێندن لەڕۆژە پشووەکانو کۆتایی هەفتە، یاخود ڕۆژانە لەدوای خوێندنی فەرمی ئەنجام دەدرێت.

خشتەی (29)
کاتەکانی وەرگرتنی وانەی تایبەت ڕوندەکاتەوە(*)

| لە چ کاتێك وانەی تایبەتیت وەرگرتووە؟ | ژمارە | % |
|---|---|---|
| لەکاتی پشوی هاوین | 126 | 34.05 |
| بەدرێژایی ساڵی خوێندن لەڕۆژەپشوەکانو کۆتایی هەفتە | 98 | 26.49 |
| ڕۆژانە لەدوای خوێندنی فەرمی | 56 | 15.14 |

لەخشتەی (29) دەردەکەوێت زۆرینەی یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە مامۆستای تایبەت دەگرن لەکاتی پشوی هاوین بەڕێژەی (34.05%) ئەمەش مانای وایە ئەوقوتابیانە بەدرێژایی دووساڵ بەبەردەوامی لەخوێندنا دەبن، لەهەمانکاتدا ئەوانەی بەدرێژایی ساڵی خوێندن لەڕۆژەپشوەکانو کۆتایی هەفتە زۆرکەمترنینو ڕێژەکەیان (26.49%) لەکاتێکدا ئەوانەی ڕۆژانە لەدوای خوێندنی فەرمی مامۆستای تایبەت دەگرن بریتین لە (15.14%) جاری واش هەیە قوتابی لەپشوی هاوینو کاتەکانی تریشدا دووجار مامۆستای تایبەت دەگرێت بۆهەربابەتێك. لەهەرچواربارەکەدا کاتە خۆشییەکانی قوتابیان دەکوژێت، ئەوکاتەی کە تەرخانکراوە بۆپشودانو حەسانەوە بەهۆی وانەی تایبەتەوە نامێنێتو دەبێتە هۆی بارگرانییەکی زۆر بەسەرئەوقوتابیانەی کەمامۆستای تایبەتیان هەیە. قوتابی توشی ماندوبونو فشارێکی زۆردەکاتەوە.

هەندێك لەقوتابیان بەهۆی ئەوەی مامۆستای تایبەتیان هەیە، لەخۆبایی بوونی خۆیان نیشان دەدەن، لەبەرامبەر مامۆستاو قوتابیانیش، بەکێشی (2.235) کاریگەری زۆری هەیە. بەهۆی ئەوەی توانیویەتی مامۆستای تایبەت بگرێتو هاوکات هاوپۆلەکانی بەهەرهۆیەکەوە بێت نەیانتوانیوە مامۆستای تایبەت بگرن، نیشانەکانی لەخۆبایی بونی تیا سەرهەڵدەداتو هەوڵیش دەدات لەبەرامبەر قوتابییەکانو مامۆستاکانیش ئەولەخۆبایی بونە نیشان بدات، لەم بارەیەوە سێ قوتابی پۆلی دوازدە دەڵێن: **"هەندێك لەو قوتابیانەی مامۆستای تایبەت دەگرن، پۆزمان بەسەر لێدەدەنو هەندێك جاریش لە پۆلدا پشێوی زۆر دەنێنەوەو گوێ لەوانەکان ناگرن"**

بەهەمان شێوە بەهۆی بونی مامۆستای تایبەتەوە، ئەو قوتابیانە ئەرکەکانی قوتابخانە فەرامۆش دەکەنو کەمتەرخەمی تیادەکەن. بەکێشی (2.381) کاریگەری زۆری هەیە، سەرەڕای ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن، دەبنەگرفت بۆهاوپۆلەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی گرفت بۆخوێندن لەقوتابخانەو بۆمامۆستاش. لەم بارەیەوە کچەقوتابییەك دەڵێت: **"دەمەوێ مامۆستای خسوسی نەمێنێت، لەبەرئەوەی قوتابییەکە لەمەکتەب گوێ ناگرێ کێشە بۆئێمەش دروست دەکات"**

(*) هەمان بارودۆخی خشتەی (22)ی هەیە.

بەڵام هەندێك لەقوتابیان پێیانوایە پەنابردن بۆگرتنی مامۆستای تایبەت قوتابی فێری ئەوەدەبێت پشت بەخۆی نەبەستێت. بەکێشی (2.178) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، بەتایبەتی هەندێك لەوقوتابیانەی بەهۆی نەبونی پەروەردەیەکی تۆکمەو باش لەقۆناغەکانی منداڵیداو پشت بەخۆ نەبەستن لە کۆسپەکانی ژیانیاندا، لەهەمانکاتدا شکاندنی کەسایەتی منداڵو سەندنەوەی هەستی شانازیکردن بەخۆوە، لەبەرئەوەی لێی ڕونە ئەونمرە بەرزەی هێناویێتی هی خۆی نییە بەڵکو بەهۆی هێزی پارەوە هێناویێتی.

هەروەها هەندێك لەقوتابیان پێیان وایە، ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی ئەوەی هەندێك لەقوتابیان خۆیان بەکەم بزانن لەهەمبەر نەگرتنی مامۆستای تایبەت وەك هاوڕێکانی تریان. بەکێشی (2.108) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، بەهۆی ئەوەی هەندێك لەهاوڕێکانیان مامۆستای تایبەت دەگرنو هەندێکیان نایگرن بەهۆی نەتوانینی دابینکردنی کرێی وانەی تایبەتەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هەستی خۆبەکەمزانین لای ئەوقوتابیانەی ناتوانن مامۆستای تایبەت بگرن، خۆی بەراورد دەکات بەوقوتابیانەی مامۆستای تایبەت دەگرن لەم بارەیەوە دایکێك دەڵێت: **"منداڵەکەم پێیوتم بۆچی ئەو خێزانە دەتوانن مامۆستای تایبەت بگرن بۆ منداڵەکانیان ئێوە ناتوانن؟، لەبەرئەوە ناچاربوین مامۆستای تایبەتی بۆبگرین. دووجاریش زیانمانلێکرد، بوبەهۆی لێتێکچونی لەنێوان شێوازی مامۆستای قوتابخانەو مامۆستای تایبەتداو پارەیەکی زۆریشمان لێ خەرجکرد، نەك نمرەی نەهێنا بەڵکو دەریش نەچووو!"**

لەکاتێکدا زۆربەی قوتابیان پێیان وایە ئەم دیاردەیە وێنەی خۆڕایی بونی خوێندن دەشێوێنێت، بەکێشی (2.503) کاریگەری زۆری هەیە "پێویستە خوێندنی بنەڕەتیو ئامادەیی بەخۆڕایی بێت". ئەم برگەیە زۆربەی وڵاتان وەك مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بڕیاری لەسەردراوەو زۆربەی وڵاتانی جیهان پێی ڕازی بون، بەهۆی بونی کرێیەکی زۆر بۆهەر وانەیەك. نەتوانینی دابینکردنی ئەو کرێیەلای سەرجەم هاوڵاتیان ، وێنەی خۆڕایی بونی خوێندن دەشێوێنێتو کەلێنێکی قوڵ دروست دەکات لەنێو هاوڵاتیاندا.

بەهەمان شێوە زۆربەی قوتابیان پێیانوایە وانەی تایبەت جیاوازی چینایەتی دروست دەکات لەنێو قوتابییە هەژارو دەوڵەمەندەکاندا، بەکێشی (2.468) کاریگەری زۆری هەیە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت لەنێو ئەوقوتابیانەداو دەبێتە هۆی کەمبونەوەی هاوبەستەیی کۆمەڵایەتیو دروستبوونی هەستی ڕقو قین لەنێو قوتابییە دەوڵەمەندو هەژارەکاندا.

لەگەڵ ئەوانەشدا وانەی تایبەت یەکسانی هەلی خوێندن لەنێوقوتابیاندا ناهێڵێت، بەکێشی (2.576) کاریگەری زۆری هەیە. لەبەرئەوەی خوێندن لەکۆلێژە کۆنمرەبەرزەکان پێویستی بەنمرەی بەرزهەیە، هەندێ لەقوتابییە هەژارەکانیش هەوڵو تەقەلاو ماندوبونی تاك لایەنی خۆیان دەدەنو نمرەی بەرزیش بەدەست دەهێنن، بەڵام بەهۆی گرتنی مامۆستای تایبەت لەلایەن ئەوانەی کەئاستێکی نزمی زانستیشیان هەیە، نمرەی بەرزیش بەدەست دەهێنن، ناتوانن بگەنە ئەوکۆلێژانەی کە هەوڵیان بۆداوەوخەونیان پێوەبینیوە، ئەمەش یەکسانی هەلی خوێندن ناهێڵێت. لەمیانی چاوپێکەوتنی یەکێك لەفۆکس گروپەکان هێمایان بۆهەمان خاڵ دەکرد.

هەروەها زۆربەی قوتابیان پێیانوایە مامۆستای تایبەت کاریگەری هەیە لەسەر بەدەستهێنانی نمرەی بەرز، بەکێشی (2.322) کاریگەری زۆری هەیە، ئەمەش بەو شێوازو رێگەیانەی کە مامۆستاکان دەیگرنە بەر. بەپێی توێژینەوە زانستییەکان جیاوازی هەیە لەوڵاتێك بۆ وڵاتێكو لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەكو مامۆستایەك بۆ مامۆستایەکی ترو لەقوتابییەکەوە بۆقوتابییەکی تر، قوتابییەك خۆی ئارەزوی خوێندنی نەبێت بێگومان مامۆستا بەئاسانی ناتوانێت سود بگەیەنێت بەوقوتابییەو قوتابییەکیش خۆی نمرەیەکی بەرزی هەیەو ئارەزوی خوێندنی هەیە بێگومان سودلەمامۆستای قوتابخانەو مامۆستای تایبەتیش وەردەگرێت. لەبەرئەوە کاریگەرییەکانیشی جیاوازە. ئەوەتا قوتابییەك دەڵێت: **"تەنها من دەمەوێ ئەوە بڵێم مامۆستای خصوصی هەموی زیادە، من پارەیەکی زۆرم لێی سەرهزرد، بەڵام بۆساڵی دووەم مامەوە".**

بەهەمان شێوە کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر ئاکاری پیشەیی مامۆستا، بەکێشی (2.332) کاریگەری زۆری هەیە، گرتنەبەری هەندێ ڕەفتاری ناپەروەردەیی لای هەندێك لەمامۆستایان وەك: قۆرخکردنی ئەم شێوازە بۆ کۆکردنەوەی پارەو خۆدەوڵەمەندکردن، ئاڵۆزکردنو کەمتەرخەمی لەوتنەوەی وانەکان، نەوتنەوەی وانەکان بەشێوەیەکی دڵسۆزانەو پیشەییانە، ئاراستەکردنی قوتابیان بۆگرتنی مامۆستای تایبەت، جیاوازیکردن لەنێوان ئەوقوتابیانەی مامۆستای تایبەت دەگرن لەگەڵ ئەوانەی مامۆستای تایبەت ناگرن، هەر لەمامەڵەکردنو گفتوگۆوە بیگرە تاپێدانی نمرە... وادەکات وێنەی مامۆستا کە کارێکی پیرۆزو بنیات نەرانەیە، ببێت بەکارێکی بازرگانیو نەشیاو، ئەمەش وادەکات ئاکاری پیشەیی مامۆستایی بشێوێنێت. مامۆستایانی تایبەت هێما بۆئەوەدەکەن: **ژیانی مامۆستا دەکات بەژیانێکی ئامێری، لەم ماڵ بۆئەوماڵو لەوسەنتەر بۆئەوسەنتەر، چاوەڕوانی لەقوتابیو خێزانی قوتابی بۆپارە".** ئەوەتا مامۆستایەکی فەرمی کەپێشتر وانەی تایبەتی وتۆتەوە دەڵێت: **"پێشتر کەوانەی تایبەتیم دەوتەوە هەستم بەفشارێکی دەرونی زۆر دەکرد کەدەچومە بەردەرگای ماڵی قوتابی".** ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆمامەڵەی هەندێك لە قوتابیو خێزانی

قوتابیان لەتەك ئەوماموستایەدا، هەندێکیان ناچارن مامەڵەیان باش بێت، هەندێکیان بۆماوەیەکی زۆرماموستا لەچاوەڕوانیدا دەهێڵنەوە لەبەردەرگا. لەم بارەیەوە ئەوفۆکس گروپەی وانەی تایبەت ناڵێنەوە دەیانگوت: **"زۆرعەیبە بۆ سەرپەرشتیارێك لەبەردەرگای ماڵان چاوەڕوانیبکات، دایکەکەش بێتەدەرەوەو بڵێت: ببورە ماموستا ئەمڕۆ منداڵەکەم تاقەتی نییە گوێبگرێت!"**

لەهەمانکاتدا هەندێك لەقوتابیان پێیانوایە وتنەوەی وانەی تایبەت لەلایەن هەندێك لەماموستاکانەوە دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی کەسایەتیان. بەکێشی (2.159) تاڕادەیەك کاریگەری هەیە، بەهۆی ئەوەی ماموستا لە ماڵێك بۆ ماڵێكو لەگروپێك بۆگروپێکی ترو دەستپانکردنەوە لەقوتابی بۆپێدانی کرێی خوێندن، چاوەڕێکردن لەبەردەرگای ماڵی قوتابی تادەرگای لێدەکاتەوەو هەندێك جاریش ئامادەنەبونی قوتابی بۆوەرگرتنی وانەکەی بەهۆی ئەوەی لەخەودا ماوەتەوە... ئەمانەش دەبێتە هۆی لەکەدارکردنی کەسایەتی ماموستا کەپیشەیەکی پیرۆزو بەرزەو فرۆشتنی بە نرخێکی هەرزان. زۆربەی چاوپێکەوتنەکانیش جەختیان لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە. ئەوەتا ماموستایەکی تایبەت دەڵێت:**"زۆر بەسەرخۆمداشکامەوە کاتێك قوتابییەك تەلەفۆنی بۆکردم پێی ڕاگەیاندم کە هاتی بۆماڵمان جەرەس لێ مەدە نوکەیەکم بۆبکە"**

لەلایەکیترەوە قوتابیان پێیانوایە ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە، بەکێشی (2.37) کاریگەری زۆری هەیە، لەبەرئەوەی کرداری خوێندنی گشتی گرفتو گرفتی بۆدروست دەبێتو خەڵکیش ناچاردەبن ماموستای تایبەت بگرن بۆمنداڵەکانیان، بۆیە لەڕوی پەروەردەییو فێرکردنو هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی چینەکانی کۆمەڵگەو ئاستی دەرونی تاکەکانو ئاسایشی خێزان دەشێوێنێت، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەقاڵب دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەبەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە. لەمیانی چاوپێکەوتنەکانم هەرچوار چینەکە هێمایان بۆئەوەدەکرد: **دروستکردنی نادادی، قوڵکردنەوەی جیاوازی چینایەتی نێو چینەکانی کۆمەڵگە، بەوەی سامانداەرەکان دەتوانن ماموستای تایبەت بگرن بۆ منداڵەکانیانو هەژارەکانیش یان دەبێ فشارێکی ئابوری زۆر لەسەر خۆیان دروستبکەن تاکومنداڵەکانیان بنێرنە سەنتەرەکانی بەهێزکردن، یاخود دەبێ دان بەخۆیاندابگرنو ماموستای تایبەت بۆمنداڵەکانیان نەگرنو ئەنجامەکانیشی قەبوڵبکەن.**

## پەیوەندی هۆکارە لاوەکیو سەرەکییەکانی نێوان تەوەرەکانی توێژینەوەکە

هەرتوێژینەوەیەکی چەندایەتی پێویستی بە دۆزینەوەی پەیوەندی هەیە لەنێوان گۆڕاوو تەوەرەکانو بڕگەو کۆی گشتی بابەتی توێژینەوەکەدا، دۆزینەوەی ئەوپەیوەندییەش بۆئەوەیە تاکو

ئەوانەی گرنگی بەئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەدەن بزانن ئەوبابەتو تەوەرانەی دەستنیشانکراوە بۆلێتوێژینەوە چەندە پەیوەستو پەیوەندی هەیە لەنێوانیاندا.. ئەمەی خوارەوە پەیوەندییە نێوخۆییەکانی نێوان هۆکارە لاوەکییەکانو هۆکاری سەرەکی بابەتی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو.

خشتەی (30)

سروشتی پەیوەندییە نێوخۆییو گشتییەکانی نێوان تەوەرەکان ڕوندەکاتەوە:

| هۆ.لاوەکییەکان / هۆ.سەرەکی | ت. یەکەم | ت.دووەم | ت.سێیەم | ت.چوارەم | ت.پێنجەم | ت.شەشەم | ت.حەوتەم | هۆ.سەرەکی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەوەری یەکەم | 1 | | | | | | | |
| تەوەری دووەم | 0.281**[1] | 1 | | | | | | |
| تەوەری سێ یەم | 0.174** | 0.326** | 1 | | | | | |
| تەوەری چوارەم | 0.169** | 0.248** | 0.250** | 1 | | | | |
| تەوەری پێنجەم | 0.112*[2] | 0.306** | 0.371** | 0.435** | 1 | | | |
| تەوەری شەشەم | 0.385** | 0.311** | 0.261** | 0.197** | 0.378** | 1 | | |
| تەوەری حەوتەم | 0.307** | 0.287** | 0.106* | 0.172** | 0.259** | 0.468** | 1 | |
| هۆ.سەرەکی | 0.545** | 0.562** | 0.529** | 0.529** | 0.638** | 0.718** | 0.724** | 1 |

لەخشتەی (30) سروشتی پەیوەندییە نێوخۆییەکانی نێوان هۆکارە لاوەکیو سەرەکییەکانی تەوەرەکان ڕوون دەبێتەوە، دەردەکەوێت کەپەیوەستێکی بەهێزهەیە لەنێوان تەوەرەکانی پێوەری توێژینەوەکەدا. بەئاستی گومانی (0.01%) ، تەنها پەیوەستی نێوان تەوەری پێنجەم بەیەکەمەوەو تەوەری حەوتەم بە سێ یەمەوە نەبێت بەئاستی گومانی (0.05) هاتووە، واتە ئاستی متمانەی (95%). لەهەمانکاتدا پەیوەست هەیە لەنێوان هۆکارە لاوەکییەکانو هۆکاری سەرەکی بابەتی توێژینەوەکە بەئاستی گومانی (0.01). ئەمەش ئاماژەیە بۆبونی پەیوەستێکی بەهێز.

(1) ئاماژەیە بۆبونی پەیوەستێکی زۆر بەهێز بەئاستی ڕاستگۆیی (99%) و گومانی (0.1%)

(2) ئاماژەیە بۆبونی پەیوەستێکی بەهێز بەئاستی ڕاستگۆیی (95%) و گومانی (0.5%)

**دووەم/ دەرەنجامەکان، پێشنیازو ڕاسپاردەکان:**

**1- پوختەی دەرەنجامەکان:**

1- بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبۆتەوە لەنێو قوتابیانی پۆلی (12) لەشاری هەولێر؛ ئەمەش بەپێی جوگرافیای شوێنی نیشتەجێبوونو ئاستی گوزەرانی خێزانو جۆری قوتابخانە دەگۆڕێت. لەنێو قوتابیانی خێزانە دەوڵەمەندو مامناوەندەکان زیاترە بەراورد بەخێزانە هەژارەکان؛ لەقوتابخانە دواناوەندیە (نمونەییەکان)دا زۆرزیاترە بەراورد بەقوتابخانە ئاساییەکان، لەنێوگەڕەکە هەژارنشینەکاندا زۆرکەمترە بەراورد بەگەڕەکە دەوڵەمەندەکان؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆجیاوازی ئاستی داهاتی خێزانەکان. تائاستی داهاتی خێزانەکان زیاتربێت خەرجی بۆخوێندن زیاتر دەبێت. هەمان ئەنجام زۆرینەی توێژینەوەکانی پێشوو پێی گەیشتوون.

2- ئەو بابەتانەی کەزۆرترین خواستیان لەسەرە، بەشێوەیەکی ڕیزبەندی، بیرکاری لەنێوبابەتە زانستییەکاندا بەپلەی یەکەم دێت، دواتر فیزیاو کیمیا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆبونی یاسابیرکارییەکان، کەپێویستیان بە شیکردنەوەو ڕونکردنەوەی زیاتر هەیە، ئەمەش لەقوتابخانەی فەرمی بەپێی پێویست گرنگی پێنادرێت. لەزمانەکانیشدا ئینگلیزی بەپلەی یەکەم دێت، ئەویش لەبەربونی ڕێزمانێکی ئاڵۆز، زۆربەی مامۆستاکانیش زیاتر جەخت لەسەر ڕێزمان دەکەنەوە، نەك توانای زمانەوانیو ئاخاوتن. دواتر زمانی عەرەبی، هەریەك لەزیندەوەرزانیو زمانی کوردی لەڕیزبەندی کۆتاییدان.

3- هۆکارەکانی پەنابردن بۆ مامۆستای تایبەت زۆروجۆراوجۆرن، پەیوەستن بە کۆمەڵێك هۆکاری بەیەکدا چوو، دەکرێ بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکەین:

**ا- هۆکارەکانی تایبەت بەقوتابی:**

- لەکاتێکدا تیۆری وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی جەخت لەسەر بەدەستهێنانی توانا مرۆییەکان دەکاتەوە لەڕێگەی خەرجی بۆ (خوێندنو ڕاهێنانو چاودێری تەندروستی)، زۆرینەی قوتابیانو خێزانەکان یەکێك لەهۆکارەکانی پەنابردن بۆمامۆستای تایبەت دەگێڕنەوە بۆئەوەی لەڕوی سەرمایەی مرۆییەوە منداڵەکانیان بگەنە کۆلێژە کۆنمرە بەرزەکان، لەداهاتودا ببن بەکەسی وەبەرهێنو توانای پیشەییو ئابورییەکانیان لەئاستێکی بەرزدابێت، پەنادەبەن بۆ ئەوجۆرە لەوانەی تایبەت؛ ئەگەرچی خەرجییەکی زۆریشی تێ بچێت، بەڵام لەداهاتودا پێشبینی دەکرێت،

ئەوخەرجییە قەرەبووبکرێتەوە بەزۆرترین داهات بەهۆی گرنگیدان بەخوێندنەکانیانەوە بگەن بەوئامانجانەی کە هەوڵیان بۆی داوە. ئەمەش گریمانەکانی ئەو تیۆرە پشتڕاست دەکاتەوە.

- قوتابیان بۆئەوەی شێوازی پرسیارەکانیان دەست بکەوێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ (بۆنمونە مامۆستا یان سەرپەرشتیار هەیە دەڵێ ئەم پرسیارانە زۆرگرنگن ڕەنگە بێتەوە، ئەمە ناڕاستەوخۆیە، بەڵام مامۆستا یان سەرپەرشتیاریش هەیە ڕاستەوخۆ دەڵێت ئەم پرسیارە دێتەوە). هەندێك لەتوێژینەوەکانی پێشو بەم ئەنجامە گەیشتبوون. هەندێك لەقوتابیانو سەرپەرشتیارانیش ئاماژەیان بەهەمان هۆکار کردووە لەم توێژینەوەیەدا.

- قوتابیانو خێزانەکانو تەنانەت مامۆستاو سەرپەرشتیارەکانیش لاسایی یەکتری دەکەنەوە. ئەگەرچی قوتابیان کەمتر ئاماژەیان پێدەکرد، بەڵام بەپێی ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانمان لەگەڵ چینوتوێژەکاندا لاسایی کردنەوە ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە بڵاو بونەوەی دیاردەکەدا.

- هەندێك لەقوتابیان بەهۆی بێ ئاگایی لەکاتی شیکردنەوەی وانەکانو داخوازی باوانیانو ترسیان لەتاقیکردنەوەکان؛ ڕاهاتنیان هەرلەمنداڵییەوە لەسەرکەسانی ترو ڕێکنەخستنی کات، پەنادەبەن بۆگرتنی مامۆستای تایبەت.

**ب- هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستایانی تایبەت:**

- مامۆستایانی تایبەت ڕۆڵی سەرەکیان هەیە لەبڵاوبونەوەی دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت لەنێو قوتابیاندا لەشاری هەولێر، لەبەرئەوەی زۆرترین هەوڵی خۆیان دەدەن بۆئەوەی متمانەی قوتابیان بەدەست بهێنن، لە چوارچێوەی دەربڕینی هەستی نەرمو نیانیو شیکردنەوەی وانەکانو گوێگرتن بۆ پرسیارەکانی قوتابیو وەڵامدانەوەی بەشێوەیەك کە جێگای ڕەزامەندی قوتابی بێت. لەکاتێکدا ئەم جۆرە کەشو هەوایە لەقوتابخانەی فەرمی بۆقوتابیان ناڕەخسێنێت، مامۆستا بەشێوەیەکی وشك مامەڵە لەگەڵ قوتابییەکانیدا دەکات. هەندێکیشیان هەوڵی کەمکردنەوەی پرۆگرام دەدەنو هەوڵی ئەوە دەدەن زۆرترین قوتابی مامۆستای تایبەت بگرێت، بەهۆی ئاڵۆزکردنو قورسکردنی وانەکانو وتنەوەی بەشێکی وانەکەو ئاڵۆزکردنی بەشەکەی تری، لەهەمانکاتیشدا دیاردەکە قۆرخ دەکەن بۆمەبەستی سودی تایبەتی خۆیان، لەسەر پیشەکەیانو ژیانی خەڵکی ترەوە.

**پ- هۆکارەکانی تایبەت بەمامۆستایانی قوتابخانەی فەرمی:**

هەندێك لەمامۆستایانی قوتابخانەی فەرمی وانەکان ئاڵۆزدەکەنو قوتابیان هاندەدەن بۆگرتنی مامۆستای تایبەت، لەبەرئەوەی هەمان ئەومامۆستایانە لەدەرەوەش مامۆستای تایبەتن، بۆئەوەی

زۆرترین قوتابی ڕویان تێبکات، جاریواش هەیە مامۆستاکە هەست دەکات توانای زانستی لەئاستی پێویست نییەو حەزیش دەکات قوتابییەکانی نمرەی بەرز بەدەست بهێنن ناچار دەبێت بەوئاراستەیەدا بیان بات.  هەندێك لەمامۆستایان وانەکانیان شیناکەنەوە بەڵکوزیاتر جەخت لەسەر بەڕێکردنی کات دەکەنەوە، کاتی وانەکانیان دەکوژن، بەم هۆیەشەوە قوتابیان لەومامۆستایانە تێناگەن، ناچاردەبن پەنا بۆمامۆستای تایبەت بەرن. کەمی موچەی مانگانە زۆرگرنگەو سەرجەم چاوپێکەوتنەکان یەکەم هۆکاری بڵاوبونەوەی وانەی تایبەت لەلایەن مامۆستایانەوە دەگێڕنەوە بۆکەمی موچەی مانگانەو قورسی بژێوی ژیان.

کە مامۆستا ئاستی بژێوی باش نەبو ناچاردەبێت بۆپڕکردنەوەی ئەوکەلێنە ڕێگەو شێوازی تر بگرێتەبەر، بەهۆی وانەی تایبەتییەوەبێت، یاخود جوتیاریو دوکانداریو کارکردن وەك شوفێری تاکسی...ئەمەش سەرقاڵی دەکاتو ناتوانێت مافی تەواوی وانەکانی بدات لە قوتابخانە. ڕاهێنانی پیشەیی لەئاستی پێویست نییەو نەتوانراوە مامۆستایان پەروەردەیەکی تۆکمە بکرێن کە لەڕوی پیشەییو ویژدانوهەستکردن بەبەرپرسیارێتی لەئاستی پێویست بن. هەندێك لەمامۆستایان وانەی تایبەت بەوقوتابیانە دەڵێنەوە کە لەقوتابخانەی فەرمی وانەیان پێ دەڵێن، لەکاتێکدا ئەمە لەڕوی ئاکاری پیشەییەوە لادانە. سەرپەرشتیارانی پسپۆڕ زۆربەیان سەرقاڵن بەوتنەوەی وانەی تایبەتەوە؛ لەکاتێکدا پێویستە بەشێلگیرانە بەدواداچوون بۆئەنجامو کاریگەری کرداری پەروەردە و فێرکردن بکەن لەقوتابخانەکاندا، ئەمەش وایان لێدەکات چاوپۆشی لە کەموکورتییەکانی وانە وتنەوە لەقوتابخانەکاندا بکەن بۆئەوەی زۆرترین داخوازیکاریان هەبێت.

**ت- هۆکارەکانی تایبەت بە سیستمو پرۆگرامەکانی خوێندن:**

بابەتەکانی خوێندن زۆرن، مامۆستا ناچار دەبێت بەخێرایی بەسەریاندا بازبدات؛ قوتابی ناتوانێت بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە لێیان تێبگات. پرۆگرامەکانی خوێندن قورسن، لەئاستی توانای هزریو زانین و سایکۆلۆژییەکانی تەمەنی قوتابیدانییە. پرۆگرامەکانی خوێندن بەردەوام لەگۆڕاندان، تەنانەت مامۆستاکانیش لێیان تێك دەچێت، ئەم گۆڕانکاریانە قوتابی بێزاردەکات. ئەو کاتەی بۆوانەکان دیاریکراوە کەمە بەشی ئەوەناکات مامۆستا بەجوانی وانەکان شیبکاتەوە مافی هەربابەتێك بەسەرکەوتویی بدات. لەکاتێکدا جیاوازییە کەسییەکان بابەتێکی زانستییەو لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام لەدانانی پرۆگرامەکانو وتنەوەی وانەکاندا گرنگی بەوجیاوازییە نەدراوە. پرسیارەکان قورسنو لەتوانای هزری و ژیرییەکانی قوتابیاندانییە، مەرجی نمرەی بەرز هەموشتێکەو بووە بەهۆی دروستکردنی کێبەرکێ؛ قوتابیان زۆرترین هەوڵی خۆیان دەدەن لەڕێگەی گرتنی مامۆستای تایبەتەوە. سیستمی خوێندن لەئاستی پێویستییە فێرکارییەکاندا نییە،  ئەوە چەند

ساڵێکیشه لەگۆڕانێکی بەردەوامدایە. کەرتی پەروەردەش وەك سەرجەم کایەکانی تر، بەهۆی بونی گەندەڵییەوە پێویستییە فێرکارییەکان دەستەبەرناکات، ڕێنماییەکان وەك خۆیان جێ بەجێنابن، بەهۆی ئەوەی کەسە شیاوەکان لەجێگای خۆیان دانانرێن، لەبەرئەوە خوێندنی گشتی لاوازدەبێتو خەڵکیش ناچاردەبن، پەنا بۆکەناڵە نافەرمییەکانی تری خوێندن ببەن.

**ج- هۆکارەکانی تایبەت بەقوتابخانە:**

هەندێك لەقوتابخانەکان زۆرقەرەباڵغن، بەهۆی چڕی دانیشتوان، یان بەهۆی ناوبانگی قوتابخانەکەوە؛ بەم هۆیەشەوە قوتابیان بەجوانی لەوانەکان تێناگەن. دانانی مامۆستای ناپسپۆڕ بۆبابەتەکان لەهەندێك لەقوتابخانەکاندا، لەئەنجامدا مافی تەواوی پێویست بەبابەتەکان نادرێت. لاوازی خوێندن لەقوتابخانەکاندا، ناتوانن بونی خۆیان بسەلمێنن لەبەرامبەر کرداری وانە وتنەوەی تایبەتو خوێندنی تایبەتدا. ژینگەی سەرنجڕاکێش لەبینایەوە بیگرە تاکو مامەڵەکردنی مامۆستاو گۆڕەپانی یاریو گرنگی نەدان بەو بابەتانەی کە فشارەکانی قوتابی کەم دەکاتەوە. زۆری پشووەکان لەساڵداو دابڕانی قوتابی بەهۆی ئەوپشووە زۆرانەوە بەدوای یەکدا، ئەو ڕۆژانەشی دەکەونە نێوان پشووەکانەوە قوتابیان ناچن بۆخوێندن. کەمی خولی بەهێزکردن لەلایەن قوتابخانەی فەرمییەوە. نەبونی چاودێری بۆمامۆستاوئەنجامەکانی وادەکات کرداری وانە وتنەوە ئیفلیج ببێت، لەبەرئەوە بونی سزا زۆرگرنگە بۆئەومامۆستایانەی کە کەمتەرخەمنو گرنگی بەوانەکانیان نادەن. لەبەرامبەردا ئەومامۆستایانەی کە بەرێکوپێکی وانەکانیان دەڵێنەوەو ئەنجامێکی باشیش پێشکەش دەکەن پاداشت بکرێن. لەگەڵ ئەوانەشدا، لەهەندێك قوتابخانە کەمی مامۆستا کرداری وانە وتنەوە دوادەخات، یاخود پەکی دەخات، ئەمەش قوتابی ناچاردەکات پەنابۆلای تربیات بۆپێویستییە فێرکارییەکانی. لەبەرئەوە <u>تاچۆنایەتی خوێندن لەقوتابخانەکاندا باشتر ببێت، دیاردەی وانە وتنەوەی تایبەت کەمتردەبێتەوە.</u>

**چ- هۆکارەکانی تایبەت بەخێزان:**

خێزانەکان بۆئەوەی منداڵەکانیان نمرەی بەرز بەدەستبهێنن، زۆرترین هەوڵی خۆیان دەدەن بۆئەوەی منداڵەکانیان لەبەرزترین کۆلێژ وەبگیرێن؛ تاکو گوزەرانی خێزانەکان باشتربێت دیاردەی هەوڵدان بۆباشترکردنی ئاستی خوێندنی منداڵەکانیان زیاتر دەبێت، ئەمەش وادەکات هەوڵی گرتنی مامۆستا باشەکان بدەن بۆمنداڵەکانیان. سەرەڕای ئەوەی هەندێك هۆکاری تری وەك: نەبونی متمانە بەمامۆستاکانی قوتابخانە و ڕێگەکانی وانە وتنەوە، لاسایی کردنەوەی خێزانەکانی تر، نازپێدانی زیادە بەمنداڵەکانیان، خۆلادان لەهەستکردن بەخۆبەکەمزانین، خۆهەڵکێشانی خێزانەکان،

بۆخۆجیاکردنەوە لە چینەکانی تری کۆمەڵگە، فەرامۆشکردنی منداڵەکان لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەدا. ئەمانە تاڕادەیەك کاریگەریان هەیە، واتە لەخێزانێکەوە بۆخێزانێکی تردەگۆڕێت.

**4- ڕەنگدانەوەکۆمەڵایەتییەکانی ئەم دیاردەیە لەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی:**

ئەم دیاردەیە بووە بەبارێکی قورسی دارایی بەسەر خێزانەکانەوە، لەهەندێك حاڵەتدا، پڕوکێنەرە، لەزۆربەی بارەکانیشدا چارەسەرنییە. زۆرینەی هاوڵاتیان متمانەیان بە خوێندن نەماوە لە قوتابخانەی فەرمی، خوێندنی فەرمی لاواز دەکات؛ ئەمەش دەبێتە هۆی کێشاوی کردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، لەبەربوونی دووجۆر لەشێوازی خوێندن قوتابیان لێیان تێك دەچێت، بەوهۆیەشەوە قوتابی فشارێکی زۆری دەرونی بۆدروستدەبێت؛ لەبەرئەوەی بەدرێژایی ساڵ لەپشوی هاوینو ڕۆژە پشووەکانیش دەخوێنن، کاتە خۆشییەکانی کەم دەبنەوە یاخود هەر نامێنن بەهۆی خوێندنی لە دووشوێنی جیاواز. پەیوەندییەکانی خێزان لە بۆتە دەداتو دەبێتەهۆی دروستکردنی فشاری کۆمەڵایەتی لەسەر خێزانەکان، هاوکات فشارێکی دەرونی زۆر بۆ باوان دروست دەکاتو توشی دڵە ڕاوکێ دەبن.

بەهۆی بونی مامۆستای تایبەت قوتابی ئەرکەکانی قوتابخانە فەرامۆش دەکاتو توشی جۆرێك لەخۆبایی بوون دەبن، پەنابردن بۆمامۆستای تایبەت قوتابی والێدەکات پشت بەخۆی نەبەستێت، لەبەرامبەردا هەستی خۆبەکەمزانین دروست دەبێت. دەبێتەهۆی دروستکردنی چینایەتی لەنێو قوتابیاندا، لەبەرئەوەی بەشێکیان توانای گرتنی مامۆستای تایبەتیان هەیەو بەشێکیشیان توانایان نییە، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی یەکسانی هەلی خوێندن نەهێڵێت. وێنەی خۆڕایی بونی خوێندن دەشێوێنێت بەهۆی خەرجییە زۆرەکانی وانەی تایبەتەوە. لەبەربونی هەندێك ڕەفتاری ناپەروەردەیی لەلایەن هەندێك مامۆستای تایبەتەوە، دەبێتە هۆی شێواندنی ئاکاری پیشەیی مامۆستاو لەکەدارکردنی کەسایەتییان. کاریگەرییەکانی لەسەر هێنانی نمرەی بەرز دەوەستێتەسەر تواناکانی مامۆستای تایبەتو ئاستی وەرگرتنی قوتابی.

لەکۆتاییدا ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بەبەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە، لەبەرئەوەی پەروەردەو فێرکردن بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو تۆکمەیەو هەرکەموکورتییەك لەوکەرتەدا دەبێتە هۆی تێکچونی شیرازەی کۆمەڵگەو هاوبەستەیی کۆمەڵایەتی لەناو دەباتو دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێرپرسیارەوە.

